# مێژووی رووناکبیریی

# فەڕەنسا

وەرگێران و ئامادەکردنی

جەمال نەجاری

بۆزانسۆن- فەڕەنسا

2013

●ناوی کتێب: مێژووی رووناکبیریی فەڕەنسا

● وەرگێڕانی : جەمال نەجاری

● بەرگ ودیزاینی ناوەوە: ئالا - م کۆنەپۆشی

● وێنەی سەر بەرگ Le Penseur de Rodin

● بڵاوکراوەی دەستگای مێدیایی هەولێر

● چاپخانەی رۆشنبیری- هەولێر

● تیراژ: 1000 دانە

● چاپی یەکەم: 2015

●لە بەرێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (536)ی ساڵی (2015)ی پێدراوە.

ئەو بەرهەمە پێشکەشە؛
بەو کەسانەی لە پێناو گەیشتن بە راستی و حەقیقەت هەمیشە لە بەرەی خەڵک دەوەستن.

## پێشەکیی وەرگێڕ؛

خوێندنەوە و تێرامان لە مێژووی رووناکبیریی فەرەنسا و رووناکبیرانی ئەم وڵاتە قسە و باسی زۆر هەڵدەگرێت، لەبەر ئەوەی وشەی «**intellectuel**» وشەیەکی فەرەنسییە و لە زمانی فەرەنسییەوە گوازراوەتەوە بۆ ناو زمانەکانی دیکە.

دەتوانین بڵێین رووناکبیرانی فەرەنسا رۆڵی گرنگیان لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەی خۆیان لە بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و رووناکبیرییەکاندا گێراوە و رای و بۆچوونی ئەوان بۆتە سەرچاوەی و ژێدەری لێکۆڵەران لە بوارە جیاجیاکاندا، کە واتە باسی رووناکبیریی راستەوخۆ دەبەسترێتەوە بە رووناکبیریی فەرەنسی و بەبێ باسکردنی مێژووی رووناکبیری و چۆنییەتی سەرهەڵدانی ئەم چەمکە لە فەرەنسا باسەکە ناتەواوە، بۆیە بەرلەهەر شتێک پێویستە مێژووی رووناکبیریی فەرەنسا و رۆڵی رووناکبیرانی ئەم وڵاتە لەسەر پرسە جۆراوجۆرەکان بخرێتەڕوو، لەسەردەمی شەڕدا رووناکبیرانی فەرەنسا دەوری کاریگەرییان هەبوو و شۆرشی مەزنی فەرەنسا خۆی بە قەرزداری ئەو رووناکبیرانە دەزانێت، ئەوان هەرکام بە شێوەیەک بوونە قوتابخانەیەکی رووناکبیریی و بە چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب و گۆڤار و رۆژنامەکانیان، بیر و راکانی خۆیان لەسەر پرسە جیاجیاکان بۆ رای گشتی بڵاودەکردەوە و بەم چەشنە رۆڵی گرنگیان لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر و بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگەی فەرەنسیدا هەبووە.

(رووداوی دریفوس) دەسپێکی سەرهەڵدانی بزاڤێکی رووناکبیری بوو لە وڵاتی فەرەنسا و رووناکبیران لەوکاتەوە تا ئەمڕۆ رۆڵی گرنگیان بینیوە و رووناکبیریی فەرەنسا بۆتە هەوێنی پێشکەوتنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و رووناکبیرییەکان لە ئوروپادا.

ئەگەرچی لەسەرەتاوە ڕووناکبیرانی فەڕەنسا حەز و مەیلی زۆریان بۆ شۆڕشی ڕووسیا و بیری چەپ هەبوو، بەڵام بەرە بەرە ڕووناکبیرانی فەڕەنسا ڕێگای خۆیان دۆزییەوە و بوونە خاوەنی بیرێکی چەپی سەربەخۆ و بەشی هەرە زۆریان لە دژی سیاسەتەکانی یەکێتی سۆڤییەت «شۆرەوی» وەستانەوە.

هەروەها ڕووناکبیرانی فەڕەنسا ڕۆڵی کاریگەرییان لەسەر کۆتاییهێنان بە داگیرکاری وڵاتان بەتایبەتی داگیرکاری لەلایەن فەڕەنساوە هەبوو و بەشی هەرەزۆریان ڕاستەوخۆ پشتیوانیان لە سەربەخۆیی و دیموکراسی و ئازادیی ئەو وڵاتانە کرد کە ساڵانێکی زۆر فەڕەنسا دەستی بەسەردا گرتبوون.

ساڵی 2011 ژیانی نوێم لە فەڕەنسا وڵاتی ئەدەب و فەلسەفە و ڕووناکبیری دەستی پێکرد. تێکەڵبوون بە کۆمەڵگەی فەڕەنسی زیاتر هانیدام بچمە ناو بابەتە ئەدەبی و ڕووناکبیرییەکان، ناوە ناوە خۆم بە خوێندنەوەی بواری ڕووناکبیریی فەڕەنساوە سەرقاڵ دەکرد، لەگەڵ ئەوەی هێشتا بە باشی لە زمانی فەڕەنسا ڕانەهاتبووم، زۆربەی ئەو سەرچاوانەی کە دەمخوێندەوە بە زمانی فارسی بوون، بەڵام چونکە تا ڕادەیەک ئاشنایەتیم لەگەڵ زمانی فەڕەنسی پەیدا کردبوو، بۆ هەر بابەتێک دەگەڕامەوە سەر دەقە سەرەکییەکان و شتی زیاترم لە دەقە فەڕەنسییەکە وەردەگرت، لە کاتی وەرگێرانی سەرچاوە فارسییەکان و یاداشت هەڵگرتنەوە لە سەرچاوە فەڕەنسییەکان، بیرم لەوە کردەوە هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە مێژووی ڕووناکبیریی فەڕەنساوە هەیە، لە دووتۆی کتێبێکدا بیانگونجێنم، هەم بۆ زیاتر ناسینی ڕووناکبیریی فەڕەنسا بە کۆمەڵگەی کوردستان و هەمیش ببێ بە سەرچاوەیەکی گرنگ و زانستی لە کتێبخانەی کوردیدا.

لە کاتی وەرگێرانی ئەو بابەتانە بۆسەر زمانی کوردی بە سوودوەرگرتن لە ئەنتەرنێت و کتێبخانەی فەڕەنسی کۆمەڵێک زانیاری ورد و جێی سەرنجم بە

سەرچاوە فارسییەکان زیادکرد، هەروەها وێنەی بەشێکی زۆر لەو رووناکبیرانەم لە بەشی فەڕەنسی ویکیپیدیا وەرگرتووە. کتێبی (مێژووی رووناکبیریی فەڕەنسا) تەنیا گۆشەیەکی بچووک لە رووناکبیریی فەڕەنسا دەخاتە بەرچاوی خوێنەری کورد و دەبێ زۆر لەوە زیاتری لەبارەوە بنووسرێت. هیوادارم ئەو بەرهەمە سوودی بۆ خوێنەر و جێی رەزامەندی چینی خوێندەواری کۆمەڵگەی کوردستان بێت و هیواش دەخوازم بتوانم لە بەرهەمەکانی دهاتووادا چڕتر و وردتر کار لەسەر چەمکی رووناکبیری —بە واتا گشتییەکەی- بکەم.

لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانم سپاسی هەر دوو بەرێزان کاک **ئاریان فەرەج**، خاوەن ئیمتیاز و کاک **سالار عوسمان** سەرنووسەری دەستگای مێدیایی هەولێر بکەم کە لە چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبەدا یارمەتیاندام، هەروەها سپاسی بێ پایان بۆ هاورێم کاک **ئاڵا - م کۆنەپۆشی** دەکەم کە زەحمەتی دیزاینی بەرگ و ناوەوەی وەستۆ گرت و پێوەی ماندوو بوو.

**جەمال نەجاری**

2015/08/06 هەولێر

## وشەی رووناکبیر لە چییەوە هاتووە؟

"ڕووناکبیر" لە وشەی «intellectuel» ی فەڕەنسی وەرگیراوە، لە فەڕەنسا سەریهەڵداوە و لە ڕۆژاوا پەرەی سەندووە و پاشان هاتۆتە ناو ئەدەبیاتی وڵاتانی ڕۆژهەڵات. کۆمەڵگەی کوردیش بەشێکە لە ڕۆژهەڵات و پاش ماوەیەک ئەم وشەیە هاتە ناو ئەدەبیاتەکەی و وشەکانی "ڕووناکبیر" و "ڕۆشنبیر" و "جیابیر" جێی خۆیان لەناو زمان و ئەدەبیاتی کوردیدا کردۆتەوە.

**ڕووناکبیریی** لە زمانی ئینگلیزیدا «Intellectualism» و لە زمانی فەڕەنسیدا «Intellectuelité » و لە زمانی لاتیندا «Intelligere» بە واتای جیاکردنەوەی دوو شت لە یەکتری دێت. هەر بەم هۆیە وەک ڕۆحی ڕەخنەگر و جیاکەرەوە ناسراوە.

«intellectuel» لە زمانی فەڕەنسیدا بە واتای "هزری" و "فیکری" و "عەقڵانی" بەکار دێت، بە کەس یان کەسانێک دەگوترێ لە دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتیدا لە بەرانبەر کاری جەستەییدا بە کاری هزرییەوە خەریکن. لە کاتێدا ڕووناکبیر هەڵگری ئەو خاڵە پۆزەتیڤەیە کە «ڕووناک-بیری» وەک پێش مەرجی ئەنتێلێکتوالبوونەکەی «هزری» بەکار دێنێت.

لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات لەسادەترین پێناسەدا بۆ ڕووناکبیر بە کەسێک دەگوترێ کە کەڵک لە بیر و هزری خۆی وەردەگریت؛ بەڵام شیکردنەوەی واتایی بەرفراوانە.

لەگەڵ ئەوەی ئەم وشەیە کەس یان کەسانێکی تایبەت واتە خوێندەوار لە ئاستی باڵادا لەخۆ دەگرێت، بەڵام زۆر جاریش بە شێوەی گشتی کەسانێک دەگرێتەوە کە خوێندنی باڵایان تەواو نەکردووە بەڵام لە ڕووی تێگەیشتن و داهێناندا لە ئاستێکی بەرزدان و کۆمەڵگە پێیان دەڵێت ڕووناکبیر.

له هەر دوو کۆمەڵگەی رۆژهەڵات و رۆژاوا رووناکبیران  بە شێوەی گشتی بە سەر دوو گرووپدا دابەش دەبەن؛ «رووناکبیرانی ناو دەسەڵات» و «رووناکبیرانی دەرەوەی دەسەڵات». لە ناو رووناکبیرانی فەڕەنساشدا کەسانێک لەهەر دوولا هەبوون و ئێستاش هەن، بەڵام ئەوانەی لە دەرەوەی دەسەڵات و سەربەخۆ بە کاری رووناکبیرییەوە سەرقاڵ بوون ژمارەیان لەوانەی لەناو دەسەڵاتدا بوون و سیاسەتی دەسەڵاتیان پەیرەو و جێبەجێ دەکرد، زیاتر بوو. هەروەها کاریگەری گرووپی دووهەم زۆر بەرچاو و هومێدبەخش بوو لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەی فەڕەنسی. ئەم کتێبە هەوڵ دەدات بە گشتی تیشک بخاتە سەر رۆڵ و چالاکی ئەو رووناکبیرانەی دەوری کاریگەرییان لە رووداوەکاندا هەبوو و بیر و ڕایان دەخاتە روو.

لە سەرەتادا بە شێوەیەکی گشتی باس لە رووناکبیرانی فەڕەنسا دەکرێت و پاشان ژیان و بەسەرهات و بیر و ڕای چەند رووناکبیری بەناوبانگی فەڕەنسا سەبارەت بە شیکردنەوەی چەمکی رووناکبیر دەخرێتە روو و دواتر لە بەشەکانی دیکەدا بە تێر و تەسەلی باس لە چالاکییەکانیان دەکرێت.

# ڕووناکبیرانی فەڕەنسا

لە سەدەی هەژدە بەملاوە، پانتایی گشتی لە فەڕەنسا بە شێوەیەک بەرهەمهێنەری کولتووری خۆی دەردەخات کە خاوەنی هێزێکی سیمبۆلێک و هێمادارە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک هونەر و ئەدەبیات و زانستە مرۆییەکان و زانستە سیاسییەکان و زانست بە مانا گشتییەکەی.

دوابەدوای ڕوودوای دریفوس «Dreyfus affair » و ریسوایی قەزایی، کۆماری سێهەمی لە ساڵی 1900 وەجووڵە خست کە دواتر بەم بەرهەمهێنەرە کولتوورییە گوترا «ڕووناکبیر».

ڕووناکبیر بەرهەمهێنەریکی کولتووریی بەرپرسیارە «engaged»، پسپۆرێک کە هەڵوێستە سیاسی و ڕەوشتییەکانی خۆی لەگەڵ پرۆژە زانستی و کولتوورییەکان یەک دەخات. بەرپرسایەتیی سیاسی ڕووناکبیر لەوانەیە گرێدراو بێت بە دەربڕینی ئاشکرای بەرژەوەندییە ڕەواکانی خەڵک، گەڕانەوەی بایەخە دیموکراتیکەکان، جیهانداگیری کۆماری، یان مەحکوومکردنی جۆرەکانی نادادپەروەری کۆمەڵایەتی بێت.

بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ڕووناکبیرانی فەڕەنسی لەسەدەی بیستەمدا، دەبێ پەیوەندی نێوان ئەندێشەکانی ڕووناکبیران و پانتایی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوان لەبەر چاو بگرین، هەروەها دەبێ لایەنەکانی مێژوویی هەڵسەنگێنین و بە بێ ئەوان بە دژواری لە مێژووی ڕووناکبیریی فەڕەنسا دەگەین.

لەم لایەنەوە، بە مەبەستی تێگەیشتن لە بایەخی کولتووری قۆناغی 1898 «دەسپێکی ڕووداوی دریفووس» تا 1984 «مەرگی فۆکۆ» بە پێویست دەزاندرێت کە ئەم قۆناغە زێڕینە تەمەن کورتەی ڕووناکبیریی مۆدێرنیزمیی فەڕەنسی لە ڕوانگەی مێژووییەوە لەبەر چاو بگرین.

هەڵبەت سەردەمێکی زێڕینی دیکە، واتە قۆناغی ڕۆشنگەری « l’âge des lumières» بوو. کاتێک کە ڕووناکبیریی مودێرن لەدایک بوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بە درێژایی سەدەی هەژدەیەم، بەستێنێکی گشتیی جیاواز و لێک جیا دژی دەوڵەتی ڕەها و سیستەمی پیاوانی ئایینی خۆی دەرخست، بارودۆخی ڕووناکبیرانێک کە پاش یەک سەدە دوای شۆڕشی فەڕەنسا هاتنە مەیدان، چ بوو؟ پیش ئەوەی بچینە سەر باسی ڕووناکبیرانی فەڕەنسا لە سەدەی بیستەمدا، دەبێ ئاماژە بۆ مێژووی بێ ناوبژیوانی ڕووناکبیرانی مودێرنیزم بکەین کە ئێمیل زۆلا نموونەی بەرچاوێتی.



« ڤیکتۆر هۆگۆ 1802-1885»

بە دڵنیایی ئەم ڕوانگەیە کە ژیانی ڕووناکبیریی فەڕەنسا لە سەدەی نۆزدەیەمدا لە بەراورد لەگەڵ رابردووی بێ مەودای خۆی و وڵاتانی دیکەی ئۆروپایی، جموجۆڵی و گەرموگوڕی کەمی پێوە دیاربوو، بە شێوازی جۆراوجۆر پێویستی بە بە چاکسازییەک هەبووە.

به درێژایی سەدەی نۆزدەیەم، گروپێکی گرنگ لە بەرهەمهێنەرانی ئەدەبی خۆڕسک، وەک «ڤیکتۆر هۆگۆ Victor Hugo» بوونیان هەبوو کە هەم ئەستێرەی گەشی بواری ئەدەب بوون و هەروەها وەک چالاکڤانی سیاسی ناسراو رۆڵیان هەبوو.

کەوابوو، ئەگەرچی رەگ و ریشەی زۆربەی هەرە زۆری رەوایەتی کۆماریخوازانە و ئوستوورەکانی پێکهێنەری سیاسەتە نەتەوایەتییەکان دەچوونەوە سەر شۆرشی فەڕەنسا، بەڵام دەسکەوتەکانی لێکۆڵینەوە و شرۆڤەی بەرهەمهێنەرانی ئاکادمیکی دیکە، هەر وا بە واتایەکی روون و دیار، بەهۆی سەرکەوتنی رکابەرە ئاڵمانییەکانیان، بچووک پیشان دەدرا.

لە ماوەی سەدەی نۆزدەیەمدا و بە هۆی بوونی ئینتیمای ناسیونالیستی لە ئوروپا، هاوردەیەکی بەربڵاو لە بەرهەم و پێوەرە ئاکادمیکەکانی ئاڵمانیا بۆ فەڕەنسا دەستی پێکرد، کە پێکهاتبوو لە فەلسەفەی ئایدیالیزمی دەسەڵاتدار بۆ شێوازە ئاڵۆزەکان لە زمانناسیی مێژوویی تا دەگاتە شێوازە زانستی و پسپۆرانە و تەواو، کە لەسەر پێوانەیەکی باڵا لە دابەشکردنی کار بەرهەم هاتبوو. ئەو پرۆسەیە تا دوای شەڕی جیهانیی دووهەم درێژەی هەبوو، واتە کاتێک کە زۆربەی رووناکبیرانی فەڕەنسا بە شادمانی لەگەڵ بەرهەمەکانی هێگل و مارکس و نیچە و هوسرێل و فرۆید و هایدیگەر بەرەوروو دەبوونەوە.

هۆکاری سەرەکی لاوازیی رێژەیی ژیانی ئاکادمیکی فەڕەنسی لە سەدەی نۆزدە و نیوەی سەدەی بیستەمدا، نەبوونی رێکخراوە بەهێز و خودموختارەکانی خوێندنی باڵا بووکە لە پێش 1968دا، واتە کاتێک کە کۆلێژە سوننەتییەکان ئاڵوگۆڕییان بەسەردا هات و بوونە زانکۆی پێشکەوتوو، هێشتا پێک نەهێندرابوو.

هاوکات لەسەدەی نۆزدەیەمدا، چینی خوێندەواری ناو زانکۆکان و رووناکبیرانی بۆرژوای ئاڵمانیا «Bildungsbürger» کە خاوەنی پێگەی خۆیان بوون و ناوەندێکی گرنگ و بەسوودی وەک "زانکۆی هۆمبۆلت" یان هەبوو، کۆلێژەکان «facultés» و قوتابخانە «écoles» فەرەنسییەکان، هەراوی سیستەمی پێشنەکەوتووی قوتابخانە سەرەتاییەکان یان دواناوەندییەکان بوون تا ئەوەی کە درێژەپێدەری سیستەمی خودموختاری لێکۆڵینەوەی رێک، ئاستی خوێندنی سەرووی بکالۆریا «لیسانس» و زانستی لێکۆڵینەوەی بێ خەوش و رەسەن بێت.

بە درێژایی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، زانکۆکان کە رەگ و ریشەیان بە گشتی بۆ پێش شۆرشی فەرەنسا دەگەرێتەوە، لە بنەرەتدا وەک بڵاوکەرەوەی بروانامەکانی زانکۆ «بکالۆریا و ماستەر» رۆڵیان دەبینی، بەڵام پرۆگرامێکی گشتگیریان سەبارەت بە راهێنانی ئاکادمێک نەدەخستە روو، چ بگا بەوەی کە لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ ئەنجام بدات. قوتابخانەکان «écoles» لە بەرانبەر دەسکەوتەکانی شۆرشی فەرەنسا درووست بوون.

قوتابخانەی نۆرمال سوپەریور- ساڵی 1794 دامەزراوە

هەر چەند حکومەتی کۆماریخواز ئەم قوتابخانانەی بە مەبەستی بەرهەمهێنانی بوروکراتەکان و مامۆستایانی حکومی زۆر پسپۆر پێکهێنا، بەڵام هیچ کام نەیدەتوانی لە هەمبەر نەبوونی بەرهەمە ئاکادمییە گرنگ و لێکۆڵینەوە شیکارییەکان لە زانکۆکان پێکهێندرا بێت. لەگەڵ بایەخێکی لەرادەبەدەر و ئەو بەڵێنە درەوشاوانەی وەک کار لە لایەن ئەم قوتابخانانەوە بە دەرچووەکان دەدرا «هێشتاش هەر بەردەامن لەسەر بەڵێنەکانیان»، مەبەستی سەرەتایی گشتیان بەجێگەیاندنی خواست و نیازەکانی دەوڵەت و بەرهەمهێنانی فەرمانبەرانی داهاتووی دەوڵەت بوو. تەنانەت لە ناو باشترین و بەناوبانگترین قوتابخانەکاندا، واتە قوتابخانەی «نۆرمال سوپەریور **École normale supérieure**» زیاتر بۆ راهێنان و بەرهەمهێنانی مامۆستایانی بواری فەلسەفە هەوڵی دەدا، تا ئەوەی خۆی بە بەرهەمهێنانی داهێنەرانەی بەرهەمە ئاکادمیکە سەربەخۆکانەوە سەرقاڵ بکات.

لەمڕووەوە جێگەی بایەخ پێدانە ئاماژە بکەین کە لە ماوەی سەدەی نۆزدەیەم و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، ژمارەیەکی بێ بایەخ لە بەرهەمهێنەرانی سیمبۆلیک و هێمایی، لە دەرەوەی رێکخراوەکانی خویندنی باڵا و ناوەندی فێرکاریی ئاکادمیکی سوننەتی» وەک سۆربۆن و ئاکادیمیای فەڕەنسا» هەبوون. شوێنی مودێرنیستی بەرهەمی سیمبولیک و هێمایی کە بە دامەزرانی چوارچیوەی مۆدێرنیستی هونەری پێشڕەو لە سێ دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا دەستی پێکرد، تێگەیشتنی زۆر زەحمەتە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەم گروپە پێکهاتووە لە بەرهەمهێنەرانی کلتووری سەربەخۆ و واڵا کە لە خەڵکی شار و شارۆچکەکانی فەڕەنسا ، واتە جێگەیەک کە سیستەمی پلە دوو، تەنیا رێژەیەکی کەم لە دەرچووەکانی ئەم شوێنانەی قبووڵ دەکرد و هەروەها لە خەڵکی دەرەوەی فەڕەنساش پێک دەهات.

بازاری بەرهەمهێنانی سیمبولیک و هێمایی بە شیوەی دەرئەنجامی هێرشی بەردەوامی بەرهەمهێنەرانی نوێ کە خوازیاری گەیشتنن بە لووتکە بوون، تا رادەیەک پەرەی سەند کە لە درێژەی خودموختاریی بەرهەمهێنەریی سنووردار دا خۆی دەرخست. لە روانگەی بوردیو، بەرهەمهێنانی سنووردار «restrained production» بۆ لای خواستە قۆرغکراوەکانی بەرهەمهێنەرەکانی دیکەی لە شێوەی سیمبولیک رێک دەخرا و دەتوانین پێگەی مودێرنیستی وەک دەرئەنجامی نەخوازراوی جیایی بەرهەمی کلتووری لە بەرچاو بگرین.

پێچەوانەی پێشینەی بازاری بەرهەمهێنانی سیمبولیک بە شێوەی گشتی پەرەپێدراو، هەم چڕکراو هەم بە تەواوی لێک جیایە کە بەرهەمهێنەران و رووناکبیرانی مۆدێرنیزم بتوانن وەها رۆڵێکی گرنگ و پڕبایەخ لە فەڕەنسا بەدەست بێنن. سانترالیزەبوونی بەرهەمهێنەرانی کولتووری لە پاریس و پێکهاتەی لێک جیای پانتایی رووناکبیری، نە تەنیا نەبووە هۆی بەردەوامبوونی خێرای رەوت و مۆدێلە زووتێپەڕەکان، بەڵکوو نیشاندەری بەرژەوەندی سیمبولیکێکی باڵا بوو بۆ ئەو گروپە لە رێبەرانی رووناکبیر کە دەیانتوانی خۆیان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنانی کولتووریی واڵا، باڵادەستی ئاکادمیک و سیاسەتە نەتەوەییەکان بسەلمێنن.

لە ماوەی رووداوی دریفوس، بیرکردنەوە و گوتاری رووناکبیریی مۆدێرنیستی بۆ یەکەمجار بە ئاشکرایی خرایەروو. ئالفرێد دریفوس فەرماندەی سوپای فەڕەنسا بوو کە لە 1894 بە سیخوری تاوانبار کرا، بەڵام زۆری نەخایاند کە تاوانەکەی تەنیا بە هۆی ئەوە بوو کە پەیرەوی لە دینی جوولەکە (یەهوود) دەکرد، نەک خیانەت و سیخوری بە مانا حەقیقییەکەی. لە 1897 بەم لاوە ژمارەیەکی زۆر لە بەرهەمهێنەرانی ئەدەبی و ئاکادمیک ، کەسانی وەک (شارل پژوی، ئاندرێ ژید، مارسێل پرۆست، لوسین هێر و ئیمیل زۆلا) بە

بیانووی دووباره دادگاییکردنەوەی «دریفوس» هاتنە مەیدان و نامەی بە ناوبانگی ئیمیل زۆلا بە ناوی "**من تاوانباری دەکەم**" لە 1898 دا بوو بە مانیفێستی گروپێکی تازە دامەزراو لە رووناکبیران. رووداوی دریفوس زۆر خێرا گۆڕدرا بە شتێکی زیاتر لە ریسواییەکی یاسایی سادە و بووە هۆی ململانێیەکی درێژخایەن لە نێوان هێزەپاوانخوازەکانی ئایینی و لایەنگرانی لیبرال دیموکراتی سەر بە کۆماری سێهەم کە رووناکبیران نوێنەرایەتی ئەو چینەیان دەکرد.

گۆڕانکارییە خێرا و ئاڵوگۆڕە بنەرەتییەکان کە بە گشتی لە پێنج شوێنی سیمبولیکدا خۆیان دەدیتەوە کە پێنج قۆناغی رووناکبیریی سەرەکی نوێنەرایەتی ئەوان دەکات،- بە باشترین شێوە- ورووژاندن و دنەدانی بەرپرسایەتی رووناکبیرێک کە بەدوای رووداوی دریفوسەوە وەسف دەکرێت؛

یەکەمین شوێنی مودێرنیزمی سەرەکی، پێکهاتبوو لە ئاوانگاردە مێژووییەکان لە ماوەی شەڕی جیهانیی یەکەمدا بۆ نموونە (مارسێل پرۆست). دووهەمینیان تایبەت بوو بە بەرەی جەماوەریی نەتەوەیی « front populaire» و سوریالیزمی لەخۆ دەگرت، بۆ نموونە (ئاندرێ ژید و ئاندرێ بێرتۆن)، یەکەم شوێنی مۆدێرنیزمی نوێ یان ئێگزیستانسیالیزم بە رێبەری (ژان پۆل سارتر) بوو، دووهەمین شوێنی مۆدێرنیزمی نوێ و سەرکەوتنی تێکەڵ بە حەپەسان و سەرگەردانی گۆڤاری زانستە مرۆییەکان « sciences humaines» و گوتاری دەروونناسی– مارکسی- پێکهاتەخوازانە، لە روانگەی سیاسییەوە، بەرچاوترین نوێنەری ئەم رەوتە (میشێل فۆکۆ) بوو و شوێنی پاش مودێرنیزمی گەڕانەوەی بیرۆکەی سیاسی لیبرال و رووناکبیر (پاشماوەی بیری چەپ) واتە (پییەر بۆردیۆ).


Les Temps Modernes

9e année REVUE MENSUELLE n° 103

*Directeur : JEAN-PAUL SARTRE*

Juin 1954

WILLIAM FAULKNER. — Mississipi.
RENÉ LEIBOWITZ. — Le compositeur et son double.
GEORGE LAMMING. — Les Iles Fortunées (fin).

*TÉMOIGNAGES*

RHODA MILLER DE SILVA. — U.S. go home
AMÉDÉE PICHON. — Maville.

*CHRONIQUES*

JEAN-PAUL SARTRE. — Les peintures de Giacometti.
JEAN POUILLON. — Staline : catoblépas ou phénix?
JEAN-R. CLÉMENTIN. — Le comportement politique des institutions catholiques au Viet-nam.
FRANÇOIS ERVAL. — Gottfried Benn ou la double vie des intellectuels allemands.
RENÉE SAUREL. — Ionesco ou les blandices de la culpabilité.

*NOTES*

— *Les Livres.* JEAN CAU : « La Rose de Sable », par Henry de Montherlant. — COLETTE AUDRY : « Bonjour tristesse », par Françoise Sagan.
— *Le Théâtre.* RENÉE SAUREL : « André Antoine », par Matei Roussou.
— *Le cours des choses.* Lettre de l'antisémite.

Table des matières contenues dans le tome IX
(Juillet 1953 - Juin 1954)

TM

*Rédaction, administration : 30, rue de l'Université, Paris*

گۆڤاری سەردەمی نوێ- 1945

ئەم شوێنە سیمبولیکانە لە لایەن گروپ و تۆڕە تایبەتەکانەوە پشتگیرییان لێدەکرا کە لە زۆربەیاندا ژوورنالیێکی رووناکبیرییان لە بەردەستدا بوو، بۆ نموونە؛ لانوئێل ریڤیۆ فرانسز «La Nouvelle revue française» کە ژید ساڵی 1908 دایمەزراند، سەردەمی نوێ «Les Temps modernes» کە سارتر لە 1945 دایمەزراند، تێل کێل «Tel Quel» کە خاوەن بیر و نووسەری ئاوانگارد فلیپ سولێرز لە ساڵی 1960 هەوڵی دامەزرانی بۆ دا، گۆڤاری لیکۆلینەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان « Actes de la recherche en sciences sociales» کە بۆردیو ساڵی 1975 دایمەزراند و گۆڤاری لۆدێبا «Le Débat» کە مێژوونووسی لیبرال پییەر نۆرا لە ساڵی 1980 دایمەزراند.

حەز و مەیلە ئاڵۆز و دژبەیەکەکانی مێژووی رووناکبیریی سەدەی بیستەم، هۆکارێکی بنەڕەتی لە تێپەڕاندنی قۆناغە مۆدێرنیستەکانی سەرەتا تا مۆدێرنیزمی نوێ و رۆڵی لەرادەبەدەری بەرهەمهێنەرانی ئاکادمیک بوو کە لە کۆتاییدا لە پلەی زانستیی کۆمەڵایەتی بۆردیو دا گەیشتە لووتکە. مۆدێرنیزمی نوێ دەرخەری سەرهەڵدانی رووناکبیرانی ئاکادمیکتر بوو. بۆ نموونە، ژان پۆل سارتر یەکەمین ئەستێرەی رووناکبیری کە هەم لە بواری ئەدەبیاتدا ناوبانگی پەیدا کرد و هەم لە رووی ئاکادمییەوە ناسرا و بوو بە نموونەیەکی بەرچاو لە رووناکبیریی فەڕەنسا.

سارتر وەک دەرچووی قوتابخانەی «ئیکول نۆرماڵ»، کاری خۆی وەک مامۆستای فەلسەفە لە قۆناغی دواناوەندی دەست پێکرد و دواتر بوو بە نووسەرێکی سەربەخۆ، پاشان لە گۆڤاری بەرخۆدان «résistance»ی فەڕەنسی وەک کەسایەتییەکی سیاسی ناسرا. کاریگەری سارتر لەسەر ژیانی رووناکبیریی فەڕەنسا ئەوەندە بەرچاو بوو کە گۆڕان لە هەڵویست و بۆچوونەکانیدا، زیرەکانە لە بوارە جۆربەجۆرەکانی بەرهەمهێنانی سیمبولیکدا «لەوانە؛ فەلسەفە، ئەدەبیات، شانۆ، ژورنالیزم، چاپکراو و رادیو» بەرهەمی خۆراگر لە پانتایی بەرهەمهێنانی سیمبولیکدا، بۆ نموونە، رۆژنامەی فەڕەنسی لیبراسیۆن، کە بە هاوکاری سارتر لە ساڵی 1973 دامەزرا و هێشتاش بەردەوامە. سارتر نیشانە و هێمای رووناکبیریی بەرپرسیارە کە پلە و پایەی خۆی وەک لێکۆڵەرێک و بەرهەمهێنەرێکی ئەدەبی، بۆ خزمەت بە بواری سیاسی دەخاتە بەردەست.

بۆ شرۆڤەکردنی دەسەڵاتی روو بە لاوازیی بەرهەمهێنەرانی ئاکادمیک و کلتووریی واڵا، سێ گۆڕانکاریی جێگەی بایەخ کە دوای شەڕی جیهانیی دووهەم هاتە ئاراوە، پێویستە ئاماژەیان پێ بکرێ؛



«رۆلان بارت 1915-1980»

1- دوا بە دوای شۆکی ئێسپۆتنیک «قەیرانێک کە بەرهەمی بۆ فەزا ناردنی یەکەم مانگی دەسکرد لە لایەن یەکێتی سۆڤییەت و رەکابەرایەتی فەزایی ئەمریکا و یەکێتی سوڤییەت لە قۆناغی شەڕی سارد»دا و لە کۆتاییەکانی شەڕی ئەلجەزایر «1954/1962» تەقینەوەی بێ وێنەی پلە و پایە ئاکادمیکەکان لەژێر چاودێری وەزارەتی رۆشنبیریی دۆگۆل «1958/1969» و رووناکبیری بناژۆی چەپخواز (ئاندرێ مالرۆ) روویدا. لە هیچ وڵاتێکیتری رۆژاوا، لێکۆڵینەوەی ئاکادمیک و خوێندنی باڵا بەم رادەیە لە وەها ئاستێکی نزمدا، لەوەها قۆناغێکی کورتدا پەرەی نەستاندبوو. لە ئەنجامدا، رووناکبیرانی سەربەخۆ، نووسەران و خۆڕاهێنەرێکی

وەک «رۆلان بارت Roland Barthes» بە خێرایی تێکەڵ بە سیستەمی ئاکادمیک –لە بەربڵاوترین شێوەیدا- بوون.

2- پلە و پایەی رووله زیادبوونی لقە تەکنیکییەکانی خوێندنی باڵا، هێدی هێدی لە بایەخی قوتابخانە و ئیکولە رووناکبیرییەکانی کەمکردەوە و زیانی پێگەیاندن. رەنگە نموونەی بەرچاوی ئەم بەشانە، سەرکەوتنی قوتابخانەی نەتەوەیی بەرێوەبردن «ENA» کە ساڵی 1945 دامەزرا، لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ قوتابخانەی نۆرمال سوپەریور «ENS» و «Rue d'Ulm» کە ساڵی 1794 دامەزرابوو. تا دوای شەڕی جیهانیی دووهەم راهێنانی فەلسەفی و ئۆمانیستی ئیکول نۆرمال بە رادەی پێویست بۆ رێنماییکردنی دەرچووەکان بەرەو بەرزترین شوێنەکان لە سیاسەت، ئابووری یان کولتووریی فەرەنسا، خاوەنی پێگەیەکی تایبەت بوو. «بەرپرسایەتی سیاسییە درەوشاوەکانی ژان ژرە، لئۆن بلوم، ژۆرژ پۆمپیدۆ، هەڵبسەنگێنن». لەگەڵ ئەوەشدا لەسەرەتای دەیەی 1960 بەملاوە، زۆربەی خوێندکارە بەتواناکان لە بەشی فەلسەفە و ئەنجومەنی ئۆمانیستیی سوننەتی دەستیان بە پاشگەزبوونەوە کرد، ئەم خوێندکارانە بە جیددی خوازیاری ئەوە بوون لە کلتووری فەلسەفەی فەرەنسی پاشەکشە بکەن و هەوڵی ئەوەیان دەدا سەرمایەی کلتووری خۆیان لەگەڵ خواستە نوێیەکانی زانستە مرۆییەکانی تازەداهێندراو و زماناسی رێ نیشاندەری ئەو زانستە بگونجێنن، یان راستەوخۆ بە «ENA» ببەسترێنەوە و بەڵێنی کار و بەرپرسایەتی سەرکەوتووی لە سیاسەت و بەریوەبەری و ئابووریی فەرەنسا دەدا.

3- بە سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی نمایش «دوبور Debord» راگەیاندنە چاپکراوەکان زیاتر لە هەموو کاتێک جێگەی

خۆیان بە تەلەڤزیۆن گۆڕییەوە، نە تەنیا تەلەڤزیۆن بەڵکوو زۆر زیاتر خاوەن بەهرەی بڵاوبوونەوەی وێنەکان و نوواندنەوەی شێوە و رووخسارەکان بوو؛ بەڵکوو ژورنالیستەکانی تەلەڤزیۆن لە فەڕەنسا هەوڵیان دابوو تا کاریگەریی بەربڵاویان لە باسە سیاسییەکاندا هەبێت. تەلەڤزیۆن بەردەنگی لەرادەبەدەر و کار و پسپۆری زۆر دەخاتە بەردەم بەرهەمهێنەرانی سیمبولیک. ئەو بەرهەمهێنەرانەی کە ئیتر نابێ ئەوان وەک داهێنەرانی ئاکادمیک یان کلتووریی والا و رەوا، بە مەبەستی دەست پێراگەیشتن بە دەنگێکی جێگەی بایەخ لە سیاسەتە نەتەوەییەکانی پیرۆز دا لەبەرچاو بگرین.

بەم پێیە و لەگەڵ ئەوەشدا ژورنال و رۆژنامە رووناکبیرییەکان بەبەردەوامی خاوەنی پێگەی خۆیان بن «لو نۆڤێل ئۆبسێرواتۆر، لۆمۆند» کە هیچ رێ خۆشکەر نییە بۆ چارەسەری قەیرانی هێژموونی مۆدێرنیستی بەرهەمی کلتووریی والا و نائاکادمیک، بەڵکوو ئەو قەیرانە پەرە دەستێنێت.



«لویی ئالتوسێر 1918-1990»

لە نیوەی یەکەمی دەیەی هەشتای زایینی، سەردەمی رووناکبیرانی مودێرنیست کە نێوان بەرهەمهێنانی سیمبولیکی ئاکادمیک و نائاکادمیکدا بوون، کۆتایی پێهات و قۆناغی پاش مودێرنیزم، یان بە واتایەکی روونتر، قۆناغی دژ بە مودێرنیزم دەستی پێکرد. بەشێکی زۆر لە ناودارانی رووناکبیریی سەر بە قۆناغی پێشوو ماڵاواییان لە ژیان کرد یان لە پانتایی گشتی بزر بوون. سارتر، لکان، بارت، فۆکۆ؛ ئالتوسێر کە دوای کوشتنی هاوسەرەکەی خرایە بەندیخانە و سۆلێرز پێشی بە چاپ و بڵاوبوونەوەی گۆڤاری «تێل کێل» گرت و نەوەیەکی نوێ لە رووناکبیرانی لیبرال هاتنە مەیدان. قەیرانی ئایدئۆلۆژی و زەینییەتی مۆدێرنیزمی، کەمێک دوای بڵاوبوونەوەی کۆمەڵە دۆرگەکانی گولاک «1976» بەرهەمی سولژنیتسین بە زمانی فەرەنسا دەستی پێکرد، قەیرانێک کە لە یەک قۆناغدا، نەتەنیا بووە هۆی سرینەوەی بیری مارکس لە ژیانی رووناکبیریی فەرەنسا ، بەڵکوو بووە هۆی نائومیدی زۆربەی پەیامبەرانی رووناکبیریی سەر بە رابردوو کە لە مارکسیستەکان و ئێگزیستانسیالیزمەکان و دەروونناسان و پێکهاتەخوازەکان پێکدەهات.

بەم پێیە ئەم قۆناغەی پاش مۆدێرنیستی کە نابێت ئەو لەگەڵ دیاردەی ئانگلۆئەمریکی پاش مۆدێرنیزم یان دواپێکهاتەخوازی، چەمکێک کە لە بەستێنی فەرەنسیدا نامۆیە، بشووبهێنین کە بووە هۆی ژیانەوەی بایەخی بیرمەندانی لیبرال و دژە تووتالیتاری رابردوو. «هەڵسەنگاندنێک بکەن لەگەڵ ریمۆن ئارۆن یان جەغزی دژە ئێستالینیستی سووسیالیزم یان وەحشیگەری کلۆد لۆفۆر و کۆرنلیوس کاستوریادیس» و هەر وەها بە بووژانەوەی ژیانی ئەندێشەی لیبرالی و نوێ لیبرالییەکان کۆتایی هات. «بەراوردی بکەن لەگەڵ هێرشی فێری/ رنو بۆ «ئەندێشەی [مای] 68». «فەیلەسووفە نوێیەکان nouveaux philosophes» یەکەم کەسانێک بوون کە بە هۆی دەربڕینی راشکاوانەی قەیرانی پرۆژەی چەپ، کە هەروەها قەیرانی پەیامبەری رووناکبیرانیش بوو، سەرنجی کۆمەڵگەی بۆ لای خۆیان راکێشا.

هەر وەک رووناکبیرانی مودێرنیزمی دواکەوتوو «بەراوردی بکەن لەگەڵ دولوز» ئاماژەیان پێکردووە، سەرکەوتنی ئەم گروپە لە فەیلەسووفانی گەنجی دەرچووی ئیکول نۆرمال «ناسراو بە نۆرمالینەکان» و مائۆیزمەکانی رابردوو لە دەوری بێرنارد هێنری لوی ناسراو، کۆبیوونەوە، نیشاندەری کاریگەری لەرادەبەردەری تەلەڤزیۆنی نەتەوەیی لەسەر ستراتیژییەکان و کارە رووناکبیرییەکان بوو.

لەگەڵ کاڵبوونەوەی رووناکبیریی مودێرنیزمی، ژیانی رووناکبیریی فەڕەنسی هاتە ناو قۆناغی دووبارەناسی و دابەشکردنی سەرلە نوێ، رووناکبیرانیتر لە نێوان لقە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنانی سیمبولیک، بەمشێوەیە کە تا ناوەراستی دەیەی حەفتای زایینی، لە پەیوەندیدا نەبوون؛ کەسانی ناو زانکۆ، ژورنالیستەکان و هونەرمەندەکان زیاتر لە هەمیشە هەوڵیاندا کە بە ئاخێزگەکانی رێک و پێکی. ژورنالیستی یان هونەری تایبەتی خۆیان بگەرێنەوە. کاتێک کە لە 1981دا باڵی چەپ بە رێبەرایەتی فرانسوا میتەران کە دواجار دەسەڵاتی گرتە دەست، رۆژنامەی سەرەکی رووناکبیری، واتە لۆمۆند هەواڵی پاشەکشەی نائاسایی بەرهەمهێنانی رووناکبیری راگەیاند و «بە دروشمی بێدەنگی رووناکبیران» بڵاو کرایەوە.

رووناکبیرانێک کە ئێستا لە روانگەی سیاسییەوە بە دەسەڵات گەیشتبوون، ئیتر ئامادە نەبوون بە هەر نرخێک رۆحی شۆرشگێرانەی خەڵک «بەمشێوەیەی کە سارتر دەیورووژاند» بورووژێنن. لەبەرانبەردا، جێنشینەکانی رووناکبیریی مۆدێرنیستی بە مەبەستی بوون بە راوێژکار، شرۆڤەکار و لێکۆڵەری سیاسی، شێوازی ئەمریکایی بەرپرسیار و تێکەڵ بە ململانێیان هەڵدەبژارد، بۆ نموونە «ئالەن تورێن»ی کۆمەڵناس، کە شیکردنەوە سیاسییەکانی کە هەم لە لایەن تۆڕەکانی راگەیاندن و هەم بە هۆی دەستەی راوێژکارانی سیاسی وەک (ناوەندی سان سیمۆن) پەرەی زۆریان سەند یان

لوک فێری کە لەسەرەوە باسی لێوە کرا، کە دوابەدوای سەرکەوتنی ژاک شیراک لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی 2002 بۆ پۆستی وەزیری رۆشنبیری دیاریکرا.

لەم سۆنگەیەوە، بۆ رووناکبیرانی فەڕەنسا سەرەتاکانی دەیەی 1980 نیشاندەری دەرفەرتێک بوو، دەرفەتێکی تیۆریک و سیاسی: رەخنەی پێکهاتەخوازانەی مژاد «سووژە»ی خۆڕسک، بە قازانجی هۆگریی ژیانەوە سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ، رەوشت و ئاکارەکان لادران. فەیلەسووفەکان میرات و پاشماوەی لیبرالی کۆمارییان بووژاندەوە و لە دژی پرۆژە سیاسی فەلسەفییەکان "نابەرپرسانە" دەیەکانی شەست و حەفتا کە فەیلەسووفەکانی ئاڵمانیا وەک نیچە و هایدیگەر قسەیان کرد. بەراوردیان بکەن لەگەڵ «ڤیکتۆر فاریا، هایدیگەر و نازیسم، 1987، یان لوک فێری و ئالەن رێنۆ، هایدیگەر و مودێرنەکان1988» نوێنەرایەتییان دەکرد.

لە قۆناغی 1980 بەملاوە، هەروەها قۆناغی قەیرانی لەرادەبەردەری ژورنالەکان(رۆژنامە و گۆڤارەکان) و ناوەندی چاپەمەنییەکان بووە. بەرهەمەکان و بەرهەمهێنانی رووناکبیری، واپێدەچێت، ئیتر وەک بەرهەمەکانی پێشوو باسهەڵگر نین و کاریگەرییان نەماوە.

لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی کۆمپانیاکانی چاپەمەنی فەڕەنسا هەوڵی ئەوە دەدەن کە نەیەنە ناو بازاری بەرهەمهێنانی رووناکبیری، «بەرواردی بکەن لەگەڵ دژواری ماڵی بڵاوکراوەکانی زانکۆی فەڕەنسا»، بەڵام لە هەناردەکردنی بەربڵاوی بەشێک لە ناوە رووناکبیرییەکانی فەڕەنسی، بنەماشکێنی دریدایی، دەروونناسی لکانی، شیکاری گوتاریی فۆکۆیی و ئێگزیستانسیالیزمی سارتری، کە لە راستیدا هەرگیز شتێک زیاتر لە بەشێک لە ژیانی رووناکبیریی فەڕەنسییان نوێنەرایەتی نەکردووە و بە بەشەکانی زانستە مرۆییەکان لە ئەمریکای باکووری و بەریتانیا کەم کراوەتەوە.

له لایەکیتر وەک چۆن ئەگەر بەڵگەیەک بۆ کاڵبوونەوەی دەسەڵاتی رووناکبیریی لە فەڕەنسا بوونی هەبێت، دەیەی 1990 شاهیدی جووڵانەوەی بەربڵاو لە پەیوەندی لەگەڵ مشتومڕە سیاسییەکاندا بووە کە رێبەری مەزنی ئەو رەوتە رووناکبیرییە پییەر بۆردیۆی کۆمەڵناس بوو.

بۆردیۆ بە لەبەرچاوگرتنی رێژەیەکی دیار لە وتاربێژی سیاسی سەر بە پێشینیانی مۆدێرنیزمی دواکەوتووی خۆی، بۆ سنووردارکردنێکی دیار لەگەڵ ویستی «نائاکادمیک»، واتە شەیدایی فەلسەفی و جوانیناسی بەرهەمهێنەرانی مۆدێرنیزم پێداگری کرد.

سەیر ئەوەبوو کە ئەم بیرمەند و زانا کۆمەڵایەتییەی دژ بە سارتر واتە پییەر بۆردیۆ بوو کە دواتر بوو بە وەفادارترین لایەنگری هزری سارتری. بەرپرسایەتی رووناکبیری، تێکەڵ بە تواناییەکانی توێژینەوەی پڕ نیوەرۆک لەگەڵ روانگەیەکی سیاسی قورس و قایم.

لە لایەکی دیکەوە، بۆردیو بە هۆی پێداگرتن لەسەر کاری ئاکادمیک و شێوازناسی زانستی رێک، وەک سیمبولی سەرکەوتنی بەربڵاوی توێژەری ئاکادمیکی خوێندەوار لە پەیوەندی لەگەڵ نووسەران «homme de lettres» و هونەرمەندانی ئاوانگارد سەیر دەکرێت.

سەرکەوتنی بۆردیو هەم وەک کۆمەڵناسێک و هەم وەک چالاکوانێکی سیاسی نیشاندەری ئەوەیە کە رووناکبیرانی فەڕەنسی درێژە بە رۆڵی گرنگ و پڕ بایەخی خۆیان لە هەمبەر کێشە و ململانێیەکانی وەک؛ هەڵاواردن «بێبەشکردن»ی نەژادی و کۆمەڵایەتی، نیئۆلیبرالیزم و جیهانیبوون دەدەن.

# ژیان و بەسەرهات و بیروڕای چەند نووسەری بەناوبانگی فەڕەنسا لەسەر رووناکبیر



«ژان پۆل سارتر، 1905-1980»

سارتر؛

**ژان پۆل چاڕلێز سارتر «Jean-Paul Charles Aymard Sartre»**

فەیلەسووف، ئێگزیستانسیالیست و رۆماننووس و نووسەری دەقی شانۆ و رەخنەگری فەرەنسی لە بیست و یەکی ژۆئەنی 1905 لە شاری پاریس لە دایکبووە. فەرەنسییەکان بە «ساتە» ناوی دەبەن.

تەمەنی پازدە مانگە دەبێت کە باوکی بەهۆی نەخۆشی دەمرێت و سارتر هەر لە تەمەنی منالییەوە لە ژێر چاودێری باوەگەورەی «چارلێز شواریتزر» و چەند مامۆستای دیکە فێری نووسین و خوێندنەوە بە زمانەکانی «فەرەنسی و ئالمانی» دەبێت. هەر لەسەردەمی منداڵی چاوی راستی تووشی گرفت دەبێت و بەرە بەرە بینایی چاوی راستی لەدەست دەدات.

تا تەمەنی دە ساڵی لە ماڵەوە خۆی بە خوێندنەوەی بەرهەمە ئەدەبی و مێژووییەکانەوە سەرقاڵ دەکات و کەمتر تێکەڵی کۆمەڵگە دەبێت، دواتر لە کتێبی «وشەکان»دا باسی ئەو سەردەمە دەکات، منالێکی زیرەک و گۆشەگیر

بووە، پاشان دەچێتە قوتابخانەی «لیس هێنری هەشتەم» و لەتەمەنی دوازدە ساڵیدا بەهۆی زەماوەندی دووبارەی دایکی لەگەڵ هاورێیەکی باوکی، ناچار دەبێت بچێتە شاری «لا رۆشێل» و ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی ژان نەفرەت لە دایکی بکات. تا تەمەنی پازدە ساڵی لەوێ دەخوێنێت بەڵام دواتر بە هۆی هەڵسوکەوتی نالەباری خوێندکارەکان ناچار دەبێت ئەو شارە بەجێ بێڵێت. سارتر ساڵی 1920 بۆ قوتابخانەیەکی بیست و چوار کاتژمێری لە پاریس دەنێردرێت. لەوێ لەگەڵ یەکێک لە هاوپۆلەکانی بە ناوی «پۆل نیزان» ئاشنا دەبێت کە دواتر ئەو هاورێیەتییە دەبێتە رەکابەرییەکی دوور و درێژ لە نێوان ئەو دوو کەسەدا، نیزان لە ناساندنی ئەدەبیاتی هاوچەرخ بە سارتر رۆلی گرنگی گێرا.

ساڵی 1922 لەگەڵ نیزان بڕوانامەی دیپلۆم وەردەگرن و بڕیار دەدەن پێکەوە روو لە «زانستگای باڵای پاریس» بکەن و لە بەشی مامۆستای قوتابخانە درێژە بە خوێندن بدەن، ساڵی 1924 لە تاقیکردنەوە و لە نێوان سی و پێنج کەسی وەرگیراودا، سارتر وەک کەسی حەوتەم وەردەگیردرێت و دواتر لەگەڵ نیزان گۆڤارێک لەو زانستگایە بڵاو دەکەنەوە.

چوار ساڵ دواتر لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی بەشی فەلسەفە دەرناچێت و هۆکارەکەشی بۆ بیر و باوەڕی سارتر دەگەڕێتەوە کە پێی وابوو "فەلسەفە دەبێت فام بکرێت نەک ئەوەی لەبەر بکرێت" ساڵی دواتر 1929 لە تاقیکردنەوەکانی کۆتاییدا، سارتر پلەی یەکەم بەدەست دێنێت و «سیمۆن دۆبووڤار» و «ژان هیپولیت» و «پۆل نیزان» پلەکانی دواتر بەدەست دێنن.

سیمۆن دۆبووڤار فەیلەسووف و نووسەر و فمینیستی فەڕەنسی تا دواساتی ژیان هاورێ و هاوژینی سارتر دەبێت. یەکترناسینی سارتر و دۆبووڤار بۆ ساڵی1929 کاتی تاقیکردنەوەکانی فەلسەفە لە زانکۆی سوربۆن دەگەڕێتەوە.

سیمۆن دۆبووڤار ئەو کچەی لە ژێر دەسەڵاتی مەزهەبی کاتۆلیکدا بەناز پەروەردە کرابوو، دوای ناسینی سارتر وەها هۆگر و ئەویندای دەبێت کە تا کۆتایی ژیان لەگەڵیدا دەمێنێتەوە.

دوای تەواوبوونی خوێندن، لە قوتابخانە دواناوەندییەکانی «لوهاوێر» و «لیۆن»، دەست بە وانەوتنەوە لە بواری فەلسەفە دەکات. دواتر بۆ درێژەپێدانی

خوێندن لە بواری فەلسەفە ڕوو لە ئاڵمانیا دەکات. لە ئاڵمانیا لەگەڵ بەرهەمی فەیلەسووفانی ناوداری وەک مارتین هایدیگەر «فەلسەفەی ڕەسەنایەتیی بوون یان ئێگزیستانسیالیزم» و ئێدمۆند هێسرێل «فەلسەفەی دیاردەناسی» ئاشنا دەبێت، بەڵام دوای ماوەیەک بەرگەی هەڵسوکەوتی حکومەتی نازی ناگرێت و دەگەڕێتەوە پاریس و بە وتنەوەی فەلسەفە سەرقاڵ دەبێت.

سارتر هەر لە منالّیەوە حەزی لە ناوبانگ دەکردن بوو، بەم هۆیە ڕوو لە کاری نووسین دەکات و ماوەیەکی زۆر بەرهەمەکانی لەلایەن چاپەمەنییەکان ڕەتدەکرێتەوە، بەڵام دواجار لە ساڵی 1938 بە نووسینی یەکەم ڕۆمانی فەلسەفی خۆی بە ناوی «ڕشانەوە» ناوبانگییەکی باش بەدەست دێنێت. لەم ڕۆمانەدا جووڵاندنەوەی دڵەڕاوکێی بوون، بێهۆدەیی زاتی هەبوون یان بوێرییەکی بێ وێنە وێنا کراوە. دواتر بە نووسینی کۆمەڵە چیرۆکێک بە ناوی «دیوار» سەرقاڵ دەبێت، بەڵام بەهۆی شەڕ ناتوانێت تەواوی بکات.

بە گشتی دوو قۆناغ لە ژیانی تایبەتیی سارتردا هەبوو، قۆناغی یەکەم دوای نووسینی بەرهەمی بەناوبانگی «بوون و نەبوون» دەست پێدەکات و لە ڕۆمانی «ڕشانەوە» دا سارتر "باوەر بە ئازادیی بنەرەتی مرۆڤ دێنێت" و پێی وابوو "مرۆڤ مەحکوومە بە ئازادی".

لە قۆناغی دووهەمی ژیانیدا سارتر وەک ڕووناکبیرێکی چالاک لە ڕووی سیاسییەوە دەناسرا.

سارتر لایەنگری کۆمۆنیزم بوو، بەڵام هەرگیز بە فەرمی نەبوو بە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیست، بەشی هەرەزۆری تەمەنی خۆی بە بەراوردکردنی ئەندێشەکانی ئێگزیستانسیالیزمەکەی خەریک کرد. سارتر پێی وابوو "مرۆڤ دەبێت خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات". ئەو هەروەها بە پێی بنەماکانی کۆمۆنیزم بڕوای بەوە هەبوو کە "هێزە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی مرۆڤ دان، ڕۆڵی تایبەتییان لە دیاریکردنی ڕێڕەوی ژیانی مرۆڤەکان هەیە".

سارتر فەیلەسوف و نووسەری فەڕەنسی، پیشەی وانەبێژی بووە و لە کاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا، کاتێک ئەڵمانیا فەڕەنسا داگیر دەکات، سارتر دەچێتە ڕیزی بەرەنگاربووەکانی فەڕەنسا و لەدژی داگیرکەر خەبات دەکات.




«سارتر لە ناوکۆبوونەوەی کرێکاراندا 1970»

لە 1973 بەملاوە سارتر بە تەواوی بینایی چاوەکانی لەدەست دەدات و ئیتر توانای نووسینی نامێنێت، بەڵام هەوڵ دەدات بە چاوپێکەوتنەکان و دیدارەکان و بەشداری لە کۆنفرانسەکاندا، خۆی وەک کەسێکی چالاک و کۆمەلایەتی دەربخات. بۆ وێنە چاوپێکەوتنی ئەو لەگەڵ «ئاندریاس بادێر» بەندکراوی سیاسی و ئەندامی «فراکسیۆنی سوپای سوور» «RAF» لە بەندیخانەی ئێشتوتگاردی ئاڵمانیا سەرنجی هەموو لایەکی راکێشا. ساڵی 1979 لە پریس کۆنفرانسێکی ئاژاوەخوڵقێندا پشتگیری لە ئاوارەکانی «شەڕی ڤییەتنام» دەکات. لە شوێنێکی دیکەدا پشتیوانی لە شۆرشی گەلانی ئێران لەدژی رژیمی شا و بەندکراوانی سیاسی و خەباتی خەڵکی شیلی لە دژی دیکتاتۆری پینۆشە دەکات.

ساڵی 1980 رۆژنامەی «نوڤێل ئێبسرواتۆر» دەست دەکات بە بڵاوکردنەوەی گفتگۆی نێوان سارتر و«بێنی لویس» نووسەر و فەیلەسووف، کە دەبێتە جێی سەرسووڕمانی هەموو لایەک بەتایبەتی سیمۆن دۆبووڤار. سارتر لەو دیمانەیەدا باس لە «پەیوەندی نێوان تاکەکان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی» دەکات، ئەم گفتگۆیە تا ڕادەیەک نیشاندەری بەراوردی بیروڕاکانی سارتر و لویس بوو.

ژان پۆل سارتر لە پازدە ئاڤریلی 1980 لە تەمەنی حەفتاوپێنج ساڵیدا لە نەخۆشخانەی «برۆسەی پاریس» بە هۆی نەخۆشی ماڵاوایی لە ژیان و دونیای نووسین دەکات. ئەو تا کۆتایی ژیان وەک کەسایەتییەکی جیهانی ناوبانگی هەبوو، هەواڵی مردنی سارتر بەخێرایی لەسەرانسەی جیهان بڵاوکرایەوە و پەنجا هەزار کەس لە رێ و رەسمی بەخاکسپاردنی سارتردا بەشدارییان کرد. لە کاتێکدا دە ساڵ بەسەر داکشانی سارتر لە فەرەنسا تێپەریبوو، بەڵام بە هۆی بەشداری ئەو حەشیمەتە زۆرە وەک پرجەماوەرترین رێورەسمی بەخاکسپاردنی فەیلەسووفێک لە سەدەی بیستەمدا باسی لێوە دەکرێت. لەو روانگەیەوە دەکرێ سارتر وەک «ڤۆلتێر Voltaire» -فەیلەسووفی گەورەی سەردەمی رۆشنگەری فەرەنسا- ناو ببەین.

خۆڵەمێشی سارتر لە گۆرستانێکی پاریس بە خاک سپێردرا و شەش ساڵ دوای ئەمە هاورێ و هاوژینی هەتاهەتاییەکەی واتە سیمۆن دۆبووڤار گەرایەوە لای سارتر و هەر لەو شوێنە بەخاک سپێردرا.



گڵکۆی هاوبەشی سارتر و دووبووڤار لە گۆرستانی مۆنپارناسی پاریس

سێ ساڵ دوای کۆچی دوایی سارتر، سیمۆن دۆبووڤار کتێبێکی بەناوی «ڕێورەسمەکانی ماڵاوایی» دەربارەی مردنی سارتر نووسی و بڵاویکردەوە.

هەفتەیەک دوای مەرگی سارتر هەفتەنامەی «نۆڤێل ئێبسرواتۆر» کە سارتر هۆگری بوو و دوایین چاوپێکەوتنەکانیشی لەوێدا بڵاوبوونەوە، بەرگی هەفتەنامەکە بە ڕەنگی ڕەش و بە وێنەی بەساڵاچووی سارتر چاپکرا و لە ژێریدا بە ڕەنگی سپی دوایین ڕستەی کتێبی «وشەکان» نووسرابوو؛ " هەموو مرۆڤێک، لەگەڵ تەواوی مرۆڤە خوڵقاوەکان و بەرابەریی گشتی ئەوانە بایەخی هەیە و بایەخی هەر کام لەوان لەگەڵ ئەودا یەکسانە"

سارتر پاش «ڤۆڵتێر **Voltaire**» لە سەدەی هەژدەیەمدا و «ئێمیل فرانسوا زۆلا Émile François Zola» لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا، دوایین نوێنەرانی ڕووناکبیریی جیهانی و جیهانگیربوون کە خۆیان بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی خەڵکی بەرامبەر بە دەسەڵات بە بەرپرسیار دەزانی. بە بۆچوونی سارتر، ڕووناکبیر «ویژدانێکی کەم شانسە» کە «دەست لە کۆمەڵێک بابەت وەردەدات». ڕووناکبیر بە ئاگاداربوون لە بارودۆخەکەی خۆی هەوڵ دەدات تا وشیارییەکی گشتی بۆ هەمووان بە دەست بهێنێت.

لە بەشی مێژووی ڕووناکبیریی فەڕەنسا و سەدەی ڕوناکبیرانی فەڕەنسا پتر تیشک دەخرێتە سەر بیر و ڕا و بۆچوونەکانی سارتر لە مەڕ چەمکی ڕووناکبیر و ئەرکەکانی ڕووناکبیر لە کۆمەڵگەدا.



«ئالبێر کامۆ، 1913- 1960»

ئالبێر کامۆ؛

«ئالبێر کامۆ**Albert Camus**» لەحەوتی نۆڤامبەری ساڵی 1913دا لەشاری مۆندوی جەزائیر لەدایکبووە، باوکی بەڕەگەز فەڕەنسی بوو، کرێکاری کارگەیەکی مەی دروستکردن بوو، دایکی کامۆش بە ڕەگەز ئیسپانی بوو واتە کامۆ جەزائیری نەبوو، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرترین کاتی ژیانی خۆی لەوێ بەسەربردوە و هەر لەوێش مردووە، لە کاتی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی یەکەمدا باوکی کامۆ بەشداری ئەو شەڕەی کرد و لە شەری ڕاماندا بریندار کرا و پاشانیش هەر بە هەمان هۆوە و لەبەر خراپی برینەکەی گیانی لە دەستدا، کامۆ دەڵیت "وەکوو منداڵانی دیکە لەگەڵ دەنگی دەهۆڵی شەڕدا بە هەتیوی گەورە بووە کە درامایەک بووە لە کوشتن و بڕین و زوڵم و زۆرداری."

لەپاش مردنی باوکی، لەگەڵ دایکی و خاڵی و برا گەورەکەی و دایەگەورەیدا چوونەتە جەزائیر و لەوێ لە گەڕەکێکی هەژارنشیندا بە ناوی بلکۆر سەر لە نۆی درێژەیان بە ژیان داوەتەوە. لە ساڵی 1930 کامۆ تووشی نەخۆشی سیل هات کە بەو هۆیەوە گەلێک ئازار و ئەشکەنجەی بینیوە. لە ساڵی 1918-1923 خوێندنی سەرەتایی تەواو کرد و پاشانیش لە قوتابخانەی (لیسیەی فەڕەنسی) قۆناغی ئامادەیی لە ساڵی 1930 دا تەواو کرد.

ئالبێر کامۆ زۆر حەزی لە ئەدەب کردووە، لەبەر ئەوە هەموو بەرهەمە ئەدەبییەکانی سەردەمی خۆی خوێندۆتەوە بە تایبەتی نووسینەکانی ئاندرێ ژید و بە باشیش یەکتریان ناسیوە. ئالبێر کامۆ بڕوانامەی بکالۆریای «لیسانس» لە بەشی فەلسەفەی کۆلیژی ئادابی زانکۆی جەزائیر وەرگرت بە هۆی ئەو شارەزاییە زۆرەی کە لە بواری ئەدەبدا هەیبوو ناسراوی لەگەڵ چەند مامۆستایەکی شارەزای ئەم بوارەدا هەبووە کە بەشێوەکی راستەوخۆ کاریان تێکردوە وەک« پۆل ماتیە »و« ژان ژیرینییە »و «ئاندرێ ماڵرۆ». لە ساڵی 1936 دا بۆ وەرگرتنی دیپلۆم لەخوێندنی باڵادا ، پاش ئەوە نامیلکەیەک دەربارەی پەیوەندی نێوان نهێلیستی و مەسیحیەت لەلای ئەفلاتون و سانت ئاگۆستین پێشکەش دەکات و ئیتر پاش ئەم نامیلکەیە واز لە خوێندن دەهێنێت بە هۆی نەخۆشییەوە ناتوانێت درێژە بە خوێندن بدات، بەڵام لە بواری نووسینی ئەدەبی و فیکری و رۆژنامەگەری و سیاسیدا چالاکانە دەست بە خوێندنەوە دەکات، وەک بەرهەمەکانی تۆلستۆی و مارک نۆریل و مارکیزدی ساد و بێرلیرڤی و دانیل دوفۆد و سرڤانتس و بالزاک و مادام دی لاڤایت و سوریل و نیچە و ئیشپنگلەر.

ئالبێرکامۆ بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1934 دا ژنی هێناوە و پاش ساڵێک جیابۆتەوە بەڵام جارێکی تر ژنێکی فەڕەنسی هێناوە بەناوی فرانسین فاوەر لەو ژنە کچێک و کوڕێکی جمکی هەبووە بەناوی ژان و کاترین، لەدوای داگیرکردنی پاریس لە لایەن ئەڵمانیاوە پاریس بەجێدەهێڵێت و دەچێتە شاری کلێرمۆن لە باشووری فەڕەنسا پاشانیش دەچێت بۆ لیۆن تا 1941 لەوێ دەمێنێتەوەو هەر لەو ساڵەشدا دەگەڕێتەوە بۆ وەهران و خۆی بە وانە وتنەوە سەرقاڵ دەکات. بە مەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی جارێکی دیکە

گەراوەتەوە بۆ پاریس و هەر بۆ هەمان مەبەست سەردانی ئەمریکای کردووە، بەڵام هیچ کام لەو هەوڵانەی سوودیان نەبووە، کامۆ تا دەهات نەخۆشییەکەی پەرەی دەستاند و باری تەندروستی خراپتر دەبو، کامۆ لە ژیانیدا ئێش و ئازارێکی زۆری بەدەست نەخۆشییەوە بینیوە. لە ساڵەکانی نێوان 1945وە هەتا ساڵی 1957 گەلێک شاکاری جوان و کتێبی بە پێزی لە بواری شانۆو ئەدەب و سیاسەتدا بلاوکردۆتەوە. وەک رێزلێنان لە کارەکانی لە ساڵی 1957خەڵاتی نۆبێلی پێدرا، ئالبێر کامۆ لەساڵی 1960 لە جەزائیر لە یەکێک لە شەقامە گشتییەکاندا بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆدەکێشێت بە درەختێک دا و دەمرێت و لە گۆڕستانی لومارین لە باشووری فەرەنسا بەخاک دەسپێردریت.

بەشێکی زۆر لە رەخنەگرانی سارتر پێیان وایە کە ئەو کەوتبۆوە داوی دروستکردنی ئەفسانە لە رۆشنبیر و هێزیکی عەقڵانی زۆر نایاب بۆ رۆشنبیر دادەنێت. دوو کەس لە رەخنەگرانی ئەم تیروانینەی سارتر بۆ رۆشنبیر، ریمۆن ئارۆن و ئالبێر کامۆن کە هەریەکەیان بە پێی بۆچوونی خۆی پەیوندی رۆشنبیر و دەسەڵات لە چوارچیوەی بیرکردنەوەیەکی فەلسەفەی تایبەتدا تاوتوێ دەکات. کامۆ لە کاتی باسکردنی سارتر و لایەنگرانی، لە رۆشنبیر وەکو هۆکارێکی ئەخلاقی و هێزیک بۆ بەدیهاتنی دادپەروەری لە چوارچیوەی ناوەندی گشتیدا باس دەکات و بروای وایە کە رۆشنبیر بە مەلەوانێک دەچێت کە بە پێچەوانەی ئاراستەی ئاوەوە دژ بە رۆحیەتی فاناتیسم خەبات دەکات. کامۆ براوی وایە کە ئامانجی رۆشنبیری داکۆکیکردن نییە لە توندووتیژییەک دژ بە توندووتیژییەکیتر، بەڵکوهەبوونی ئامادەبوونێکی ئەخلاقییە لە سەروو هەموو شتە رەها سیاسییەکان. حیکایەتی کامۆ و داکۆکیکردنی لە چەمکی دادپەروەری وەکو دیاردەیەکی جیهانگیر بووە هۆکاری ئەوەی کە سارتر و لایەنگرانی ئەو بەوە تاوانبار بکەن کە روحیەتێکی ئایدیالیستی و دژە مێژوویی هەیە. وەڵامە رۆشنبیرانەکەی کامۆ بۆ ئەم تۆمەتانە ئەوە بوو کە مەسەلە سەرەکییەکە داکۆکیکردن نییە لە مرۆڤ بەڵکو داکۆکیکردنە لەو ئیمکانات و تواناییانەی کە لە مرۆڤدا هەیە.

مەبەستی کامۆ ئەوە بوو کە مرۆڤەکان بە شێوەیەکی گشتی و بە تایبەت رۆشنبیران کاتیک دەکەونە نیو پێگەو هەڵوێستێکی ئەخلاقییەوە نەک ئایدۆلۆژی،

توانای ناسینەوە و پەنجە خستە سەر نادادپەروەری و ئازار و مەینەتی کەسانی تریان هەیە و دەتوانن وەڵامیان بدەنەوە، هەڵویستە رۆشنبیرییەکانی کامۆ لە بارودۆخە میژوویی جیاوازەکاندا هەر وەکو سەردەمی ئازادبوون لە نازیسم و شەڕی ئەلجەزایر بە باشی ئەوەی دەرخست کە ئەو لە هەر هەلومەرجێکدا دژ بەو توندووتیژییە کە دەسەڵاتە جیاوازەکان دروستیان دەکرد. کامۆ بە رەتکردنەوەی شێوازی بە شەیتانیکردنی ئەویتر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە واقیع زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە بە چەند دادوەرییەکی خێرا بەسەریاندا باز بدەین.

هەربۆیە لە تیڕوانینی کامۆوە رۆشنبیری بە واتای داکۆکیکردن لە ئازادی بیرورا دێت، بەڵام لە هەمانکاتدا سنوورەکانیشی دەست نیشان دەکات.



«ریمون ئارۆن، 1905- 1983»

**ریمۆن ئارۆن؛**

ریمۆن ئارۆن «Raymond Aron»، چواردەی مارسی 1905 لە شاری پاریس لەدایکبووە، وەکوو کۆمەڵناس و فەیلەسووف و مێژوونووس و لێکۆڵەری سیاسی لەفەرەنسا ناسراوە، تا ساڵی 1939 مامۆستای فەلسەفەی کۆمەڵایەتی لە زانکۆی تولوز بووە، لە شەڕی جیهایی دووهەمدا دێتە ناو ریزی سوپای رزگاریخوازی فەرەنسا لە لەندەن و لە 1944 تا 1945دا سەرنووسەری رۆژنامەی "فەرەنسای ئازاد" بوو، دوای گەڕانەوە بۆ فەرەنسا بە وانەوتنەوە لە قوتابخانەی نەتەوەیی بەرێوەبەری سەر بە زانکۆی سوربۆن لە 1955 تا 1968 و کۆلێژ دوفرانس لە 1970 سەرقاڵ دەبێت. چالاکی لەبواری روژنامەنووسیشدا هەبوو و بۆ ماوەی 30 ساڵ تا 1977 لە رۆژنامەی فیگارۆ، وتار دەنووسێت و دوای ئەوە وەک دەستەی بەرێوەبەری هەفتەنامەی "ئێکسپرێس" کاری رۆژنامەنووسی دەکات.

ئارۆن لەگەڵ نارەزایی دەربڕینی توند لەدژی مارکسیزم لە بەرانبەر رووناکبیرانی لایەنی چەپی فەرەنسا بەتایبەتی ژان پۆل سارتر خۆی دیتەوە. لە کتێبە بەناوبانگەکەی (ئەفیونی رووناکبیران) کە ساڵی 1955 چاپ و بڵاوکرایەوە، رەخنەی لە مەسڵەتکەری چەپخوازەکان و لایەنگری داگیرکارانەی حکومەتە مارکسیستییەکان دەگرێت. لە بەرهەمێکی دیکەیدا بەناوی (تراژیدیای ئەلجەزایر) کە ساڵی 1957 چاپکرا، بەرگری لەسەربەخۆیی ئەلجەزایر دەکات. ئارۆن لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا پرسی توندوتیژی و شەڕ دەخاتە بەرباس؛ بۆ وێنە لە کتێبی (شەڕ و ئاشتی)دا کە 1962 چاپکرا بە وردی تیشک دەخاتە سەر ئەو بابەتە. هەروەها کتێبێکی سەبارەت بە مێژووی کۆمەڵناسی نووسیوە بە ناونیشانی (رەوتە گرنگەکان لە مێژووی رامانی کۆمەلناسیدا) کە 1947 چاپ و بڵاوکرایەوە، هەروەها کتێبی بیرەوەرییەکانیشی ساڵی 1983 بە چاپ گەیشت.

ریمون ئارۆن لە حەڤدەی ئۆکتۆبەری 1983 لە پاریس ماڵاوایی لە ژیان دەکات و لە گۆڕستانی مۆنپارناس بەخاک دەسپێردرێت.

یەکێکی تر لە رەخنەگرانی «رۆشنبیریی سارتری» ریمۆن ئارۆن بوو کە لە سالی 1955دا بە چاپی کتێبە بەناوبانگەکەی واتە (ئەفیونی رووناکبیران) رەخنەی لە تێڕوانینی ئایدیۆلۆژیک و توندڕەوانەی رۆشنبیری چەپ و شۆڕشگێڕانەی سۆڤییەت گرت. ئارۆن رۆشنبیرانی چەپ بە موعتاد بوون بە ستەمکاری «ئایینی سێکولار» تۆمەتبار دەکات و بڕوای وایە کە ئەوان لە کاتێکدا رەخنە لە دەسەڵاتی سیاسی دەگرن لە کۆمەڵگە لیبراڵ و دیموکراتەکاندا، لە هەمان کاتدا چاوی خۆیان لە سەر خراپترین تاوانەکانی رژێمی کۆمۆنیستی دادەخەن.

ئارۆن بە رەخنەگرتنی لە سێ ئەفسانەی چەپ، شۆرش و پرۆلیتاریا دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە رۆڵی رۆشنبیر هیواداربوون نییە بۆ ئایدیای رزگاربوونی جیهانی، بەڵکو پەیوەستە بە جۆرێک لە واقیعگەرایی سیاسی لە گەڵ وشیاری ئەخلاقی. بە وتەی ئارۆن «ستەمکاری چەندین جار بە ناوی ئازادییەوە دروستبووە و ئەزموون ئەوەی بۆ سەلماندووین کە دەبێت بە پێی کردەوەکانیان نەک بانگەشەکانیان دادەوری لە سەر پارتەکان بکەین». بەدڵنیاییەوە، رەخنەی ئارۆن لە رۆشنبیری چەپ ئەم رستە بەناوبانگەی

سانتایانا (Santayana) فەیلەسووفی بەناوبانگی ئەمریکی بیر دەهێنێتەوە کە دەڵێت: «ئەوانەی وا رابردوویان لە بیر کردووە، مەحکومن بە دووبارەکردنەوەی». بە واتایەکی تر ئەگەر لە رابردوودا و لە ئێستادا دەسەڵاتێک بە ناوی دەسەڵاتی رۆشنبیرییەوە بەرامبەر بە نادادپەروەری و ستەمکاری دەسەڵاتە سیاسییەکان بوونی هەبێت تەنیا لەبەر هۆکاری بەرپەرسیارێتی ئەخلاقی رۆشنبیران لە ناوەندی گشتی و خەباتیان دژ بە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتدا بووە.



«مێشێل فۆکۆ،1926-1984»

فۆکۆ؛

**میشێل فۆکۆ** «Paul Michel Foucault» فەیلەسووف و شارەزا لە مێژوو لە پازدەی ئۆکتۆبەری 1926 لە پواتیەی فەرەنسا لەدایکبووە. لەساڵی 1952 لیسانسی دەروونناسی وەردەگرێت و لە نەخۆشخانە دەرونییەکان سەرقاڵی کارکردن دەبێت. ساڵی ١٩٦٦ دکتۆرای لەبواری فەلسەفە دا وەرگرتووەو لەساڵی 1970 وەک بەرپرسی بەشی «مێژووی سیستەمە فیکرییەکان لە کۆلیژی دوفرانس» هەڵبژێردرا و هەروەها لە زانکۆی ئەیالەتی نیویۆرک لە بۆڤالۆ و زانکۆی کالیفۆرنیا و زانکۆی برکلی سەرقاڵی وانەوتنەوە بوو. دواجار لە بیست وپێنجی ژۆئەنی 1984بە نەخۆشی ئایدز لە پاریس ماڵاوایی لە ژیان دەکات. فۆکۆ لەژێر کاریگەری فەیلەسوفانی وەک فریدریش نیچە و مارتن هایدیگەر دا بووە. بە هۆی هەبوونی بیروڕای پتەو روانگەی شۆرشگێرانە سەبارەت بە کۆمەڵگە و سیاسەت و مێژوو، بە یەکێک لە

ناسراوترین بیرمەندانی سەدەی بیستەم لەقەڵەم دەدرێت، هەروەها فۆکۆ لە ڕیزی ڕێبەرانی بیرۆکەی «پاش پێکهاتەخوازی»دا دێت، ئەگەرچی دواتر لێیان کشایەوە بەڵام لەدیمانەیەکدا بە ئاشکرا خۆی بە «نیچەخواز» دەناسێنێت.

فۆکۆ وەک یەکەم کەس باوەڕی وابوو کە زمان دەربڕی حەقیقەتی جیهان نییە، بەڵکوو ڕەنگدانەوەیەکە لە ئەزموونی شەخسی تاک. ئەو لە خوێندنەوەی زانستی مرۆڤناسیدا ئەوە دەخاتە بەرباس کە لە نێوان بەکارهێنانی زمان و دەسەڵات، شێوەیەک هاودەنگی بوونی هەیە؛ بە شێوەیەک کە زمان بۆ دەسەڵاتداران و خاوەنانی پلەوپایە وەک کەرەسە سەیر دەکرێت و بۆ پاراستن و بەرگریکردن لە پێگە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیان بەکار دەهێندرێت.

لای فۆکۆ، ئەرکی هێرمۆنتیک لێسەندنەوە لە دەسەڵاتێکی شاراوە لەناواخنی ئەو دەقە دایە کە دەیخوێنینەوە. دواجار ئەو سەبارەت بە بەڵگە مێژووییەکان لەسەر ئەو باوەڕەیە کە هەموو زەینی و دەسکاری کراون و لەراستیدا ڕەنگدانەوەی جیهانبنی نووسەر و خوێنەرە. ئەو ڕووداوە مێژووییانەی لەلایەن ئێمەوە تۆمار دەکرێن، ئەوانەن کە لەراستیدا مەیل و زەوقی ئیوە بۆ دەسەڵات لە پەیوەندی دان.

فۆکۆ دەڵێت: هەر پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی، خۆی پەیوەندییەکی دەسەڵاتە. بەڵام ئەو ئەوەش دەخاتە بەرباس کە هەر پەیوەندییەکی دەسەڵات مەرج نییە بە دەسەڵاتداریتی کۆتایی پێ بێت. لە ڕوانگەی فۆکۆ هێز و دەسەڵات لە کۆمەڵگەی مودێرن، سیستەمێکە کە لەپەیوەندی لەگەڵ زانست (تۆڕی زانست/ هێز) دایە کە تاک لە ناو خۆیدا دەبینێتەوە، بەو مانایە کە هاوکات تاک دەدۆزێتەوە واتە لەناو هەندێ شوێن ناوی تۆمار دەکرێ و خۆی لە ناوەوە لەگەڵ نۆرمەکانی ناو کۆمەڵگە ڕێک دەخات یان لەژێر چاوەدێری هەندێ زانستی وەک پزیشکی و دەروونناسی و پەروەردە دادەبێت و بەم پێیە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئەو هێزە. هێز جەستەی مرۆڤەکان لە ڕێگەی

پەروەردە و راهێنان و رێکخستنی چوارچێوەی ژیان دەخاتە ژێر کاریگەری، هەر بەم هۆیە دەکرێ قسە لە ژینگە-هێز یان ژینگە- سیاسی بکرێ کە دەیەوێت بەسەر جەستەی مرۆڤدا ئەنجام بدرێت و ئەو لەتەک ئەو نەزمەدا کە مەبەستێتی، رێک بخات. بەڵام فۆکۆ لە ئەنجامدا دەڵێت: کە مەبەستی سەرەکی ئەو لێکدانەوەی هێز و دەسەڵات نەبووە و ویستوویەتی کە لێکۆلینەوە لە مەسەلەی مژاد(سووژە) بکات، واتە چۆنیەتی شکڵ گرتنی تاک وەک کەسێک کە دەناسرێت و هەڵبەت بە بۆچوونی فۆکۆ هاوکات دەچێتە ژێرکاریگەری ملکەچبوون و گوێرایەڵی.

فۆکۆ لەگەڵ چەمکی دەسەڵاتدا مێژوویەکی تایبەتی هەیە. بۆئەو ئەم چەمکە هەرگیز چەمکێکی ئاسان نەبووە. بەڵام بەبێ گومان دەکرێ بوترێ ئەم چەمکە لە چەقی فەلسەفەی فۆکۆ دایە. هێربێرت درایفۆس مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی کالیفۆرنیا دەڵێ: وەک چۆن بوون چەقی فەلسەفەی هایدیگەرە، دەسەڵاتیش بەهەمان شیوەیە بۆ فۆکۆ.

ئەگەر گرامشی بە بیرمەندێک دابنێین کە خۆشبین بووە بە داهاتووی مارکسیزم و پرولتاریا ، لە بەرانبەر دا میشێل فۆکۆی فەرەنسی لە قۆناغێکدا بیر و ڕاکانی دەهێنێتە سەر لاپەڕە کە قەیرانی مارکسیزم، لانیکەم لە "جیهانی یەکەم" و "جیهانی دووهەم" بە تەواوی ئاشکرا کراون. فۆکۆ بە وێنەی بیرمەندێکی پاش پێکهاتەخواز «Post –Structuralist» کێشەگەلی چەند لایەنەی لەگەڵ مارکسیزم و پرۆژەی "رزگاریخوازی" یەکەی لە لایەن پرولتاریاوە هەیە.

میشێل فۆکۆ نیو سەدە پاش گرامێشی بە ئاماژەکردن بۆ چەمکی «رۆشنبیری تایبەت» ئایدیای «رۆشنبیری ئۆرگانیک»ی سەرلەنوێ زیندوو کردەوە. فۆکۆ بڕوای وایە کە رۆشنبیر بە واتایەکی تایبەتی وشە کەسێکە کە

خۆی وەکو سوژەیەکی ئازاد و ویژدانی جیهانی دەناسانێت، چونکە داکۆکیکەری حەقیقەتێکی گشتییە بەرامبەر بە دەسەڵات. بەڵام ئیستا هیچ شتێک بە ناوی حەقیقەتی گشتییەوە بوونی نییە و رۆشنبیر زیاتر لە کارەکتەری پسپۆڕێکدا کردار دەنوێنێت. بە واتایەکی تر، رۆشنبیری تایبەت لە چوارچێوەی زانستێکی تایبەتدا سەرقالی بابەتی حەقیقەت و پەیوەندی ئەوە لە گەڵ دەسەڵاتدا دەبێت. لە تێڕوانینی بیرمەندێکی وەکو فۆکۆ، رۆشنبیری پۆست مۆدێرن بە پێچەوانەی رۆشنبیری زۆلایی – سارتری چیتر خاوەنی گوتارێکی گشتی و جیهانی نییە تاوەکو بە ناوی بی تاوانەکان یان زوڵملێکراوەکانەوە قسە بکات، بەڵکو ئامانجی ئەو رزگارکردنی حەقیقەتە لە هەژموونی زانستە پۆزەتیڤیستەکان و ئەو باسە هەمەلایەنانە بێت کە بۆی دەکرێت.

بەشێکی زۆر بڕوایان وایە کە رووداوەکانی مانگی مایسی 1968 لە فەڕەنسا دەستپێکی رۆشنبیری پۆست مۆدێرن و کۆتایی هاتنی رۆشنبیرە لە شێوازی زۆلایی – سارتری دا. میشێل فۆکۆ بڕوای وابوو کە لە مایسی 68دا رۆشنبیر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە چین و توێژەکان بۆ دەستکەوتنی وشیاری هیچ پێویستیان بە ئەو نییە .

ئەو تەئکید دەکاتەوە کە مەسەلەی "هێز" لە هەمبەر مەسەلەکانی دیکە لەوانە "بەرژەوەندی ئابووری" و ماددی بوونی ئەوان لە ناوەندە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا، وەک بوروکراسی، سوپا. ئاسایشگای رەوانی، و بەندیخانە هەوڵ دەدات " "گشتتخوازی" ئەوان ئاشکرا و لاواز بکات و بۆ پێکهێنانی بەرخۆدان و بەرگری لەبەرانبەریاندا هاوکاری بکرێن.

بۆ فۆکۆ، بەکارهێنانی هێز تەنیا بە ناوەندە کۆمەڵایەتییەکانەوە سنووردار نەکراوە. هێز لەگەڵ "زانست" «Knowledge» یش لە پەیوەندییەکی نزیک دایە. کەوابوو بەشێک لە مرۆڤەکان، لە رێگەی بەرهەمهێنانی زانستی و گوتارگەلی جۆراوجۆر، لە کردەوەدا پەیوەندی نێوان هێز لەگەڵ سووژەگەلی

جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی وەک؛ (ژنان، هۆمۆ سێکسوالەکان، کەمایەتییە نەتەوەیی و مەزهەبی و نەژادکان و خەڵکی "جیهانی سێهەم) پێکدێنن.

لەم سۆنگەوە کە تێروانینی فۆکۆ سەبارەت بە کۆمەڵگە پابەندە بە "جیاوازییەکان" و "نەبوونی تەرکیز". ئەو لە پرۆژە سیاسیەکەی خۆیدا باوەڕی بە "رزگاری" گشتی و جیهان نییە؛ مەگەر ئەوەی کە ئەم باوەڕە لە لایەن پرولتاریا و رووناکبیرەکانی بخرێتە بەر باس. فۆکۆ لە بنەڕەتدا بڕوای بە هاودەردی و هاوکاری ئەو گروپانە بوو کە تووشی هەڵاواردن و ستەم «کەمایەتییەکان» هاتوون. تەنیا ئەو بەشە لەو رووناکبیرانە کە لەگەڵ ئەو گرووپانە تێکەڵاوییان هەیە، لەنێو ئەواندا سەرهەڵدەدەن و هەڵگری زانستی تایبەتی لەو بوارە دان. "رووناکبیرانی تایبەت" «Specific» رۆڵی کاریگەریان هەیە. بە باوەڕی فۆکۆ ؛ سەردەمی "نوێنەرایەتیکردن" بە سەر چووە!

"میشێل فۆکۆ" سەرەڕای ئەوەی کە لە مەڕ رۆشنبیر باسی زۆری کردووە، بەڵام ئیدیعا دەکا کە نایناسێ و هیچکات دیداریانی نەکردووە. بۆیە لە روانگەی فۆکۆوە چەمکێک بەناو رۆشنبیر لە ئارادا نییە. "فۆکۆ « دەڵێ بەڕای من چەمکی رۆشنبیر چەمکێکی سەیرو سەمەرەیەو ناچار بە بیر کردنەوەم دەکا، من هیچکات لەگەڵ «رۆشنبیری» بەرەوڕوو نەبووم. رۆشنبیر لە بەرامبەر رۆڵێکدا کە وەئەستۆی دەگرێ پێناسە دەکرێ، "فۆکۆ"ش بە هۆی رۆڵو ئەرکێک کە بە رۆشنبیری دەدات حاشای لێ دەکا. هەر بەم هۆیەوە "فۆکۆ" «خەیاڵو خولیای رۆشنبیری» لەسەر دایە کە رووخێنەری باوەڕو گشتگیرییە، کەسێک کە لە دەستەوەستانیو بەربەستەکانی ئێستا، خاڵە لاوازەکان، هێڵو ئاراستە بەهێزەکانو کەلێنو بۆشاییەکان دەست نیشانو هێمایان بۆ دەکا، کەسێک کە بەردەوام خۆی دەگۆڕێ، نە بەتەواوەتی و بەوردی دەزانێ بە کوێ دەگا، نە ئەوەی کەلە داهاتوودا چۆن بیر دەکاتەوە، چونکە چاودێری هەنووکەیە.

بەڕای "**فۆکۆ**" ڕۆشنبیر لە بەراورد لەگەڵ جەماوەردا خاوەنی دوو تایبەتمەندییە: ئاگایی‌و ئاخێوەری، "فۆکۆ"ڕاشکاوانە دەڵێ: ڕۆڵی ڕۆشنبیر ئیدی ئەوە نییە کە خۆی وەک پێشەنگ یان لە پەراوێزدا ببینێتەوە، تاکوو لە ڕێگای حەقیقەتەوە نەوتراوەکان بخاتە ڕوو، لەراستیدا ڕۆشنبیر دەبێ بە دژی شێوازە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵات خەبات بکا کە هەم تاکو هەم بابەت‌و ئامرازیەتی بگرێتەوە.



«ژاک ئاناتۆل فرانس، 1844-1934»

**ئاناتۆل فرانس؛**

**ژاک ئاناتۆل فرانس** «François-Anatole Thibault» کە لە فەڕەنسا بە ئاناتۆل فرانس «Anatole France» ناسراوە، لە شازدەی ئاڤریلی 1844 لە پاریس لەدایکبووە، ئەو بە یەکێک لە دیارترین نووسەرانی فەڕەنسا

دەناسرێت و بیر وڕاکانی سەبارەت بە پرسە جۆراوجۆرەکان بە بایەخەوە سەیر دەکرێت. دواتر نازناوی «پادشای پەخشانی فەرەنسا» بە ئاناتۆل فرانس دەبەخشن، باوکی ئاناتۆل ناوی فرانسوا و دووکانێکی کتێبفرۆشی بوو و ناوی «فرانس» لە ناوی باوکییەوە وەردەگرێت و ساڵی 1873 واتە لە تەمەنی بیست و نۆ ساڵیدا «شیعرە زیڕینەکان»ی خۆی بڵاودەکاتەوە. ئەو سەردانی شوێنە ئەدەبییەکانی فەرەنسای دەکرد و هۆگری ڕەوتە ئەدەبییەکان بوو. هێدی هێدی دەست دەکات بە نووسینی چیرۆک و بەرهەمە ئەدەبییەکان لە قاڵبی شیعر و پەخشاندا.

لە ساڵی 1879 کتێبی «ژۆسکات و پیشیلەی لاواز» دەنووسێت و لە 1881 «جینایەتی سیلوستەر بونار» بڵاودەکاتەوە. ساڵی 1885 «کتێبی هاوڕێی من» هەڵبژاردەیەک لە بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی خۆیەتی، دەنووسێت. ناوبراو لە ساڵی 1887 تا 1893 دا بەرپرسایەتی لاپەڕەی ئەدەبی بڵاوکراوەی «تان» لەئەستۆ دەگرێت و بەرهەمەکانی خۆی لە چوار بەرگدا بە چاپ دەگەیەنێت. پاشان دیسان دەست دەکات بە نووسینی چیرۆک و ساڵی 1889 «باڵتازار» و لە 1890 «تائیس» و لە 1893 دا «باوەڕەکانی ژروم کوانار» لە 1894 دا«شەڕی سوور» دەنووسێت. ساڵی 1896 دێتە ناو ئاکادیمیای فەرەنسا و وەک ئەندامی ئاکادیمیای فەرەنسا وەردەگیردرێت. لەو سەردەمەدا ناوبراو گۆڤاری «مێژووی هاوچەرخ» و « بێرژە لە پاریس» لە 1901 دەنووسێت کە وەک چیرۆکەکان و ڕۆمانەکانی لەلایەن خەڵکەوە پێشوازی لێدەکرێت و هێدی هێدی هاتە ناو دونیای سیاسەتەوە.

ئەو لە کتێبەکانی «لەسەر بەردی سپی» و «دورگەی پەنگوئەنەکان» و «نافەرمانی فریشتەکان»دا گاڵتەجاڕی ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بنبەستە لەناونەچووەکانی ئەندێشەی مرۆڤایەتی دەخاتە ڕوو. کتێبی «خوداکان تینوون» کە لە 1912 دا چاپ دەکرێت وەک ئاوێنەیەک دەچێت کە تیایدا

ئاناتۆل فرانس کارەساتی شۆرشی فەڕەنسا بە رەنگ و روویەکی تایبەت پیشان دەدات. لەساڵی 1908دا کتێبی «ژیانی ژاندارک» بڵاودەکاتەوە وەک شاکارێکی سەرنجراکێشی مێژوویی سەیر دەکرێت. دوای شەڕی جیهانیی یەکەم زەربەیەکی گەورە لە رۆحی هەستیاری ئاناتۆل فرانس دەدات. لە داوی بێبەندوبارییە فیکرییەکانی رووناکبیرانی سەردەمی خۆی دەکەوێت. لەو سەردەمەدا دوو کتێب کە دوایین بەرهەمەکانی ئەون و بیرەوەرییە شیرینەکانی سەردەمی منالّی خۆی تیایدا رەنگ دەدەنەوە، دەنووسێت کە بریتین لە «کوڕی بچووک» لە ساڵی 1919دا و «لە باوەشی گوڵەکاندا» کە لە 1921دا بڵاو دەکرێنەوە. بەهۆی نووسینی ئەم دوو بەرهەمە «خەڵاتی نوبێلی ئەدەبی 1921» وەردەگرێت و لە ساڵی 1922دا بە هۆی هێرشەکانی بۆ سەر مەسیحییەت چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی قەدەغە دەکرێن.

ئەو بەرهەمەکانی خۆی بە زمانێکی بەهێز و ئاسان و بێلایەنانە دەنووسی و شێوازەکانی کلاسیکی تێدا رەچاو دەکرد.

لە دەیەی 1920دا بەشێک لە بەرهەمەکانی ئاناتۆل فرانس لە پێرستی کتێبە قەدەغەکراوەکانی فەڕەنسادا تۆمار کرابوو. دواجار لە دوازدەی ئۆکتۆبەری 1934 لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا ماڵاوایی لە دونیای نووسین و ژیان دەکات.

پێناسەی «ئاناتۆل فرانس» لە «رۆشنبیر» ئەو گرووپە لە بیرمەندانو هەڵکەوتووانی کۆمەڵگەن کە بەبێ ئەوەی ئەرکێکی سیاسی جیا لە چالاکییەک لە چوارچێوەی گرووپو توێژێکدا بەوان سپێردرابێ، دەست وەردەدەنە کاروبارو لە هەمبەریاندا دژکردەوە نیشان دەدەن کە پێوەندی بە بەرژەوەندی و قازانجی کۆمەڵگەوە هەیە.

# ژیان و بەسەرهاتی ئالفرێد دریفوس

# ALFRED DREYFUS




«تابلۆی خیانەتکار، تێکشاندنی ئالفرێد دریفوس، بەرهەمی هێنری مایەر- لۆ پێتی ژورنالی وێنەیی- ژمارە 217- 13 ژانوییەی 1895- © کتێبخانەی مەجلیسی ئەنجومەنی نەتەوەیی»

1859: لەدایکبوونی ئالفرێد دریفووس لە شاری مولوز«Mulhouse»

1870: داگیرکردنی آلزاس لۆرێن «Alsace-Lorraine»

1894: دەستگیرکردن و بەندیخانەیکردنی ئالفرێد دریفوس

1895: تێکشکاندنی دریفوس لە قوتابخانەی سەربازی لە پاریس و دواتر بۆ دورگەی شەیتان دوور دەخرێتەوە

1898: چاپ و بڵاوبوونەوەی وتاری بەناوبانگی "J’accuse" لە نووسینی ئێمیل زۆلا «Émile Zola»

1880-1918: لە سوپای فەرەنسادا بووە

1903: هەوڵدان بۆ سەر لە نوێ پێداچوونەوە لە لایەن ژان ژورس « Jean Jaurès»

1906: وەرگرتنی خەڵاتی شوالیە لیژیۆن دۆنۆر

1918: وەرگرتنی خەڵاتی شوالیە لیژیۆن دۆنۆر بۆ جاری دووهەم

1935: مردنی ئالفرێد دریفوس لە پاریس لە تەمەنی 75 ساڵیدا



«ئالفرێد دریفوس 1859-1935»

فرانسوا موریاک سەبارەت بە رووداوی دریفوس دەڵێت: "رووداوی دریفوس یەک تراژیدیایە کە قارەمانەکەی کەسێکی نەناسراوە، ئالفرێد دریفوس کە بە رواڵەت کەسێکی بێلایەنە، ژیانی بە چارەنووسێکەوە بەندە، وەکوو ئەسپ بە بێ یاری لەگەڵ مانگا، وەکوو گریان بێ چاو، کە تیایدا هەموو شتێک بە هەڵواسراوی و خنکێندراوی دەبیندرێن، ئەو ناتوانێت هاوار بکات، ئەو پێویستی بە هاوار نییە."

شەشی ئۆکتۆبەری 1894 بەشی زانیاری سەر بە سوپای فەرەنسا رایدەگەیەنێت، کاپیتان ئالفرێد دریفوس بەهۆی پەیوەندیگرتن لەگەڵ باڵوێزخانەی ئاڵمانیا و بەڵگەنامەی نهێنی سەر بە سوپای خستۆتە بەردەستی باڵوێزی ئەم وڵاتە «Maximilian von Schwartzkoppen» و بە تۆمەتی

خیانەتکاری دەخەنە پاڵ و هەر لەو ساڵەدا دەستگیر دەکرێت و ماوەیەک لە بەندیخانەدا دەبێت و دواتر بۆ دوڕگەی شەیتان دوور دەخرێتەوە.

چەند ساڵ دواتر روون دەبێتەوە کە ئالفرێد دریفوس بێ تاوانە و بە ناحەق دەستگیر کراوە و ئێمیل زۆلا وەک نارەزایی دەربڕین نامەیەک دەنووسێت و نزیکەی سێسەد نووسەر و بیرمەند بۆ پشتیوانی لە دریفوس بەیاننامەی نارەزایی بڵاو دەکەنەوە کە دواتر بە "بەیاننامەی رووناکبیران" ناسرا.



«واژۆی ئالفرید دریفوس»

ئالفرێد دریفوس «Alfred Dreyfus» کاپیتانی بەشی تۆپخانە لە سوپای فەرەنسا بە هەڵە تۆمەتی خیانەت بە فەرەنسا چەند ساڵێک بەند دەکرێت، دریفوس کە پەیرەوی لە ئایینی جوولەکە دەکرد، ساڵی 1894 بە تاوانی سیخوری بۆ وڵاتی ئاڵمانیا بە تۆمەتی خیانەت بە فەرەنسا دەستگیر دەکرێت و دواتر دادگایی سەربازی هەر لەو ساڵەدا بۆ وەرێدەخرێت و بەرپرسایەتی سەربازی لێدەستێندرێتەوە و بۆ هەمیشە لە زێدی خۆی دوور دەخرێتەوە و بۆ تێپەڕاندنی قۆناغی مەنفا رەوانەی دوورگەی شەیتان لە ناوچەی گۆیان لە باکووری رۆژهەڵاتی ئەمریکای باشووری دەکرێت. دوای پێنج ساڵ مانەوە لە تاراوگە هەندێ بەڵگە ئاشکرا دەبن کە نیشان دەدەن ئالفرید

دریفوس بێتاوانە و باسە سیاسییەکان سەبارەت بە دادگاییکردنی ئەو پەرە دەستێنێت.

تیئۆدۆر هێرتسل، رۆژنامەنووس و چالاکڤانی سیاسی جوولەکە کە کۆبوونەوەکانی تایبەت بە دادگاییکردنی دریفوس بۆ رۆژنامەی ئوتریشی "نویە فرایە پرسە" ئامادە دەکرد، لە کاتی گواستنەوەی راپۆرتەکانی و بینینی هەڵوێستی دژ بە جوولەکەکان لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا بەو ئەنجامە دەگات کە جوولەکەکان پێویستیان بە وڵاتێکی سەربەخۆی تایبەت بە خۆیان هەیە و هەر لەم پەیوەندییەدا کتێبی (وڵاتی جوولەکە) دەنووسێت و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی "بزووتنەوەی سەهیونیزم" دادەمەزرێنێت.

لە نۆززدە سیپتەمبەری ساڵی 1899 ئالفرێد دریفوس وەبەر بڕیاری لێبوردنی سەرۆککۆماری ئەو کاتی فەڕەنسا ، لۆبێ Loubet دەکەوێت و لە بەندیخانە ئازاد دەبێت. پاش ئازادی لە بەندیخانە جارێکیتر لە سوپا دادەمەزرێت و بەرپرسایەتی گرنگی پێدەسپێردرێت. ساڵانی 1906 و 1918 خەڵاتی شوالیە لێژیۆن دۆنۆر کە بەناوبانگترین خەڵاتی فەڕەنسایە وەردەگرێت. ساڵی 1935 لە پاریس ماڵاوایی لە ژیان دەکات و لە رێو رەسمی بەخاکسپاردنیدا نووسەر و رووناکبیرانی ناسراو لەوانە ئیمیل زۆلا بەشدار دەبن. بەرهەمە چاپکراوەکانی ئالفرێد دریفوس بریتین لە؛

نامە بێ تاوانەکان 1898

نامەی کاپیتان دریفوس بۆ هاوسەرەکەی 1899 لە دورگەی شەیتان نووسراوە.

پێنج ساڵ لە ژیانی من 1901

بیرەوەری و نامەکان کە دوای مەرگی دریفوس لە 1936 چاپکراوە.



ئالفرێد دریفوس لەساڵی 1935 دوایین ساڵی ژیانیدا»

# دريفوس «خاڵی دەسپێکی ڕۆشنبیری لە ڕۆژاوا»

وشەی ئەنتێلێکتوال بۆ یەکەمجار لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم لە فەڕەنسا، لە میانەی قەیرانێکی سیاسی لە نێوان بەشێک لە پاوانخوازان  لە دژی گرووپێک لە بیرمەندان کە تێروانینی رەخنەگرانەیان هەبوو، بەکار هات. «دادگایی دریفوس» بیرمەندانی وەک زۆلا، پرۆست، بلوم، وەک بەشێک لەو ناڕازییانە دادگایی کران و نارەزاییینامەکەیان ناوی "مانیفێستی ئەنتێلێکتوالەکان" یان "بەیاننامەی رووناکبیران"ی بە خۆوە گرت. هەرچەند کە ڤۆلتێر و رۆسۆ لە سەدەی هەژدەیەمدا و چەند سەدەیەکیش پیش ئەوان سوقرات لە ئەسینای کۆن چالاکی رۆشنبیری لە سەر بنەمای ئامادەبوونێکی بەردەوامی فەیلەسووفان لە ناوەندی گشتیدا چەسپاند، بەڵام بە هەر شێوەیەک بێت ناکرێت نکۆڵی لەوە بکرێت کە رووداوی دریفوس بە خاڵی سفری ئامادەبوونی رۆشنبیرانە لە ناوەندی گشتی کۆمەلگای مۆدیرندا لە قەڵەم دەدرێت.



## «ئیمیل زۆلا، 1840- 1903»

ئیمیل زۆلا؛

ئیمیل فرانسوا زۆلا «Émile François Zola» له دووی ئاڤریلی 1840 لەدایکبووە و لە بیست و نۆی سیپتەمبەری 1902 ماڵاوایی لە ژیان دەکات. یەکێک لە بەناوبانگترین نووسەرانی فەرەنسایە لەسەدەی نۆزەدەیەمدا. خوێندنی لە قوتابخانەی ئەدەبی ناتۆرالیزم تەواو کرد و رۆڵی گرنگی لە پەرەپێدانی شانۆی ناتۆرالیزم «سرووشتی» هەبوو، زۆلا بە یەکێک لە کەسایەتییە سەرەکییەکان لە ئازادیی سیاسی فەرەنسا لەقەڵەم دەدرێت و ناکرێ رۆڵی ئەو بۆ رزگاری ئالفرید دریفوس کاپیتانی سوپای فەرەنسا کە بە تاوانی خیانەت بە وڵات بەندکرابوو، لەبیر بکەین.

ئەو یەکێک لە ناسراوترین نووسەرانی ناتۆرالیستی دونیایە، ئەو هەوڵیدا بە شێوازی "رووتنووسی" زۆر رووداوی ناشایستی خستە قاڵبی چیرۆک، ئەو لە نووسینەکانیدا باس لە پەیوەندییە سکێسییەکان دەکات و لە یەکێک لە نووسینەکانیدا باس لە کەشیشێکی زیناکار دەکات کە کەوتۆتە داوی خۆشەویستی کچێک و پەیوەندی خۆشەویستی و سێکسی نێوان ئەو دوو کەسە لە قاڵبی چیرۆکێکدا دەنووسێتەوە.

ئیمیل زۆلا لە رووداوی دریفوسدا وەک کەسێک کە بەرگری لە دریفوس کرد ناوی دێت و دواتر شەپۆلێک بۆ نارەزایی بەرانبەر بە دەستگیرکردنی دریفوس وەرێدەخات.

مەسەلەی دریفوس شوناسێکی پێکەوەیی نوێی لە نێوان رۆشنبیرانی ئەوروپادا دروستکرد. زۆلا لە داکۆکیکردنەکەی خۆیدا ئاماژە بۆ دوو چەمکی «حەقیقەت» و «دادپەروەری» دەکات کە ئەمە بە خاڵێکی دەستپێک بۆ بزووتنەوەی رۆشنبیری رۆژئاوا و پێگە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکەی هەژمار دەکرێت. زۆلا لە وتارە بەناوبانگەکەی خۆیدا "من تاوانباری دەکەم" کە لە رۆژی سێزدەی ژانوییەی 1898 دا لە رۆژنامەی ئۆرۆر «Aurore» چاپکرا، دەنووسێت: «ئەگەر حەقیقەت لە ژێر زەویدا بشارنەوە، کەڵەکە دەبێت و بە هێزیکی تەواوە دەتەقیتەوە و ئاشکرا دەبێت کە هەموو شتێک لە گەڵ خۆیدا لە ناو دەبات».

زۆلا لێرەدا باس لە تەقینەوەی حەقیقەت و دادپەروەری دەکات کە بەرامبەر بە دەسەڵات دەوەستێت. خەباتی رۆشنبیرێکی وەکو زۆلا بۆ گەڕان بە دوای حەقیقەت و دادپەروەری کۆمەڵایەتی سیمایەکی ئەفسانەیی بەخشییە رۆشنبیر کە وەکو کەسێکە هەمیشە لە پێگەی بەرژەوەندییەکانی بی تاوانەکان و زوڵملێکراوان دژ بە دەسەڵات قسە دەکات. بەم کارەی زۆلا و«مانیفێستی رۆشنبیران»، گوتاری رۆشنبیری لە چوارچێوەی ئەدەبی و پەروەردەیی و زانستی دوور دەکەوێتەوەو و لە چوارچێوەی بیرکردنەوەیەکی رەخنەگرانەدا دەگۆڕدرێت بۆ «گوتاری حەقیقەت»، لەمە بە داوەوە ئەو حەقیقەتەی کە رۆشنبیر باسی لێوەدەکات و لە پێناو خەباتیکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بەکاری دەهێنا، دەبێتە حەقیقەتیکی جیهانگیر. بەمشێوەیە، سەربەخۆیی و دەسەڵاتی مەعنەوی رۆشنبیران لە رووبەڕووبەروونەوەی حەقیقەت و دەسەڵاتدا درووست بوو.

هەر بۆیە بەرپرسیاریەتی رۆشنبیران بوو بە بەشێکی جیانەکراوە لە ئایدیای جیهانگیربووندا. لەم سەردەمە بە دواوە، دەسەڵاتی تایبەتی رۆشنبیری بریتی بووە لە قسەکردن سەبارەت بە ئەخلاق و حەقیقەت بەرامبەر بە دەسەڵات. بەڵام وێنەی قارەمانانە و ئەخلاقی رۆشنبیر– هاوڵاتی کە لە وتارەکەی زۆلا بە ناونیشانی «من تاوانباری دەکەم»، گۆڕابوو بۆ داکۆکیکردن لە حەقیقەت و دادپەروەری، بەرە بەرە بە هاتنە سەرکاری ئایدۆلۆژیا تۆتالیتارەکانی سەدەی بیستەم کاڵ بوویەوە و جۆرێک لە «رۆشنبیری دژە رۆشنبیر» -وەکو ئادێرنۆ وا دەڵێت- یان «خیانەتی رۆشنبیر» بە (پیی وتەی ژولین بێندا) دروست بوو. بێندا لە جیاتی وشەی ئینتلیکتوال سوودی لە چەمکی کلیرک بینی کە بە واتای کەسێکە کە لە هەوڵی گەڕان بە دوای ئامانجێکی کردەییدا نییە بەڵکو بە دوای دەستکەوتی زانستی و ئافراندنی هونەرییە. لەم لایەنەوە، بێندا بروای وایە کە رۆشنبیر دەبێت لە گەڕان بە دوای عەقڵ و حەقیقەتدا بێت و لە کۆمەڵێک بەهای وەکو ئیمان و عەشق و ئازایەتی و ئامانجە ئایدۆلۆژییەکان خۆی بپارێزیت. وەکو بێندا دەڵێت تەنیا بەمشێوەیە کە رۆشنبیران دەتوانن ببنە ویژدانی مرۆڤایەتی و بە جێگیربوونیان لە سەرووی بەها جیهانییەکان رەخنە لە سەرکوتکردن و دەسەڵات بگرن. ژولین بێندا رۆشنبیر بە هەڵگری بەها جیهانگیرەکان و بان نەتەوەیی و بان مێژوویی و بان

کەلتوورییەکان دادەنێت و هەلی رەخنە لە دەسەڵات لە پەیوەندی لە گەڵ ئەم بەهایانەدا دەستنیشان دەکات.

ئەو رەخنەیەی بێندا لە رۆشنبیرە ئایدۆلۆژییەکانی سەردەمی خۆی هاوشێوە بوو لەو رەخنانەی ئەفلاتون لە سۆفستاییەکان، و ئەو وتەزای «رۆشنبیری میتافیزیکی» بەرامبەر بە وتەزای «رۆشنبیر – هاوڵاتی» سوقراتی–زۆلایی دادەنا. بێندا بڕوای وابوو کە رۆشنبیران بە ئامادەبوونێکی بەرچاو لە ناوەندە گشتییەکاندا، خیانەت لە پەیامەکەی خۆیان دەکەن کە داکۆکیردنە لە بەها میتافیزیکی و مەعنەوییەکان. ئەوەش بڵێین کە ئەو بەها میتافیزیکیانەی کە بێندا لە کتێبی (خیانەتی رۆشنبیران) بەرامبەر بە واقیعی سیاسی سەردەمەکەی خۆی دایدەنێت، وەڵامێکی راستەوخۆ و راشکاوانەیە بۆ بابەتە سیاسی – ئابوورییەکانی ساڵانی کۆتایی 1920 لە ئەورووپا و داڕمانی بەها ترادسیۆنییەکانی بورژوازی.



CULTURE

Le Journal du Dimanche

# Les nouveaux intellectuels

Leurs idées, leur influence, leurs engagements… Portrait de neuf jeunes penseurs qui bousculent le conformisme

a marqué la fin des grandes figures incontestables. Mais l'historien Michel Winock souligne la nécessité d'avoir recours à des penseurs pour percer à jour la complexité croissante du monde. Le journaliste Frédéric Taddeï le rejoint. « On a besoin d'intellectuels, comme l'économiste Daniel Cohen, dotés d'une pensée et d'une vision du monde. » La société a changé et l'intellectuel a changé avec elle. Peut-être trop. Le rôle de l'intellectuel est d'éventrer le matelas des clichés. Mais si le risque du conformisme est grand, celui de la radicalité l'est tout autant. Dilution et provocation sont deux impasses à éviter. Car, comme le souligne Gilles Finchelstein, un des neuf intellectuels auxquels nous donnons la parole, il s'agit de nouer un dialogue entre les différents acteurs de la société pour faire avancer les choses. On a vu, sur le plateau de Frédéric Taddeï, des débats électriques : Caroline Fourest et Tariq Ramadan ; Louis Chauvel et Laurence

# L'Histoire intellectuel de la France au vingtième siècle

# مێژووی رووناکبیریی فەڕەنسی لەسەدەی بیستەمدا

ئەو بابەتە کە "مێژووی رووناکبیریی فەرەنسا" لە خۆ دەگرێت، دەقی قسەکانی رامین جیهانبەگلووو نووسەری ناسراوی ئێرانییە کە ساڵی 2005 لە "ماڵی هونەرمەندانی ئێران" پیشکەشی کرد.

رامین جیهانبەگلوو لە وتەکانیدا دەڵێت: ئێمە ئەگەر بمانەوێ باس لە چەمکی رووناکبیریی لەسەدەی بیستەمدا بکەین، دەبێ باس لە فەرەنسا بکەین، چونکە رووناکبیریی فەرەنسا کاریگەری لە سەر رووناکبیریی ئێران داناوە.

جیهانبەگلوو ئاماژەی بەوەش کردووە: ئێمە وشەی "ئەنتلێکتوال" مان لە زمانی فەرەنسی وەرگرتووە و لە زمانی فارسیدا کردوومانەتە وشەی "روشنفکر".

بە هاتنی ئەم وشەیە بۆ ناو ئەدەبیاتی فارسی، دەتوانین بڵێین وشەی رۆشنبیر یان رووناکبیر راستەوخۆ لە وشەی "روشنفکر"ی فارسی کراوە بە کوردی، مێژووی رووناکبیریی فەرەنسا و بنەما فەلسەفیەکانی رووناکبیریی فەرەنسا کە جیهانبەگلوو لە وتەکانیدا باسی دەکات، لە رووی مێژووییەوە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، لێردا هەوڵم داوە لە رووی ناوەرۆکەوە دەوڵەمەندی بکەم و گەڕاومەتەوە سەر سەرچاوەکان بە زمانی فەرەنسی.




«ڕووداوی دریفوس 1898 له فەڕەنسا»

ئەگەر بمانەوێ "مێژووی ڕووناکبیریی فەڕەنسا لە سەدەی بیستەمدا" بخەینە بەر باس دەبێ بەسەر «7» قۆناغ دابەشی بکەین؛

1- قۆناغی یەکەم لە ساڵی 1898 بە ڕووداوی "دریفوس" دەست پێدەکات کە دەکرێ بە خاڵی دەسپێکی ڕووناکبیری لە وڵاتی فەڕەنسا ئاماژەی پێبکەین.

2- قۆناغی دووهەم لە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ شۆڕشی ڕووسیا و پەرەپێدانی فاشیزم لە ئۆروپا دەخریتە بەر باس.

3- قۆناغی سێهەم، قۆناغی بەرەی جەماوەری «Front populaire» لە شەڕی ئیسپانیا و شەڕی جیهانیی دووهەم لە لە ساڵی 1939 دا.

4- قۆناغی چوارەم، قۆناغی دوای شەڕی جیهانیی دووهەمە لە 1945 تا 1968 کە دەکرێ بە ساڵەکانی سارتر ناوی ببەین.

5- قۆناغی پێنجەم، قۆناغێکە کە دەکرێ بە ناوی قۆناغی ئەندێشەی 68 و سەرهەڵدانی بیرمەندانی وەک؛ فۆکۆ، لیوتار، دلۆز، دریدا ناوی ببەین.

6- قۆناغی شەشەم، قۆناغی فەیلەسووفانی نوێیە کە لە سەرەتای 1970 دەست پیدەکات و تا ئێستاش بەردەوامە و قۆناغی رەخنەی توتالیتاریزم و سیاسەتەکانی چەپ لە وڵاتی فەڕەنسایە.
7- دواجار قۆناغی حەوتەم کە هەر ئەم قۆناغەیە وا تێدەپەڕێت، قۆناغی پووکانەوی بکەری سیاسی و بە قۆناغی پەرەسەندنی رووناکبیر-هاوڵاتی ناو دەبردرێت.

هەر کام لەم قۆناغانە بە روانینی فەلسەفی و کاریگەری فەلسەفی جۆراوجۆر ئاوێتە بووە کە دەکرێ دوای هەڵسەنگاندنی مێژووی رووناکبیریی فەڕەنسا ئاوڕیان لێ بدرێتەوە.




«تابلۆی ئالفرێد دریفوس لە دوورگەی شەیتان- بەرهەمی «F. Méaulle»- لۆ پێتی ژورنالی وێنەیی- ژمارە 306- 27 سیپتەمبەری 1896- © کتێبخانەی مەجلیسی ئەنجومەنی نەتەوەیی

**قۆناغی یەکەم؛**

قۆناغی یەکەم واتە سەرهەڵدانی رووناکبیریی لە فەرەنسا بە رووداوی دریفوس دەست پێدەکات کە تیایدا رووبەرووبوونەوەی ئایدۆلۆژیک لە نێوان نەریتخوازەکان و مودێرنیتە چەپەکان روو دەدات.

شەڕ و پێکدادانێک کە بە کۆتایی هاتنی شەڕی فەرەنسا و پروس لە 1871 لە فەرەنسا دەست پێدەکات و گرژی لە سەر مەسەلەی دریفوس درێژەی کێشا و کەلێنی نێوان نەتەوەپەرەستان و کۆماریخوازەکانی گەورەتر کردەوە.



1

Lettre à M. Félix Faure
[Président de la République]

10

Monsieur le Président,

Me permettez-vous, dans ma gratitude pour le bienveillant accueil que vous m'avez fait un jour, d'avoir le souci de votre juste gloire et de vous dire que votre étoile, si heureuse jusqu'ici, est menacée de la plus honteuse, de la plus ineffaçable des taches?

Vous êtes sorti sain et sauf des basses calomnies, vous avez conquis les cœurs. ~~Votre étoile a été atteinte~~ Vous apparaissez rayonnant dans l'apothéose de cette fête patriotique que l'alliance russe a été pour la France et vous vous préparez à présider au solennel triomphe de notre Exposition

«بەشێک لە وتاری "من تاوانبار دەکەم" لە نووسینی ئێمیل زۆلا 1898»

لەو قۆناغەدا بەیاننامەی رووناکبیران بە شێوەی نارەزاییەکی ئەخلاقی لە دەرەوەی هەر هەڵوێستێکی حیزبی روویدا. لە راستیدا (رووناکبیری) دوابەدوای وتاری بەناوبانگی "ئێمیل زۆلا" لە ژێر ناوی "**من تاوانبار دەکەم**" لە ساڵی 1898 لە پانتایی گشتی فەرەنسا سەرهەڵدەدات.



Cinq Centimes

ERNEST VAUGHAN

L'AURORE

Littéraire, Artistique, Sociale

J'Accuse...!

LETTRE AU PRÉSIDENT DE LA RÉPUBLIQUE

Par ÉMILE ZOLA

LETTRE A M. FÉLIX FAURE

Président de la République

«وتارەکەی زۆلا لە رۆژنامەی «L'Aurore» لە دووی ڤێوریيەی 1898»

دوابەدوای تاوانبارکردنی زۆلا، رووناکبیرانی فەرەنسی وەک ئاناتۆل فرانس، شارل بگی، مارسێل پرۆست و چەند کەسی دیکە بە بڵاوکردنەوەی وتارێک لە رۆژنامەی «L'Aurore» لە دووی ڤێوریيەی 1898 پشتیوانی خۆیان لە زۆلا بە ناوی "**داد و حەقیقەت**" راگەیاند.

ئەگەر بمانەوێ "بەياننامەی رووناكبيران" بە خاڵی دەسپێكی رووناكبيريی لە فەڕەنسا بزانين، دەتوانين بڵێين لەگەڵ ئەو خاڵە دەسپێكە، باسێكی نوێ سەبارەت بە بابەتێكی كۆن، يانی پشتيوانی يان دژايەتی لەگەڵ شۆرشی فەڕەنسا دەست پێدەكات كە باسی سياسی لە نێوان پاوانخوازان و كۆماريخوازەكان دەگۆڕدرێت بۆ باسی ئايدۆلۆژيك لە نێوان راست و چەپی فەڕەنسادا.

مەسەلەی دريفوس و دواتر مەسەلەی زۆلا، رووناكبيريی فەڕەنسی بەسەر دوو گروپی سەرەكی دابەش دەكات؛

**يەكەم**؛ ئەو گروپەن كە بە دەوری كۆمەڵگەی بەرگری لە مافەكانی مرۆڤ كۆ دەبنەوە و كەسانی وەک ژورس و كليمانسۆ و پرۆست و ئاناتۆل فرانس لە خۆ دەگرن.

**دووهەم**؛ ئەو گروپەن كە كە رێبەری رووناكبيرييەكەی كەسێک بە ناوی "موريس بارێس" بوو و كەسايەتييەكی وەک "شال موراس " هاورێيەتی دەكا كە دواتر وەک بناغەدانەری گروپی دەستە راست و نەتەوەپەرەستی « Action français» ناوی دەبردرێت.


Vol. VI-No 2 20 sous Août 1921

L'Action Française

REVUE MENSUELLE
$2.00 par année

DIRECTEUR: ABBÉ LIONEL GROULX

JUSQU'AU BOUT
DOLLARD

SOMMAIRE

| | | |
|---|---|---|
| L'Action française | Mot d'Ordre:—La semaine sociale de Québec | 449 |
| Beaudry Leman | Les institutions de crédit | 450 |
| Gustave Baudouin | A la "Coulée Jean Grou" | 465 |
| Joseph Bruchard | Faisons-nous connaitre en Europe | 471 |
| Père Alexis, cap. | L'Église catholique au Nord-Ouest | 486 |
| Marcelle Gagnon | "L'Épopée de 1660 racontée a la jeunesse" | 493 |
| Un Sauvage | Agression des Féniens | 495 |
| x x x | La vie de l'*Action française* | 502 |

Partie documentaire :

Discours au parlement de Winnipeg: M. Joseph Bernier; Allocution a la salle Saint-Sulpice : M. Antonio Perrault ........ 508

LIGUE D'ACTION FRANÇAISE
369, rue St-Denis
MONTRÉAL

گۆڤاری «1921 Action français»

باریس و گروپی نەتەوەپەرەستان و نەریتخوازە فەرەنسییەکان لەگەڵ ئامانجی دریفوس دژایەتییان دەکرد و هەر لەسەر ئەمەش رووناکبیرانی لایەنگری ئەو بە خایین بە فەرەنسا لەقەڵەم دەدران.

بەم هۆیە لە روانگەی "باریس" و "موراس"وە وشەی رووناکبیر بە واتایەکی نێگەتیڤ مانا دەکرا و بە شێوەی جنێو و قسەی ناشیرین بەکار دەهێندرا.

له روانگەی "بارێس"، ڕووناکبیر بە کەسێک دەگوترێت کە وا بیر دەکاتەوە کۆمەڵگەکەی دەبێت لەسەر بناغەی مەنتق پێکهێندرابێت. ڕووناکبیر کەسێکە کە لەگەڵ نەریتەکان نامۆیە. لە روانگەی "موراس"یش "ئاسایشی نەتەوەیی" لە چەمکەکانی وەک داد و حەقیقەت گرنگترن.

هەر وەک دەبینین ڕووناکبیریی ڕاستخواز و نەریتخواز خاوەنی مێژوویەکی لەمێژینەیە لە فەڕەنسا کە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا لەگەڵ کەسانی وەک بارێس، موراس، برازیاک، سلین، لۆرۆشێل، راباتە و ئالەن دوبۆنوا و گۆڤارەکانی «Action français» و «Elements» پەرەیان سەندووە.

هەڵبەت پێویستە بگوترێ کە ڕاستە توندڕەوەکان کە نەتەوەخوازە ڕەگەزپەرەستەکانیشی لەگەڵدایە،  لەگەڵ ڕاستی لیبڕاڵ و ڕووناکبیرە ناسراوەکانی وەک؛ ریمۆن ئارۆن و ژان فرانسوا ڕوول و گۆڤارەکانی «Commentaire» و «Contrepoint» جیاوازییەکی زۆریان هەیە.

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئامادەبوونی ڕووناکبیران لە قەڵەمڕەوی بەربڵاوی فەڕەنسادا، دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی بەرهەمەکانیان لە کاروباری کۆمەڵایەتی، سیاسی ئۆروپا باسی گرنگی سەبارەت بە "**خیانەتی ڕووناکبیران**" لە 1980 وە تا بە ئەمڕۆ لەگەڵ خۆی هێناوە.



«ژولین بێندا 1867-1956 »

"**خیانەتی رووناکبیران**" ناوی کتێبە ناسراوەکەی "**ژولین بێندا «Benda»**"یە کە ساڵی 1927 چاپ و بڵاوکرایەوە، بابەتێک کە بێندا لەو کتێبەدا باسی لێوە دەکا مەسەلەیەکە کە زیاتر لە سەدەیەک رووناکبیرانی فەرەنسا و جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە.

لە روانگەی بێندا وە، رووناکبیرانی فەرەنسا لەرادەبەدەر ئارمانجە فەلسەفییەکانی خۆیان وەلا ناوە و خۆیان بە ئارمانجە دوگم و ئایدۆلۆژیکەکانەوە سەرقاڵ کردووە. بەواتایەکیتر بە پشت تێکردن لە ئارمانجە جیهانییەکان روانینی خۆیان بە راهێنانی تایبەتەوە خەریک کردووە.

بێندا بەو ئاکامە دەگات کە رووناکبیران دونیای ماددی و جۆش و خرۆشە سیاسییەکانیان بە دونیای فەلسەفی و مەعنەوی گۆریوەتەوە و بەم هۆیە دەتوانین بڵێین کە دونیای رووناکبیرانی سەدەی بیستەم دونیای رێکخستنی رق و کینە سیاسییەکانە.




«کتێبی" خیانەتی رووناکبیران" 1927»

بەم پێیە لە روانگەی "بێندا"وە "**خیانەتی رووناکبیران**" بە هۆی دەستێوەردانی ئەوان لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا نییە، -(ئەو ڤۆلتێر وەک کەسایەتییەکی حەقخواز ناو دەبات)- بەڵکوو بە هۆی بەشداریکردنیان لە پارتە سیاسییەکانە.

ئاماژەی بێندا بە بەشداری رووناکبیرانی فەرەنسی لە پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا هەڵگری ناوەڕۆکێکی ڕێکوپێک و بە زمانێکی پڕ لە ڕێز نووسراوە.

ئەگەر ساڵی 1898 بە ساڵی دەسپێک و سەرهەڵدانی رووناکبیران لە فەرەنسا بزانین، دەتوانین بڵێین کە ساڵێک پاش ئەمە واتە 1899 ساڵی سەرهەڵدانە سیاسییە نوێیەکان لە فەرەنسایە کە رووناکبیرانیش رۆڵێکی کاریگەریان لەسەرخستنیدا هەبووە.



«شارل موراس 1868-1952»

لەو ساڵەدا رووناکبیرانی نەتەوەپەرەست لە بەرانبەر لایەنگرانی دریفوس، گرووپی ئاکسیۆن فرانسێز «action française» یان بە ڕێبەری شارل موراس پێکهێنا.

بەمشێوەیە نەتەوەخوازیی موراسی بە ناوی تاقمخوازی فەڕەنسی لە گەڵ بنەمای گشتیخوازیی رەوشتی رووناکبیرانی لایەنگری دریفوس کەوتە نێو ململانێی سیاسی و فیکرییەوە.

بەڵام شک لەوەدا نییە کە لە پانتایی رووناکبیریی فەڕەنسا لە سەد ساڵی رابردوودا ، سەرکەوتن بۆ رووناکبیرانی دریفوسی بووە، چونکە گرنگی لە شێوەی کرداری ئەواندا تەنیا گەڕانەوە بۆ بنەما رەوشتی و گشتیخواز و جیهانییەکان نییە، بەڵکوو بەرگریکردنە لە بایەخەکانی کۆماریخوازی.

بنەماکانی دریفوس، بەرگریکردن لە دروشمی خودموختاری تاکەکەسی و ئازادییە مەدەنییەکانە کە لە روانگەی رووناکبیرانی لایەنگری دریفوس، سەردەمی رۆشنگەری و بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتی 1789 پارێزەر و پێناسەی ئەون و دواتر بۆ ماوەی نیو سەدە شارستانییەتی رووناکبیریی چەپ و بەرپرسیار لە وڵاتی فەڕەنسا بونیاد دەندرێت.



«شەڕی جیهانیی یەکەم 1914-1918»

**قۆناغی دووهەم؛**

ئێستا ئەگەر چاوێک بەسەر قۆناغی دووهەمی رووناکبیریی لە وڵاتی فەرەنسا بخشێنین، دەبینین کە بە تەواوی درێژەپێدەری قۆناغی یەکەمە؛ بەو جیاوازییەی کە لەم قۆناغەدا چەند رووداوی گرنگ، فۆرمێکی نوێ بە رووناکبیریی فەرەنسی دەبەخشێت کە گرنگترینیان ئەزموونی تاڵی شەڕی جیهانیی یەکەم و هەوەها رووداني شۆرش لە رووسیای تزارییە.

بۆ بەشێکی زۆر لە لایەنگرانی دریفوس، شۆڕشی رووسیا نیشانەی دەسکەوتەکانی شۆڕشی فەرەنسا لە سەدەی بیستەمە، لە کاتیکدا لە روانگەی راستە نەتەوەپەرەستەکان، شۆرش لە رووسیا وپەرەپێدانی بلشویزم (رێبازیکی سیاسییە کە لایەنگری لە حکومەتی پرولتاریا دەکات و ناوەندەکەی یەکێتی سۆڤییەت بوو) مەترسییەکی نوێ بۆ سەر بایەخە نەریتی و دینی و نەتەوەییەکان لە فەرەنسا لەقەڵەم دەدرا.

لەو قۆناغەدا کۆنگرەی بە ناوبانگی شاری "توور" کە لایەنگران و دژبەرانی لنینی لێک جیا کردەوە و بەم هۆیە دوو حیزبی کۆمۆنیست و حیزبی سووسیالیست لە فەرەنسا دروست بوون.

لە راستیدا بزووتنەوەی چەپ لە وڵاتی فەرەنسا بەسەر دوو بەش دابەشکرا؛ حیزبی کۆمۆنیست و حیزبی سووسیالیستی فەرەنسا. لە لایەکی دیکە رووناکبیرانی دەستە راست دژی سیستەمی پارلمانتاریزم بوون و هەوڵیان دەدا بۆ ئەوەی یەکێتیی نەتەوەیی پێک بێنن و بە باسی کولتوورییەوە سەرقاڵ دەبن و تێکەڵ بە بزووتنەوەکانی فاشیستی و نازیزیسم دەبن.



«شارل پگی 1873-1914»

لەو قۆناغەدا لەگەڵ چەند ڕووداوی ڕووناکبیری گرنگ بەرەوروو دەبینەوە؛

1- مەرگی ڕووناکبیرانی وەک شارل پگی لە شەڕی جیهانیی یەکەمدا.
2- لاگیری و ئینتیمای ڕووناکبیرانی وەک "ژۆرژ سورێل و کەسانیتر لە 1917-1920 بۆ شۆڕشی ڕووسیا.
3- بەرگری لە فاشیزمی ئیتالیایی و موسیلینی لە لایەن موراس و لایەنگرەکانی.
4- مەرگی "بارێس" لە چواری دیسامبەری 1923 کە بە یەکێک لە ڕووناکبیرانی دەستە ڕاستییەکان لەقەڵەم دەدرا و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ڕووناکبیران و نووسەرانی وەک "دریو لاروشل" و "هانری دومونترلان" و"فرانسوا موریاک" هەبوو.

5- سەرهەڵدانی دادائیزمی "تریستان تزارا" و بە شوێن ئەودا شۆرشی بزووتنەوەی هونەری و رووناکبیریی "سوریالیزم" کە بە بەیاننامەی سوریالیزمی ئاندرێ برۆتۆن لە دیسامبەری 1924 پێک دەهێندرێت.



«تریستان تزارا 1896-1963»

وشەی "سوریالیزم" لە لایەن "گیوم ئاپولینێر" بەرهەم دێت و ئەو ئەو وشەیە بە مانای "داهێنانی خۆڕسک" بەکار دەهێنێت.

بەڵام برۆتۆن ئەم وشەیە بە مانای نارەزایی دەربڕین بە جیهانی عەقڵانی دێکارت و سیستەمە سیاسی و هونەرییەکان بەکار دەهێنێت.

جێی باسە کە سوریالیزمەکان خاوەنی دوو قۆناغی گرنگن؛

1- قۆناغی یەکەم کەسانی وەک برۆتۆن و لۆیی ئاراگۆن هەوڵ دەدەن کە ئاشتی لە نێوان شۆڕشی ئۆکتۆبر و شۆڕشی سوریالیزمی دروست بکەن.
2- لە قۆناغی دووهەمدا کە بە بەیاننامەی دووهەمی سوریالیزم لە لایەن ئاندرێ برۆتۆن دەخرێتە بەر باس، برۆتۆن بەرەی ترۆتسکی لە دژی ئێستالین هەڵدەبژێرێت و ئەو هەڵبژاردنە دەبێتە هۆی جیابوونەوە لە نێوان ئاراگۆن و برۆتۆن لە ساڵی 1932 دا.

**قۆناغی سێهەم،**

هەر وەک ئاماژەی پێکرا نەریتی رادیکالیزم و رووناکبیریی لە فەرەنسا بە نامەی زۆلا دەست پێدەکا و بە دروستبوونی حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسا درێژەی پێدەدرێت.

لە قۆناغی سێهەمدا ئەو رادیکالیزمە فۆرمێکی نوێ بەخۆوە دەبینێت و قارەمانانی رووناکبیرییەکەی لە کەسانی وەک؛ "ئاندرێ مالرۆ" فەیلەسووفی بەناوبانگی فەرەنسی "ئالەن" Alain پێک دێت.



«بەرەی جەماوەری Front populaire- 1903»

ساڵی 1930 سەردەمی شەڕی ناوخۆیی ئیسپانیا، سەرهەڵدانی نازیزم لە ئاڵمانیا و بەرەی جەماوەری «Front populaire» لە فەڕەنسایە.

بۆ رووناکبیرانی سەردەمی «Front populaire» بابەتی سەرەکی بەرگریکردن لە بایەخەکانی کۆماریخوازی و چەپ لە بەرانبەر فاشیزم و فرانکوایزم بوو.

لەم قۆناغەدا دریفوسییەکانی وەک فەیلەسووفی فەڕەنسی "ئالەن" بەیاننامەیەکی نوێ لە ژێر ناوی "قسە لەگەڵ کرێکاران" « Appel aux ouvriers » ئیمزا دەکەن کە تیایدا سێ درووشمی؛ نان؛ ئاشتی و ئازادی؛ دەخەنە بەر باس. جێگەی سەرنجە کە "ئاشتی و ئازادی" بۆ بایەخی گرنگی لایەنگرانی دریفوس لە 1898 بوو کە لێرەدا جارێکیتر دووبارە دەبێتەوە.



«ئاندریێ مالرۆ 1901-1976»

کەسایەتییەکی ناسراویتر لە رووناکبیرانی ئەم قۆناغە "ئاندریێ مالرۆ" یە کە ساڵی 1933 بە نووسینی کتێبی بەناوبانگی (چارەنووسی مرۆڤ) خەڵاتی ئەدەبیی گۆنگوری پێبەخشرا.

مالرۆ نووسەرێکی شۆرشگێرە بەڵام مارکسیست نییە.

بۆ مالرۆ مارکسیزم راهێنان نییە بەڵکوو ئیرادەیە، ئیرادەیەک بۆ ناسینی خۆت. بەم پێیە مارکسیست بوون بەمانای دروست گوتن نایەت، بەڵکوو بە مانای سەرکەوتنی بەبێ خیانەت بەسەر خۆتدا دێت.

هەر بەم هۆیە مالرۆ لە شەڕی حەقیقی ئیسپانیا لەگەڵ کۆماریخوازەکان بەشدار دەبێت، چونکە  بە بڕوای ئەو رووناکبیر تەنیا مرۆڤێکی خوێندەوار نییە، بەڵکوو کەسێکە کە ئاگایی و کردەوە دەبێ بە یەکەوە بەکار بێنێت.

رووناکبیریی چەپ لە فەڕەنسا تێکەڵاوە بە شکستی کۆماریخوازەکان لە ئیسپانیا.

بەم پێیە رووناکبیرانی وەک؛ سارتر، ریکور و لویناس لە بەرەکانی شەڕی جیهانیی دووهەم دان و بۆ بەندیخانەکانی نازی دەنێردرێن و هەندێکیان وەک ئەندرێ مالرۆ و ریمۆن ئارۆن بۆ هاوکاریکردنی شارل دۆگۆل و فەڕەنسای ئازاد بۆ لەندەن دەڕۆن.

هەڵبەت هەبوون کەسانی وەک "کلۆد لویی ئێشتراوس" کە خۆیان لە شەڕی ئوروپا بەدوور ڕاگرت و لە قوتابخانەی فەڕەنسی نیویورک دەست بە وانەوتنەوە دەکات. کەسانێکی وەک ژان دوسانتی و دۆمنیک دوسانتی تێکەڵ بە بزووتنەوە و بەرخۆدانیی فەڕەنسا دەبن، بەڵام لە نێوان ئەواندا کەسانی وەک "ڤیکتۆر بووش" «Victor Busch» کاوێلس «Cavaills» لە لایەن نازییەکانەوە قۆڵبەست و پاشان تیرباران دەکرێن و بەشێکیشیان لە ئوردوگاکانی نازییەکاندا دەمرن.

بەڵام بەداخەوە لەو قۆناغەدا بەشێکی زۆر لە رووناکبیرانی دەستە راست هاوکاریی حکومەتی ویشی «Vichy» مارشال پتی و نازییەکان دەکەن.




«ئازادی، بەرابەری، برایەتی- دروشمەکانی شۆرشی مەزنی فەرەنسا»

کەسانی وەک "موراس" و لایەنگرانی ئەوە وەک "پییەر بووتان" وەک دژایەتیکردن لەگەڵ دیموکراسی و کۆماریخوازی، سێ درووشمی «کار، بنەماڵە، نیشتمان» لەبەرانبەر درووشمەکانی شۆرشی فەرەنسا «ئازادی، بەرابەری، برایەتی» «Liberté, Égalité, Fraternité» یان بەکار دەهێنا و بەرگرییان لێدەکرد.

لێژنەی نەتەوەیی نووسەران لە ئۆکتۆبەری 1944دا، لیستێک لە نووسەران و رووناکبیران بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ نازیسم بڵاو دەکاتەوە کە تیایدا ناوی کەسانی وەک "ژۆرژ سواریز، لویی فێردیناند سلین، مارسێل ژۆماندۆ، هانری دۆمۆنترالّ، ساشا گیتری، دریۆ لاروشێل، رۆبێر برازیاک، پۆل سوران و لوسین روباتێ بەرچاو دەکەون.

لە نێوانیاندا کەسانێکی وەک سواریز و برازیاک دادگایی دەکرێن و سزای ئیعدامیان بۆ دەردەچێت، بەڵام لێرەدا دەبێ ئاماژە بە هەوڵی رووناکبیرانی دژەفاشیستی وەک ئالبێر کامۆ، مارسێل ئێمێ و کلۆد موریاک

بکەین کە بۆ پێشگرتن لە ئیعدامی رووناکبیرانی دەستەراستی بناژۆ و لایەنگری نازیسم، بەیاننامەیەک ئیمزا دەکەن.



«کلۆد موریاک 1914- 1996»

موریاک لە نامەیەکدا بۆ دۆگۆل دەنووسێت؛ «مەبەستی ئێمە ئاورنەدانەوە لە بەرپرسایەتی ئەو رووناکبیرانە نییە، بەڵام ئێمە وا بیر دەکەینەوە کە ئامانجە هەڵەکان پێویستیان بە شەهید نییە و لێخۆشبوون هەندێ جار ئاقڵانەترین هەڵوێستە».

بەڵام ژان پۆل سارتر لە وتارێکدا لە لە ئۆکتۆبەری 1945 لە گۆڤاری "تان مودێرن" کە بە هاوکاریی ئارۆن، بودار، مێرلۆ پۆنتی بەرێوە دەبردرا بە ئەنجامێکی پێچەوانەی کلۆد موریاک دەگات. سارتر دەڵێت: نووسەر کەسێکی بەرپرسە و خاوەنی بەرپرسایەتییەکی سیاسیشە.

بەم وتەی سارتر قۆناغی چوارەمی رووناکبیریی لە فەرەنسا دەست پێدەکات کە بە ساڵانی سارتر دەناسرێت کە لە 1945 تا 1986 درێژەی هەیە.

**قۆناغی چوارەم؛**

لەم قۆناغەدا ئێمە لەگەڵ سەردەمێکی نوێ لە بەرپرسایەتیی رووناکبیری بەرەوروو دەبینەوە و جارێکیتر نەریتی خەباتی دریفوس بە خەباتی دژ بە داگیرکەر لە شەڕی ئەلجەزایر دەگۆڕدرێت.



«ژان پۆل سارتر 1905-1980»

هەروەها قۆناغی چوارەم، قوناغێکە کە تیایدا فەلسەفەی ئێگزیستالیزمی سارتر، کامۆ، ژان وال و گابریل مارسێل بایەخێکی تایبەتی پێدەدرێت.

بەرگری لە بەرەی رزگاریخوازی ئەلجەزایر لە لایەن رووناکبیرانی چەپ، جارێکیتر ناکۆکی و کێشە لە نێوان لایەنگرانی مارکسیزم و چەپەکان لەگەڵ دژبەرانی خۆیان لە زەینەکاندا زیندوو دەکاتەوە.



سارتر و دۆبووڤار لە سەردانیاندا بۆ کووبا لەگەڵ چگوارا گفتگۆ دەکەن- 1960

لەو قۆناغەدا سارتر بۆ کووبا و یەکێتی سۆڤییەت سەفەر دەکات و پێشەکییەک لەسەر کتێبی "دۆزەخییەکانی سەر زەوی" لە نووسینی "فرانتس فانوون" دەنووسێت.

ئەم هەڵوێستەی روناکبیری فەرەنسا دژی داگیرکاری و سیستەمی ئێمپریالیزم دەبوایە لە چوارچێوەی ململانێیەکانی ئایدیولۆژیکی شەڕی سارد لە بەرچاو بگرین.

ئەگەر قبووڵی بکەین کە ژان پۆل سارتر کەسایەتیەکی پارادێمی رووناکبیریی رادیکاڵە لەم قۆناغەدا، دەتوانین بڵێین کە ریمۆن ئارۆنیش ناسراوترین کەسایەتیی رووناکبیریی دژ بە کۆمۆنیزم و لیبرال لە فەرەنسایە لە قۆناغی چوارەمدا.

ریمۆن ئارۆن و بەرەی مارشال دۆگۆل خۆیان وەک ئۆردوگای دژی توتالیتار پێناسە دەکەن و گۆڤارەکانی وەک «Contrepoint» و « esprit Liberte» و «Preuves» بە چاپ دەگەیەنن.



«ریمون ئارۆن 1966»

ریمۆن ئارۆن بە نووسینی کتێبی بەناوبانگی "ئەفیوونی رووناکبیران" لە ساڵی 1955 باس لە خولیا و هەڵەکانی رووناکبیرانی چەپ لەبەرانبەر تووتالیتاریزم دەکات.

رەنگە یەکێک لە سەرنجراکێشترین رووناکبیرانی ئەم قۆناغە "ئالبێر کامۆ" بێت کە لە بارودۆخێکی ئاڵۆز لەگەڵ هەر دوو بەرەی راست و چەپ رووبەروو دەبێتەوە، کەلێنی نێوان سارتر و کامۆ تا کاتی مردنی کامۆ لە 1960 دا دەمێنێتەوە سارتر پاش مەرگی دەنووسێت؛ "کامۆ دەربڕی سەدەیە و دژی مێژوو بوو، ئۆمانیزمی کەلەرەق، هەستیار و رەها، کامۆ خەباتێک بوو پڕ لە

فرمێسک و دڵەراوکێ، دژی ڕووداوە پڕەسکەوت و بێ گرفتەکانی ئەم قۆناغەیە".

**قۆناغی پێنجەم؛**

بێ شک شوێنی کۆتایی قۆناغی چوارەم بزووتنەوەی 1968 و مانگرتنە خوێندکارییەکانە کە بە هاتنە مەیدانی ڕووناکبیرانی نوێی وەک؛ میشێل فۆکۆ، فلیکس گواتاری، فرانسوا شاتلێ، فرانسوا لیوتار، ئاگهی ڕۆبۆر، ژیل دلۆز، ژاک دریدا دەناسرێت. ژیل دلۆز و گواتاری بزووتنەوەی 68 وەک "ڕووداوێکی سرف و ڕەها و بەدوور لە هەر جۆرە هۆکارێکی نۆرمی" دەبینن و باسی لێوە دەکەن.

مانگی مەی 1968 جارێکیتر وەک قۆناغەکانی پێشوو، ڕووناکبیرانی دەستە ڕاست و دەستە چەپی فەڕەنسا لە هەمبەر یەک دادەنێت. ئاندرێ مالرۆ و ریمۆن ئارۆن بۆ بەرگری لە ژنێراڵ دۆگۆل دێنە سەر شەقامەکانی پاریس، لە کاتێکدا سارتر لەگەڵ گروپێک لە مائۆیستەکانی فەڕەنسا بناغەی ڕۆژنامەیەک دادەنێن و لە لایەن پۆلیسەوە قۆڵبەست دەکرێت.



«ستافی گۆڤاری Tel quel 1968»

لەم قۆناغەدا فلیپ سۆلرێز کە خۆی پەیرەوەی لە ئایدیولۆژی مائۆیستی دەکات، گۆڤاری «Tel quel» وەرێدەخات کە لەسالآنی دوایی مەی 1968 کەسانی وەک؛ تۆدر رۆف جولیا کریستوا، رۆلان بارت هاوکاری ئەو گۆڤارە دەکەن.

ئەو قۆناغە، قۆناغی پووکانەوەی سارترە لە رووی جەستەیی و مەعنەوییەوە. لە سالّی 1973 سارتر بینایی خۆی لەدەست دەدا بەلآم لە 1974 لەسەر بانگهێشتی نوێنەری گروپی سوپای سووری ئالّمانیا سەردانی ئەو ولآتە دەکات و لە بەندیخانە دیدارێک لەگەلّ "بادرماینهۆف" دەکات، بەلآم دژایەتی خۆی بۆ شێوازە تیرۆریستییەکانیان دەردەبرێت.

کەسایەتییە رووناکبیرییەکانی قۆناغی پێنجەم، رووناکبیرانی پاش مودێرنن کە هەر کام بە رەخنە لە مودێرنیتە لە ئایدیولۆژییەکانی تووتالیتاری نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم مەودایەکی رەخنەگرانە پێک دێنن، بەڵام بۆ شرۆڤە و باسکردنی فەلسەفەیەکی سیاسی نوێ هەوڵ نادەن.




«بزووتنەوەی 1968 فەرەنسا»

بەم پێیە دەکرێ رووناکبیریی قۆناغی پێنجەم لە ژێر ناوی "بزووتنەوەی 68" هەڵسەنگێنین کە رووناکبیرییەکی پاش مودێرنە و خواستە فەلسەفییە نوێیەکانی هایدیگەر و نیچە و مارکس و فرۆید لە خۆ دەگرێت.

کتێبە گرنگەکانی قۆناغی پێنجەمی رووناکبیری بریتیین لەو کتێبانەی خوارەوە؛

- کتێبی (دژی ئۆدیپ) لە نووسینی دلوز و گواتاری کە ساڵی 1972 چاپ دەکرێت.

- (ئاگاداری و سزا) لە نووسینی میشێل فۆکۆ کە ساڵی 1975 چاپ دەکرێت.

- (بارودۆخی پاش مودێرن) لە نووسینی ژان فرانسوا لیوتار.

لەم قۆناغەدا میشێل فۆکۆ مانا سارترییەکەی ڕووناکبیر کە بۆ کەسایەتییە کلاسیکییەکانی ڕووناکبیر وەک "کەسایەتی جیهانی" ناو دەبات، تەئکید دەکاتەوە و دەیخاتە ژێر پرسیار و قسە لە "ڕووناکبیریی تایبەت" دەکات.



«میشێل فۆکۆ 1926-1983»

بەڵام هەڵوێستە سیاسییەکانی فۆکۆ ئاوێتەی هەڵەکانیش بووە کە لە دواتر لەلایەن فەیلەسووفانی نوێ لە ساڵانی 1980 رووبەرووی رەخنە دەبێتەوە.

بۆ نموونە میشێل فۆکۆ لە دیمانەیەکدا لەگەڵ نوام چۆمسکی لە نۆڤامبەری 1971دا دەڵێت: "لەوانەیە کاتێک کە پرولتاریا دەسەڵات دەگرێتە دەست، دەسەڵاتێکی توند و تیژانە، خوێناوی و دیکتاتۆرانە لەهەمبەر ئەو چینانەی کە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، بەرێوە ببات، من گرفتێک لەو بابەتەدا نابینم".



«بێرنار هانری لویی لە 1979 دا»

**قۆناغی شەشەم؛**

رەنگە رادیکالیزم و ڕێرەوی چەپی بناژۆ لە لایەن زۆربەی ڕووناکبیرانی چەپ لە فەڕەنسا بووە هۆی دروستبوونی گروپێکی گەنجتر لە ڕووناکبیران و فەیلەسووفان لە کۆتایی سالانی 1970 تا سەرەتای 1980 لە ژێر ناوی «nouveux philosophs» دێنە ناو پانتایی گشتی فەڕەنساوە.

نوێنەرانی سەرەکی ئەم گروپە نوێیە، بریتی بوون لە ڕووناکبیرانی وەک بێرنار هانری لویی، نووسەری کتێبی "دڕندەیی یان ڕووخساری مرۆیی" و ئاندرێ گلۆکسمەن نووسەری کتێبی "بیرمەندانی ڕێنما" کە هەر کامیان لە ژێر کاریگەری "سۆلژ نستین" ڕەخنەیان لە توتالیتاریزمی کۆمۆنیستی و چەپ و حیزبی کۆمۆنیست گرتووە.

لە پاڵ ئەو کەسانە و ڕەخنەکانیاندا لە توتالیتاریزم، دەبێت ئاماژە بە ڕەخنەی توتالیتاریزم و چەپ لە ناوخۆی بزووتنەوەی چەپ بکەین کە لە لایەن سێ گروپی گرنگەوە ئەنجامدرا؛

1- گروپی گۆڤاری «Argument» واتە ئێدگار مورێن و کۆستاس ئاکسلۆس.
2- تاقمێک لایەنگری سووسیالیزم کەسانی وەک کلۆر لۆفۆر»قوتابی لۆپۆنتی» و ژان فرانسوا لیوتار لە خۆ دەگرن، پاشان لە سالانی 1960 لێک دادەبڕێن.
3- دواجار گروپی گۆڤاری ئێسپریت «Esprit» کە بە خوێندنەوەیەکی نوێ لە هانا ئارنت پێ دەنێتە ناو قۆناغێکی گرنگی ڕووناکبیری بە سەرنووسەری ئۆلیڤیە فۆژن.



«ژان پۆل سارتر 1960»

**قۆناغی حەوتەم؛**

دەکرێ رێکەوتی هەژدەی ئاڤریلی 1980 بە دەسپێکی رووناکبیریی بەرپرسیار لە فەرەنسا دابنێین کە هاوکاتە لەگەڵ رۆژی بە خاکسپاردنی ژان پۆل سارتر لە گۆرستانی مۆنپارناسی پاریس.

شرێر ژولی سەرنووسەری رۆژنامەی لیبراسیۆن کە سارتر رۆڵی گرنگی لەسەرخستنیدا هەبوو لە سارتر وەک کەسایەتییەک یاد دەکاتەوە کە وەک ڤۆلتێر و هۆگۆ سەدەی خۆیان پێکهێنا.

9 ساڵ دوای مەرگی سارتر بە رووخانی دیواری بەرلین رووناکبیریی بەرپرسیار لە فەرەنسا کە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا بە هەوراز و نشێوی زۆردا تێپەڕیبوو، فۆرمێکی نوێ بە خۆوە دەبینێت.

لەم قۆناغەدا رووناکبیران بە مەسەلە و بابەتە نوێیەکانەوە خەریک دەبن، لەوانە رەخنە لە بابەتە کولتوورییەکانی بەکارهێندراو دەگرن، بەڵام تێکەڵاوە بە بەرگریکردن لە تاکخوازی دیمۆکراتیک.

کەسانی وەک لووک فری، ئالەن فینکرۆت، ئۆلیڤیە فۆژن، پاسکال بروکنێر، لە ژێر کاریگەری بەرهەمەکانی ئارنت لۆفۆر، کنت، ریکور و کەسانی تر بە رەخنەی نیچە و هایدیگەر و بە شێوەی گشتی "ئەندێشەی 68" وە سەرقاڵ دەبن.

ئەم رەخنانە دەبنە هۆی درووستبوونی فەزای نوێ لە رووناکبیریی فەرەنسا و باسەکان دەربارەی پلۆرالیزم، دیموکراسی و یەکسانی لە جێی بەرگریی سارتری لە لە شۆرش و رووناکبیریی بەرپرسیار و جیهانی سێهەم دادەنێت.

ئالەن تورێن کۆمەڵناسی فەرەنسی لە کتێبی خۆیدا "لە پاش سووسیالیزم" باس لە مەرگی سووسیالیزم دەکات و ئاندرێ گوزێر کتێبێک لە ژێر ناوی "ماڵاوا پرۆلیتاریا" دەنووسێت.

بە مردنی ریمۆن ئارۆن لە ساڵی 1983، میشێل فۆکۆ لە 1984 و لیون دۆبووڤار لە 1986 دا لاپەڕەیەک لە مێژووی رووناکبیریی فەرەنسا دەبەسترێ. پاش مردنی ئەو سێ بلیمەتە "بورویە" کۆمەڵناسی فەرەنسی بۆ ماوەی 15 ساڵ کەسایەتی دیاری رادیکالیزمی رووناکبیریی فەرەنسایە. تاکوو ئەویش لە ژانوییەی 2002 ماڵاوایی لە جیهان دەکات.



# Les origines philosophiques de l’histoire intellectuel de la France

# بنەما فەلسەفییەکانی رووناکبیریی فەڕەنسا

رامین جیهانبەگلوو لە باسی بنەما فەلسەفییەکانی ڕووناکبیریی فەڕەنسا دەڵێت: ئەگەر بمانەوێ خوێندنەوەیەک بۆ بنەما فەلسەفییەکانی ڕووناکبیریی لە فەڕەنسا بکەین، ئێمە لەگەڵ دوو خوێندنەوە بەرەوڕووین؛

1- خوێندنەوە فەڕەنسییەکان لە نەریتی فەلسەفی فەڕەنسا
2- خوێندنەوە فەڕەنسییەکان لە نەریتی فەلسەفی ئاڵمانیا

گرووپی «Francaise Action» هاوکات لەگەڵ کۆمۆنیستەکان و گلیستەکان تووشی شەڕ دەبێت و ئەوان بە جوولەکە و فراماسۆن ناو دەبات.

بەڵام لەگەڵ سەرکەوتنی هێزی هاوپەیمانان و هاتنی دۆگۆل بۆ پاریس لە 1944، سەرجەم ڕووناکبیرانی دەستەڕاستی بنازۆ و لایەنگرانی نازیسم دادگایی دەکرێن.



«شارل موراس 1868-1952»

شارل موراس لە هەشتی سیپتامبەری 1944 لە شاری لیۆن قۆڵبەست دەکرێت و سزای بەندیخانەی هەتاهەتایی بۆ دەردەچێت.

لە نێوان خوێندنەوە فەڕەنسییەکان لە نەریتی فەلسەفی فەڕەنسا، دەکرێ لە قۆناغەکانی یەکەمدا باس لە کاریگەری برێگسۆن و خوێندکارەکانی برێگسۆن لەسەر لەسەر رووناکبیریی دەستەراست و پاوانخوازی فەڕەنسا بکەین.

وەها فەلسەفەیەک لە رەخنەی ئایدیالیزمی ئاڵمانیا و لە بەرگریکردن لە نەریتی دێکارتی پاسکالی کورت دەکرێتەوە و رێبەرانی ئەو بیرە لە کەسانێکی وەک؛ یانیکۆویچ، ئالکییە، گۆمییە، ژیلسۆن و ... پێک دێت کە لە بەرانبەردا ئێمە لەگەڵ کاریگەری فەلسەفەی ئاڵمانیا لە پاش و پێش شەڕی جیهانیی دووهەم بەرەورووو دەبینەوە کە لە 5 قۆناغدا کاریگەری لەسەر رووناکبیریی فەڕەنسا داناوە؛

1- قۆناغی یەکەم؛ کاریگەری شوپێنهاوێر لەسەر نووسەرانی وەک مارسێل پرۆست.
2- قۆناغی دووهەم، کاریگەری هێگلی کە لە رێی سمینارەکانی ئەلکساندەر کۆژۆ و نووسینەکانی ئێریک وایل لەسەر کەسانی وەک؛ بودریار و سارتر.
3- قۆناغی سێهەم؛ کاریگەری هایدیگەری لەسەر کەسانی وەک؛ لویناس، ریکوێر، پیراونبێک، بلانشۆ و میشێل هار.
4- کاریگەری نیچەیی لەسەر کەسانی وەک، فۆکۆ و لۆتۆتار و دلۆز.
5- قۆناغی پێنجەم؛ کاریگەری کانت لەسەر نوێ کانتییەکانی فەڕەنسا.

لە پاڵ ئەو دوو خوێندنەوەیەدا دەکرێ باس لە ئەندێشەگەلێک بکەین سەبارەت بە زانستە مرۆییەکان لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا کە لە فەڕەنسا سەر هەڵدەدەن و لە فەلسەفە دوور دەکەونەوە.



«کلۆد لۆیی ئێستراوس 1908-2009»

لەو میانەدا دەبێ ناوی کەسانی وەک؛ "لویی ئێستراوس و پییەر بۆردید" بێنین کە بە خستنە بەر باسی مەرگی فەلسەفە هەوڵ دەدەن تا بایەخێکی زیاتر بە زانستە مرۆییەکان و بیرۆکەی کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی بدەن.

بۆ ئەوان باسکردنی زانستە مرۆییەکان هاوکاتە لەگەڵ کۆتاییهاتنی فەلسەفە، بۆ وێنە لویی ئێستراوس لە پێشەکی کتێبەکەی خۆیدا « Les trists Tropiques» دەنووسێت:

"من لە فەلسەفە رزگارم بوو، ئێستا دەتوانم بە مرۆڤناسییەوە سەرقاڵ بم".

لە راستیدا ئەو رەخنە گرنگانەی کە لایەنگران و لێکۆڵەران لە بواری زانستە مرۆییەکان لە فەلسەفە دەیخەنە روو، رەخنە لەو ئایدیالیزمەیە کە مەسەلەی ئاگایی مێژوویی و خۆناسیی لە مێژوودا دەخاتە بەر باس.

زانستە مرۆییەکان لەو قۆناغەدا بە خستە ژێر پرسیاری چەمکی مێژوو، چەمکی ئاگایی مێژووییش دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

لە پاڵ ئەو نەریتەدا کە زانستە مرۆییەکان رەخنە لە فەلسەفە دەگرێت و شرۆڤەی دەکات و هەوڵ دەدات کە لێی دەرباز بێت، ئێمە لەگەڵ رەوتێکی فەلسەفیی دیکە بەرەوروو دەبینەوە کە رەخنە لە رژیمە توتالیتارەکان دەگرێت و لەم رێگەوە ئەو رەخنەیە، رەخنە لە فەلسەفەکانیی مێژووی هێگل و مارکس دەگرێت.



(ژیل دلۆز) (فرانسوا لیوتار) (ژاک دریدا) (میشێل فۆکۆ)

رەوتێکی دیکە کە لە پاش لوک فری و ئالەن رێنە و ناوی ئەندێشەی 68 بەخۆوە گرت، بە چوار بیرمەندی پاش مودێرنی گرنگەوە دیاری دەکرێت کە بریتین لە؛

1- میشێل فۆکۆ
2- ژاک دریدا
3- فرانسوا لیوتار
4- ژیل دلۆز

ئەو چوار بیرمەندە هەر کام بە نۆرەی خۆیان مەسەلەی "ئیمپریالیزمی لۆگۆس" دەخەنە بەر باس و "بنچینەی لۆگۆس" دەخەنە ژێر پرسیار.

هەڵبەت ئەوان لە ژێر کاریگەری بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، پاش شەڕی جیهانیی دووهەم بە رەخنە لە هزری توتالیتارەوە سەرقاڵ ببوون. لە

ئەنجامدا ئەو رەخنەیەی کە لە لایەن رووناکبیریی فەڕەنسا ئاراستەی فەلسەفە دەکرێت، رەخنەیەکە کە لە رێگەی کاریگەری هایدیگەر و نووسینەکانی لەسەر رووناکبیرانی فەڕەنسی ئەنجام دەدرێت.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بە ژاک دریدا و بزووتنەوەی بنەماشکێنی فەڕەنسا بکەین. رەخنەی دریدا لە بوونناسی نەریتی و مێژووی فەلسەفەی رۆژاوا لەم مەسەلەدا کورت دەبێتەوە کە بابەتی بوون هەمیشە بە شێوەی Ousia یان جەوهەر باسکرابوو و بە رەخنەی گشتی لەم جەوهەرەدا بەو ئەنجامە دەگەن کە سنوورێک بۆ گوتاری فەلسەفی بوونی هەیە.



«پۆل ریکور 1913-2005»

بیرمەندێکی وەک پۆل ریکۆر بوونناسی وەک جەوهەر ناخاتە بەر باس، بەڵکو بە کاریگەری لە فەلسەفەی ئەرەستو و بە نوێخوازی لە فەلسەفەی ئەرەستو پرسی "بوون" وەک بابەتێکی "کردەیی" یان dunamis دێنێتە ئاراوە، و لەم رێگەوە بنەمای فەلسەفەی سیاسی نوێ بونیاد دەنێت.

بەم پێیە لە رووناکبیری پاش شەڕی جیهانیی دووهەم لە فەڕەنسا، چوار قوتابخانەی گرنگ هەیە؛

1- ئێگزیستانسیالیزم Existentialism
2- رووناکبیرییەک کە رەخنەی لە رژیمە گشتخوازەکان دەگرت.
3- قوتابخانەی فۆکۆیی، رەخنەی ئێمپریالیزمی لۆگۆس
4- دریدا و بنەماشکێنی

ئێمە لێرەدا بە جۆرێک لە رووناکبیریی لە شێوەی نەتەوەخوازیی فەلسەفی لە بوارەکانی فەلەسەفی و زانستە مرۆییەکان دەگەین کە بابەتە سەرەکییەکەی پەیوەندی بە فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئاڵمانیاوە هەیە.

لە هەمبەر ئایدیالیزمی ئاڵمانی کە کانت و هێگل و کەسانی دیکە نوێنەرایەتی دەکەن، نەتەوەخواریی فەلسەفی کە رووناکبیریی فەڕەنسی پێوەی سەرقاڵە، مەسەلەی ئایدیالیزمی دێکارتی دێنێتە گۆڕێ.

ریکور سەرنج دەداتە رووناکبیران و بیرمەندانی ئەمریکا و ئینگلیس وەک هانا ئارنت و جان رالز. دەگەڵ ریکور رووناکبیریی فەڕەنسی بۆ لای ئەندێشەی پاش مودێرنی دەرەوەی شۆڕش دەگەڕێتەوە.

ئەم داهێنانە نوێیە لە بواری رووناکبیریی ئێمە بەرەو تێڕوانینێکی نوێ بۆ فەلسەفەی سیاسی دەبات کە خودموختارییەکی نوێ لە نێوان رووناکبیرانی نوێی فەڕەنسا دا بە ئەندێشەی سیاسی بەخشیوە.

گۆڵد کێسمەن لە کتێبێکدا ئەوە دەخاتە روو کە لە دژی ئەندێشەی رۆمانتیکی ئاڵمانی، دێکارت بناغەدانەری فەلسەفەی شک و گومانە و دامەزرێنەری نەریتێکی دیکەشە کە دەکرێ ئەو لە بەرانبەر ئایدیالیزمی ئاڵمانی دابندرێت.

لێرەدا پێکدادانی رووناکبیری لە نێوان نەریتی ئاڵمانی و نەریتی فەرەنسی دەبینین، کە لە پێکدادان لە نێوان هابرماس و رووناکبیرانی فەرەنسی وەک فۆکۆ و دریدا دیار و بەرچاوە.

هابرماس ناوی "پاوانخوازانی نوێ" لەسەر ئەو رووناکبیرانە دەنێت پێی وایە کە رەگ و ریشەکانی "دژایەتی ئاوەز" لە فەرەنسایە نە لە بیرکردنەوەی رۆمانتیکی ئاڵمانی کە گۆڵد کێسمەن هێرشی دەکاتە سەر.

بزووتنەوەی دیاردەناسی فەرەنسی کە لە ژێر کاریگەری فەلسەفەکانی هێدسرل و هایدیگر دایە خۆی لە دوو رووناکبیردا دەبینێتەوە؛

1- پۆل ریکۆر
2- ئێمانوێل لویناس



«ئێمانوێل لویناس 1906-1995»

لویناس به ڕەخنەگرتن لە بوونناسیی کلاسیکی ڕۆژاوا بە تایبەتی مەسەلەی ڕەوشت، جارێکیتر لە ناو باسەکانی رووناکبیریی فەڕەنسا دادەنێت.

لە روانگەیەکی دیکەی لویناسەوە، بوونناسی هێگل ئێمە بەرەو ئەندێشەی ململانێی نێوان سوژەیەکیتر دەبات کە دەبێت جێی بێڵین و بە فەلسەفەیەکی دیکە بگەین.

هەڵەی گەورەی لویناس لەوە دایە کە بە رەخنە لە بوونناسی کلاسیکی روژاوا، بنەمای بوونناسییەکی دیکە بۆ رووناکبیریی لەبەر چاو ناگرێت، بەڵکوو تەنیا ڕاسەری بە رەوشت دەبەخشێ لە نامۆییدا.

رووناکبیریی لویناس بابەتی ئاگایی دەربارەی ئەویتر لە شوێن ئاگایی مێژوویی و دیاردەناسیی هێگلی دادەنێت.

رەوتێکی دیکە کە لە رووناکبیریی فەڕەنسا رەخنە لە بوونناسی کلاسیکی رۆژاوا دەگرێت بەڵام نە لە هایدیگر و هێدسل بەڵکوو لە ژێر کاریگەری نیچە و کانت دایە، ژان فرانسوا لیوتار لە دامەزرێنەرانی ئەندێشەی پاش مودێرنە، ئەو باس لە کۆتایی گێرانەوە بەربڵاو و گشتگیرەکان دەکات.



«ئۆردوگای ئاشۆویتس 1941»

ئێمە بە قۆناغێک گەیشتووین کە هیچ شێوە روانینێکی بەربڵاوی دیکە بوونی نییە، ئێمە تەنیا لە جیهانێکدا دەژین کە تیایدا گەمە گشتگیرەکان بەرێوە دەچن، لە روانگەی لیوتارەوە دواجار ئاوەزخوازی قۆناغی رۆشنگەری لەگەڵ "ئاشۆویتس" کۆتایی پێ دێت.

لیوتار پێی وایە پاش مودێرنەکان شتێک جگە لە پاش مودێرن بە ئێمە نابەخشن و پرۆژە فەلسەفەی سیاسی بۆ رووناکبیرییان نییە و تەنیا کارێک کە دەتوانین بکەین ئەوەیە کە بیرلە قەیران و ململانێیەکانی مودێرنیتە بکەینەوە.

لێرەدا دەکرێ روانینی نوێی کەسانی وەک لیوتار بۆ کانت ئاماژە پێ بکەین، ئەو کانتەی کە ئەوان مەبەستیانە لەگەڵ ئەو کانتەی کە لە رەوتی "نوێ کانتی" یەکان واتە پۆل ریکۆر و کەسانیتر ئاماژەی پێدەکەن جیاوازە.

لیوتار ڕەخنە لە هێزی دەسەڵاتداری کانت و جوانیناسییەکەی دەگرێت، لە کاتێکدا پۆل ریکۆر زیاتر ئاوڕ لە ڕەخنەی دووهەمی کانت واتە ڕەخنەی ئاوەزی کردەیی دەداتەوە.

ڕوانگەی ڕووناکبیرێکی وەک لیوتار بۆ ئەم پرسیارەیە؛ لە دەرەوەی ئێمە چ ڕووداوێک دەقەومێ؟

واتە لەم شوێنەدا کە ڕووناکبیرێکی وەک لویناس دەرەوەی ئێمە "ئەویتر" ناو دەنێت، لیوتار دەرەوە وەک ئاراستەیەک دەبینێت کە بۆ ئێمە ڕوو دەدات.

کەوابوو لێرەدا جارێکیتر ڕووناکبیریی فەڕەنسا مەسەلەی "خۆ" و "ئاگایی" دەخاتە ژێر پرسیار.

لە لایەک ڕوانینێکی ڕووناکبیریمان هەیە کە بنەمای بیردۆزی خۆی لە فەلسەفەی ڕەوشتدا دەبینێت و لە لایەکیتر ڕوانگەیەکی ڕووناکبیریمان هەیە کە ئەوە دەخاتە بەر باس کە کێ "یاسادانەر"ە ؟

لە ڕووناکبیریی فەڕەنسادا بیرمەندانی وەک پۆل ریکۆر هەن کە لەگەڵ ئەوەی کە لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی ئاڵمانی هێدسرێل دایە، لە هەمان کاتدا لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی فەڕەنسی "گابرییەل مارسێل" یش دایە. نە بە دوای پاش مودێرنەکان و ڕەخنەی فەلسەفەی مێژوو دایە، نە بە شوێن لویناس و بابەتێکیترەوە. ئەو بە دوای داهێنان لە بواری فەلسەفەی سیاسیدا وێڵە.

ریکور بە خوێندنەوەیەکی نوێ لە "ئارتو" هەوەڵ دەدات تا باسێکی نوێ لە بواری پلۆرالیزم و دیموکراسی بێنێتە ناو باسە ڕووناکبیرییەکانی فەڕەنسا. ریکۆر بە هێنانەبەر باسی مەسەلەی خۆ یان خۆد لە دیکارت و لە هەمان کاتدا لە خۆنیچەیی دادەبڕێت «خۆنیچەیی کە ئەگەر "بەرزەمرۆڤ" نەبێت، خودێکە کە بە سووکی سەیردەکرێت».

خودێک کە ریکور باسی لێوە دەکا " خود بە وێنەی ئەویتری" دیت، ریکور مەبەستی ئەوە نییە کە فەلسەفەی هێگلی وەلا بنێت، چونکە پێی وایە ئەمرۆییە.

بۆ ریکور باسێک کە لە فەلسەفەی هێگلدا تەواوە باسی ئاگایی دیاردەناسییە، نەک باسی گەیشتن بە دەوڵەتێک. ریکور لەگەڵ پرۆسەی دیاردەناسی فەلسەفەی هێگل هاوڕایە و لە هەوڵی گەڕان بۆ پێکهێنانی دیاردەناسییەکی خودی دایە.

ریکور هەوڵ دەدات ڕێگەچارەیەک بۆ مشتومڕی لۆژیکی نێوان "گشتیبوون" و "پاژەکیبوون" بدۆزێتەوە بە بێ ئەوە بە خودێکی بچووککراو لە بەرانبەر گشتی یان فەلسەفەی گشتیی بوون و تەواوخوازدا بگات.

بەم پێیە رووناکبیریی فەلسەفی پۆل ریکور رووناکبیری کۆتایی مێژوو نییە کە ئێمە لە بیرمەندانی پاش مودێرن دا دەیبینین. ریکور رووناکبیرێکە کە جارێکیتر فەلسەفەی مێژوو دێنێتەوە ناو پرۆسەی ئەندێشەی رووناکبیریی فەرەنسا و ئەم کارە لە سێ بواردا ئەنجام دەدات؛

1- بە لەبەرچاوگرتنی فەلسەفەی زمان «خۆ زمانناسی»
2- بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونیی مێژوویی خود
3- بە لەبەرچاوگرتنی فەلسەفەی سیاسیی خود «خودێک کە لە قۆناغی زمانناسی و مێژوویی بە قۆناغی بەرپرسایەتی دەگات».

COLLÈGE
DE FRANCE
1530

*Enseigner la recherche en train de se faire*

«دامەزراوە 1530 -College du France»

ڕووناکبیریی ئەمڕۆی فەڕەنسا ئیتر قۆناغە زێڕینەکانی خۆی تێپەڕ ناکات. بەشی هەرە زۆری ئەم ڕووناکبیرییە لە چوارچێوەی ناوەندەکانی زانکۆ و بان زانکۆیی وەک «college du france » چالاکییان هەیە.

کاتێ ئاوڕ بۆ داوە دەدەینەوە دەبینین کە سارتر و بودار خۆیان ناوەند بوون و سەر بە هیچ ناوەندێک نەبوون.

ئەمڕۆ گۆڤارەکانی وەک «Temps Moderns» و «Esprit» و « La regle du Jeu» خاوەنی ئەو هێزە سیاسیی و ڕووناکبیرییە نین کە سەردەمانێک گۆڤاری «Les Temps Moderns» هەیبوو.

ڕووناکبیری لە فەڕەنسا بۆ بارودۆخێکی تێپەڕ لە گۆڕان دایە کە لە لایەک بەرەو شیوازێکیتر دەڕوات.

1- رەنگە هۆکاری ئەم داکشان و هەرەسهێنانە لە مەرگی گەورە ڕووناکبیرانی فەڕەنسا وەک سارتر، ئارۆن، فۆکۆ، لیوتار، بودریار و ... بزانین

2- هەروەها هۆکارێکیتر دەکرێ کۆتایی هاتنی شەڕی سارد و لەناوچوونی ئایدئۆلۆژییەکان و هەروەها پرۆسەی جیهانیبوونی سیاسەت و ئابووری بێت کە ڕووناکبیر-هاوڵاتی بۆ ڕووناکبیری ئەکتەر دەگۆڕێت.

ڕووناکبیریی فەڕەنسی ئیتر "سەیرکەرێکی بەرپرسیار"-بە وتەی ئارۆن- نییە، بەڵکوو ئەکتەرێکی بێلایەن و نادەروەستە کە خۆی بۆ بەکارهێنەر گۆڕدراوە. ئەوەی کە زۆر گرنگە بەشداری لە دەزگای ڕاگەیەندنە گشتییەکانە نەک ڕەخنەگرتن لە خودی ئەو دەزگایانە. ڕەخنەی ڕووناکبیریی لە سیستەمی خۆی لە ناو سیستەمی بێدەنگکراو دایە. ڕەنگە بە شێوەیەک بتوانین بڵێین کە ئارمانی دریفوسیی ڕووناکبیریی فەڕەنسی ئەمڕۆ تووشی قەیران بووە، چونکە تووشی شێوەیەک پاوانخوازی نوێ هاتووە. بە واتایەکیتر ڕووناکبیرانی فەڕەنسا لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی سەدەی بیستەمدا بە ئاواتی مەزنی پێکهێنانی مەزهەبە سیکولارە نوێیەکان لە چوارچێوەی فاشیزم یان کۆمۆنیزم و بە هەرەسهێنانی بۆتەکان و پێغەمبەرەکان بە ڕووناکبیری گەیشتن.



# Le siècle des intellectuels en France (1898-1998)

# سەدەی ڕووناکبیران «1898 تا 1998» لە فەڕەنسا

ئەو بابەتە خوێندنەوەیەکە بۆ کتێبی سێ بەرگی «سەدەی رووناکبیران» بەرهەمی نووسەری بەناوبانگی فەڕەنسا «میشێل وینۆک» مامۆستای مێژووی هاوچەرخ لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی پاریس و ئەندامی لێژنەی زەنجیرە نووسینەکانی «مێژوو و سەدەی بیستەم، لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە» کە لە لەلایەن دوکتور مێهدی سمسارەوە لە زمانی فەڕەنسیەوە کراوە بە فارسی و لە سێ بەرگدا بە قەبارەیەکی گەورە و لە نۆسەد و شەست لاپەڕدا هەر بەناوی سەدەی رووناکبیران چاپ و بڵاوبۆتەوە،

«دریفوس» ئەفسەرێکی جوولەکە بوو کە لە سوپای فەڕەنسا دا پلەی کاپیتانی هەبوو، ساڵی 1897 لە لایەن "ئەنجومەنی شەڕی فەڕەنسا" لەگەڵ ئەوەی بێتاوان بوو بەڵام تۆمەتی خیانەتی دەخرێتە پاڵ و رەوانەی بەندیخانە دەکرێ.

ئەو حوکمە هەر لەسەرەتاوە دژکردەوەی توندی بەشێک لە نووسەران و رووناکبیرانی فەڕەنسای لێدەکەوێتەوە. «ئێمیل زۆلا» لە دژکردەوەیەکدا و لە هەڵوێستێکی رووناکبیرانەدا دێتە مەیدان و بەرگری لە دریفوس دەکات، بەڵام هەبوون کەسانێک کە داوایان دەکرد دریفوس بە تاوانی خیانەت دادگایی بکرێت، وەک «موریس بارێس»ی ناسیونالیست و نووسەری چەند کتێب کە دژی سووسیالیستەکان و رووناکبیرانی حەقیقی هەڵوێستی دەگرت، (لەدوای شەڕی جیهانیی دووهەم، وشەی ناسیونالیست زیاتر لە هەموو کاتێک مانایەکی سنفی یان پیشەیی بەخۆوە دەگرێت). بارێس سەبارەت بە "لیون بلوم"ی ناسیونالیستی ناسراو و "ژان ژورس"ی سووسیالیستی لەرادەبەدەر مرۆڤخواز و پەیڤەری شارەزای دژبە شەڕ- کە دواتر هەر لەم رێیەدا تیرۆر کرا- دەڵێت: ئەمانە بانگەشەکەری شارستانییەتن، بەڵام لە هەمان کاتدا کاولبوون وماڵوێرانی لە کۆمەڵگە بڵاو دەکەنەوە. بارێس نامە بەناوبانگەکەی زۆلا بە پووچ

و بێ بایەخ ناو دەبات و بەڵام دەشڵێت کە نووسەری ئەو نامەیە کەسێکی بە جورئەتە.

لە روانگەی بارێس. دادپەروەری لە رواڵەتدا یەکێک لە ئیدە ئابستراکتەکان یان هەست پێنەکراوەکانە. ئەوەی کە بۆ بارێس گرنگ و جێگەی بایەخ بوو، بەرێوەچوون و رێزگرتن لە دادپەروەری نەبوو، بەڵکوو بەردوامبوون و لەسەر پێ مانەوە و پاراستنی کۆمەڵگەیەک بوو کە بە پێچەوانەی مەیل و ویستی هەموو شتێک و هەموو کەسێک «تاک» لە پەیوەندیدا بوو.



«موریس بارس 1826-1923»

بارێس ناوی "پاراستنی کۆمەڵایەتی" لەسەر ئەم شێوە کردار و شێوازە دانابوو. پاراستنی کۆمەڵگە بە پێچەوانەی مەیل و ویستی هەموو شتێک و

هەموو کەسێک بەرهەمی عەقڵییەتی فاشیزم و ئێستالینیزمە کە لەسەرەتادا تاک، پاشان کۆمەڵگە لە ناو دەبات.

بەڵام زۆلا دامەزرێنەری قوتابخانەی ناتۆرالیزمی ئەدەبی، لە بەرانبەر بالزاک کە کۆمەڵناسێکی سەردەمی خۆی بوو، دەیویست زیندەوەرناسی بنەما بێت.

ساڵی 1895 وەک سەرۆکی یەکێتی نووسەران هەڵبژێردرا. نووسینەکانی لەلایەن رەخنەگرانی بورژووا و راگەیاندنەکانی کاتولیک دژی داب و نەریتی کۆمەڵگە پێناسە دەکران و رەنگە هەر بەم هۆیە نەتوانی خۆی لەناوی کولتووی فەرەنسادا بگونجێنێت. لە منداڵییەوە ئەویندای دادپەروەری بوو و بۆ گەیشتن بە دادپەروەری هەوڵی دەدا.

گرفتی دریفوس ئەوە بوو دژبەرەکانی پێداچوونەوە بەو حوکمە زاڵمانەیان بە رەوا نەدەزانی و بە ناوی دژایەتی لەگەڵ سوپا و وڵات پێناسەیان دەکرد. زۆلا لە نامەکەیدا بۆ بەرگری لە دریفوس دەنووسێت؛ "هەڵەیەکی یاسایی پرسێکی گونجاو و داخهەڵگرە، پرسێک کە هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە کە قازییەکان هەڵە بکەن و بەرپرسە سەربازییەکانیش لەوانەیە هەڵە بکەن، لە کوێی ئەو باسەدا دژایەتی لەگەڵ سوپا و وڵات دەبیندرێ؟ تەنیا لایەنی جوانییەکەی ئەوەیە کە ئەگەر هەڵەیەک روویداوە، دان بەو هەڵەیە بندرێت و راستییەکان ئاشکرا بکرێن. هەڵە تەنیا ئەو کاتە دەست پێدەکات کە بە پێداگری و سووربوون، تەنانەت لەبەرانبەر بەڵگە نەگۆڕ و حەتمی دان بە هەڵەکەمان نەنێین و قبووڵی نەکەین.

نامەکەی بە رستەیەک کۆتایی پێدێت کە دواتر رەوتێکی مێژوویی دەگرێتە بەر، زۆلا دەنووسێت: "حەقیقەت بۆ پێشەوە دەچێت و هیچ شتێک ناتوانێ پێشی پێ بگرێت".

بەڵام بەداخەوە ئەوە رستە سەرنجراکێشە کە سەبارەت بە چارەنووسی دریفوس گوتراوە لە مەسەلەی دیکەدا خۆی نابینێتەوە! «برشت» دەڵێت: "حەقیقەت بەو رادەیە برەودارە کە خۆمان برەومان پێداوە و برەودانی حەقیقەت ئازایەتی زۆری دەوێت و حەقیقەت خۆی بە تەنیا بەرەو پێشەوە ناچێت".

گوشەکانی رۆژنامەی فیگارۆ لەسەر زۆلا دادەخرێن، ئەو بەناچاری نامیلکەیەک بە ناوی **«نامەیەک بۆ لاوەکان»** بڵاودەکاتەوە و ئەوان بۆ "مرۆڤایەتی، حەقیقەت و دادپەوەری" بانگ دەکات و دواتر پەنا دەباتە بەر نیشتیمانەکەی و لە «نامەیەک بۆ فەرەنسا»دا دەنووسێت: "فەرەنسا، سوێندت دەدەم، ئێستاش هەر ئەو فەرەنسا مەزنە بە، ئاور لە خۆت بدەوە، خۆت بدۆزەوە".

تاوانباری سەرەکی «ئالفرێد دریفوس» بۆ بەردەم ئەنجومەنی شەڕ بانگ دەکرێت، بەڵام تاوانەکەی لەسەر لادەبەن، جەماوەر هاوار دەکەن: "کڵاوەکانمان بە نیشانەی رێزگرتن لە قوربانیانی جوولەکە لەسەر لادەبەین"." بژی سوپا"،"مەرگ و نەمان بۆ جوولەکەیەکان"."مەرگ و نەمان بۆ سەندیکا".

هەڵبەت مەبەستی زۆلا لەو فەرەنسایەی کە دەستەوداوێنی دەبێت، فەرەنسای رەش و رووتەکان نییە، خەڵکانێکی زۆر لە راگەیاندن خوازیاری پێداچوونەوە بە حوکمی دریفوس دەبن.

لەو سەردەمەدا کە لە شەقامەکان دروشمەکانی دژ بە جوولەکە و جموجوڵییەکانی دژ بە زۆلا و چەپڵە لێدان بۆ سوپا، «سوپایەک کە ئامادە نییە دان بە هەڵەی خۆیدا بنێت» دەبستران، راگەیاندنەکانی فەرەنسا بڵاویان کردەوە کە هێزێکی نوێ لە ناوخۆی کۆمەڵگە هاتوونەتە مەیدان کە مەبەستی رووناکبیران بوو.

مامۆستایانی قوتابخانە و زانکۆکان و نووسەران و لێکۆڵەران لە دەوری زۆلا کۆ دەبنەوە و داوای پێداچوونەوە بە حوکمی بێتاوانی دریفوس- ئەفسەرێکی جوولەکە بچووک- دەکەن، شتێکیان داوا نەدەکرد جگە لە بەرێوەچوونی دادپەروەری نەبێت.



«ژۆرژ کلیمانسۆ1841-1929»

ژۆرژ کلیمانسۆ Georges Benjamin Clemenceau «سەرۆک وەزیری دواتر»لە وتارێکدا سڵاو دەنێرێت بۆ داهێنانی ئەو گروپە و دەنووسێت؛ "ئاخۆ ئەمە خۆی یەک هێما یان یەک نیشانە نییە؟ هەموو ئەو رووناکبیرانەی کە لە ئاسۆ جۆراوجۆرەکانەوە هاتوونەتە مەیدان، هەموویان لە دەوری یەک ئەندێشە کۆبوونەتەوە و بە شێوازێکی بەهێز پشتگیری دەکەن، تا ئەو جێیەی کە پەیوەندی بە منەوە هەیە، من پێم باشە لەم یەکگرتوویی و هاودەنگییەدا بنەما و سەرچاوەی بزووتنەوەیەکی بەبڕوا، لە سەرووی هەموو

بەرژەوەندییەکانی تاک ببینم و لەو پەرێشانییە ئاشتیخوازانە و ئارام، رۆحی فەرەنسایە لەو کاتانەی کە لەگەڵ کەموکوڕی زۆر رووبەروو دەبینەوە، من گشت ئاوات و هیواکانی دوارۆژمی بۆ دادەنێم".

لە نێوان ململانێی دوو لایەنی لایەنگر و دژبەری زۆلا، بەیاننامەیەکی گروپی سووسیالیستەکانی پارلەمان ئامۆژگارییەکی باشە؛ " لە نێوان ململانێی و بارگرژی دوو گروپی بورژوازی رەقەبەر، هەموو شتێک ریا و دووروویییە، هەموو شت درۆیە، با کرێکاران و رەنجدەران نەبنە کەرەستەی خاوەنانی سەروەت و سامان کە رقەبەرەکان یەک رۆژەن و کەڵک لە مافی هاوبەش وەردەگرن. لە نێوان ئەم دوو گروپەدا پارێزگاری لە ئازادی تەواو و بێ کەموکوڕی خۆتان بکەن".

بەڵام هەموو سووسیالیستەکان وا بیر ناکەنەوە، مەسەلەی پێکەناوی و گاڵتەجارییەکە لەوەدابوو کە تاقمێک داوای دادگاییکردنی زۆلا یان کرد و زۆلا لە دادگادا ئازایانە بەرگری لە ئەندێشەی خۆی کرد، بەشی کۆتایی ئەو بەرگرینامەیە سەرنجراکێشە و پەند و ئامۆژگاری باشی تێدایە؛ "وا پێدەچێت هەموو شتێک لە دژی من بێت، دوو پەرلەمان، دەسەڵاتی وڵات، دەسەڵاتی سەربازی، رۆژنامە پڕتیراژەکان، ژەهراوی بوونی بیروڕای گشتی، تەنیا شتێک کە بۆ من ماوەتەوە بیرێکە، بیری حەقیقەت و دادپەروەری. من ئاسوودەم، سەرکەوتن بۆ منە، من نەمویست کە وڵاتەکەم لە درۆ نەبوونی دادپەروەریدا بمێنێتەوە. رۆژێک دێت، فەرەنسا لەبەر ئەوەی هەوڵی رزگاریی مەزنایەتی و شکۆمەندی ئەوەم دا، رێز لە من دەگرێت."

بەڵام سەرۆکی دادگا لەوپەڕی بوێریدا! رایدەگەیەنێت: "شکۆمەندی و ئەمنییەتی وڵات لە ئارا دایە" و بە هۆی ئەم «شکۆمەندی» و «ئەمنییەت»ە زۆلا نووسەی بەتوانا بە یەکساڵ بەندیخانە حوکم دەدات. هاورێیانی زۆلا رێی

هەڵاتنی بۆ بەریتانیا خۆش دەکەن و ماوەی یەکساڵ زۆلا بە نامۆیی و نەناسراوی لەو وڵاتە دەمێنێتەوە.

ڕۆژێک دوای دادگاییکردنی زۆلا، «کۆمەڵەی بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ» دادەمەزرێت. بارێس وەک ناسراوترین کەسایەتی دژی دریفوس دەمێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو رووناکبیر و کۆمەڵگە بە نامۆ و ناتەبا لەگەڵ عەقڵ و مەنتق دادەنێت. بۆ یەکەمجار گروپێکی دژبە جوولەکە لە پەرلەمان دادەمەزرێت. بەڵام بە هەوڵی رووناکبیران لە ساڵی 1894 ڕەزامەندی دەردەبڕدرێت کە پێداچوونەوە بە حوکمی دادگاییکردنی دریفوس بکرێت. بەڵام لە چوار ساڵی دواتر ئەو ئەفسەرەی کە بەڵگەی ساختەی لە دژی دریفوس ئامادەکردبوو، خۆی دەکووژێت. لەگەڵ ئەوەشدا «شارل موراس»، ناسیونالیست و هاوبیری بارێس ئەو ساختەچییە بە "قارەمان" ناودەبات و ستایشی دەکات. ئەو پێی وایە کە جوولەکەکان و پرۆتستانەکان سەرچاوەی بەڵایەکن کە ناوی «کۆماری»یە. هاوکات لایەنگران و دژبەرانی دریفوس هەر کامیان «سالۆنی ئەدەبی» جیاواز و تایبەت بە خۆیان هەبوو.

لە دادگایی دووهەمدا دیسان دریفوس وەک تاوانبار دەناسرێت. ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو ئەندێشەی بارێس دەگۆڕێت، ئەو کە خوازیاری نوێبوونەوەی دەسەڵات و وەک ناسیونالیستێک بەدوای خوێنی فەڕەنسییەکانەوە بوو، لەو سەردەمەدا ئەویناری ژنێک دەبێت کە لایەنگری دریفوسە. وەک نووسەری کتێبی سەدەی رووناکبیران دەنووسێت: بارێس «لایەنی مرۆڤایەتی» وەردەگرێت.

لەو کاتەدا دیوانی باڵای وڵات ڕەزامەندی لەسەر پێداچوونەوە بە حوکمی دادگای دریفوس دەردەبڕیت. سەرۆککۆمار کە لایەنگری دریفوسە لە لایەن کەسێکەوە هێرشی دەکرێتەسەر و بریندار دەکریت، مەترسی شەڕی ناوخۆیی

هەڕەشە لە فەڕەنسا دەکات. زۆلا دەگەڕێتەوە وڵات و دیسان وتارێک لە ژێرناوی «دادپەروەری» دەنووسێت. لە دادگایی پێداچوونەوە حوکمی دریفوس لە بەندیخانەی هەتاهەتایی بۆ دە ساڵ کەم دەکرێتەوە.

ساڵی 1902 زۆلا لە حەمامدا بە هۆی هەڵمژینی ئۆکسیدی کەربۆن دەمرێت یان دەکوژرێت. واپێدەچوو کە رێگەی چوونەدەرەوەی دووکەڵیان بەستبێت، بەڵام هیچ بەڵگەیەک رانەگەیەندرا.

بەڵام دوای مردنی زۆلا حوکمی تاوانباربوونی دریفوس لە لایەن دیوانی باڵای فەڕەنسا هەڵدەوەشێت، بە بێ ئەوەی دۆسیەیەکی دیکە بۆ دادگا بەرێ بکرێت. ئەوەش بە مانای بێتاوانبوونی دریفوسە. زۆلا دوای مردنی سەرکەوتوو دەبێت.

جەستەی زۆلا لەسەر وەسیەتی خۆی دەسووتێندرێت و خۆڵەمێشەکەی بۆ «پانتئۆن» شوێنی ناشتنی بیرمەندانی مەزنی فەڕەنسا دەگوازرێتەوە. کەمێک دواتر بە مەبەستی کوشتن، تەقە لە دریفوس دەکرێت، بەڵام بە سووکی بریندار دەبێت. برشت موراسی ناسیونالیست بەڕادەیەکە کە «موراسیزم» نیو سەدەی تەواو بەردەوام دەبێت. ئەو دژی بێگانەیە و سەڵتەنەتخوازە. پێی وایە کە فەڕەنسا پێویستی بە "من" ێکە.

ساڵی 1899 گۆڤاری "ئاکسیۆن فرانسێز" «کردەوەی فەڕەنسی» زمانحاڵی ناسیونالیستەکان دادەمەزرێت. دروشمی ئەو گۆڤارە لەناوبردنی حکومەتی پەرلەمانییە کە بە باوەڕی بەرێوەبەرەکانی دروشمێکی سەربازی و یەکجار نامۆیە. ئەم بڵاوکراوەیە لە دژی «چینە چوارینەکانی یەکگرتوو» واتە پرۆتستانەکان، فراماسۆنەکان، جوولەکەیەکان و بیانییەکان کار دەکات. رێگەچارەی کۆتایی هاتن بەو کێشانە لە بوونی "پادشا"یەکدا دەبینن. نەریتەکان بە ئاسانی گۆڕانیان بەسەردا نایەت.

یاسای 1905 واتە «جیایی کەنیسە لە دەوڵەت» بووە هۆی ئەوەی کە موراس هێزێکی زیاتر وەربگرێت کە دواتر بە پشتیوانی ماڵی کۆنتسێک رۆژنامەیەک بڵاودەکاتەوە.

ئەوە رووداوێکی بچووک نییە، چیرۆکی ئاکسیۆن فرانسێز تا کۆتایی حکومەتی ویشی 1944 بەردەوام دەبێت. تەنانەت ئەمرۆکەش رەوتی راستی توندرەو کە دژی بیانییەکانی نیشتەجێی فەرەنسایە دەبێ درێژەپێدەری ئەو رەوتە بزانین. لە کتێبی سەدەی روناکبیراندا هاتووە؛ "مەسەلەی ئەمانە لەگەڵ دژبەرانی خۆیان جەدەل نەبوو، بەڵکوو شەڕ بوو".



«شارل پگی 1900 لە کتێب فرۆشییەکەیدا»

لە بەرەی دژبەر، «شارل پگی Charles Péguy» شاعیری ناسراو و لایەنگری ناسیونالیزم و پابەند بە رەوشت دەتوانێت کتێبفرۆشییەکی بچووک دابمەزرێنێت. ناوبراو ساڵی 1900 بڵاوکراوەیەک بە ناوی (دەفتەری پازدەرۆژە) وەرێ بخات. ئەو ستایشی ژورس دەکات کە پێشتر باسمان لێوە کرد، بەڵام دژی «ناسیونالیزمی ئاڵمانیا»یە. ساڵی 1898 «زانکۆی

جەماوەری» بەمەبەستی لێک نزیکبوونەوەی رووناکبیران و کرێکاران دادەمەزرێت. هەر لەم ماوەیەدا «گروپی یەکگرتوویی سوسیالیستی» بە هەوڵی ژورس دەست بەکار دەبێت و هەوڵەکانیان بۆ کردنەوەی «قوتابخانەی سوسیالیستی» دەخەنە گەڕ. لئۆن بلوم مامۆستای یەکێک لەو قوتابخانانەیە کە سەرنجی کرێکاران و خویندکاران بۆ لای خۆی رادەکێشێت. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا «ژول گێ» یەکێک لە رێبەرانی گرنگی سووسیالیزمی فەرەنسا پێی وایە؛ "بورژوازی بە دوو گروپی مەسیحی و جوولەکە دابەشبووە و هیچ پەیوەندی بە چینی کرێکارەوە نییە".



«ژۆرژ سورێل 1847-1922»

[بەڵام ژۆرژ سورێل «Georges Eugène Sorel» سووسیالیستێکە کە هەم کاریگەری لە پرۆدێن وەردەگرێت و هەمیش لە مارکس و نیچە و برێگسۆن و ویلیام جیمز! ئەو بە جیددی لایەنگری لە توووند وتیژی دەکات و کەیفی بە لایەنگرانی کۆنەپەرەستی دێت بەتایبەتی موسولینی].

له کتێبی سەدەی رووناکبیران لەمبارەوە هاتووە؛ "دەقی سوریێل «سەبارەت بە دریفوس» نیشانەی زۆری لە بێریزی و بە بچووک زانینی لایەنگرانی دریفوس تێدایە و دەربارەی لایەنگرانی دریفوس دەڵێت: "ئەمانە لە خەڵکانێکی بچووک زیاتر نین."

ئەو «ئاناتۆل فرانس» بە کەسێکی لەخۆڕازی ناو دەبات کە تەنیا چەپڵەی خەڵکانی ناو کۆبوونەوەکان ئارامی پێدەبەخشن! زۆلا بە "گاڵتەجاری «شانۆی دریفوسی» کە خاوەنی «مێشکێکی بچووکە» و کلیمانسۆ و ژورس و ئەوانیتر بەوە تاوانبار دەکات کە لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیاندا هەوڵ دەدەن.

ناسیونالیستەکان تا ئەو جێیە دەرۆنە پێش کە پەرەپێدانی فەلسەفەی کانت لە فەڕەنسا بە «هێرشی دووهەمی ژێرمەنەکان» ناو دەبەن. هەڵبەت ئەوان بە توندی دژی ئەوە دەوستنەوە کە سیستەمی پەروەردە جیا بێت لە مەزهەب «1880»، بەڵام ناسیونالیزمی کۆماریخوازی شارل پگی «شۆرشێکی رووناکبیریی نوێ پێش شەڕی یەکەمی جیهانییە.»



«ئاندرێ ژید 1869-1951»

بەڵام سەبارەت بە «پۆل گیوم ئاندرێ ژید Paul Guillaume André Gide»، کەساڵی 1897 کتێبی (پاشماوەکانی زەوی) چاپ و بڵاو دەکاتەوە. ئەم کتێبە تا 1909 تەنیا چەند سەد نووسخەی لێدەفرۆشترێت، [بەڵام بە شێوەی ئەنجیل چەند نەوە دواتر دوای شەڕی جیهانیی یەکەم چاپ دەکرێتەوە]. ئەو تا 1909 هەموو کتێبەکانی لەسەر ئەرکی خۆی چاپ دەکات.

ژید «مەسیحییەکی بێ کەنیسە»یە، گۆڤارێک دەردەکات بە ناوی «گۆڤاری نوێی فەرەنسا» کە کەسانێک لە بوارە جیاجیاکان شیعر و وتاری تیادا بڵاو دەکەنەوە.

لە ڕووداوەکانی ساڵانی پێش شەڕی جیهانیی یەکەم، ڕووتێکردنی لاوان لە کاتۆلیزم و نەتەوەخوازی کە ڕەگ و ڕیشەی دەچێتەوە سەر شەڕخوازی.

تەقینەوەی دژەهزر، بەرگری لە کردەوە بەهۆی کردەوە، ڕێزگرتن لە سرشت، هۆگری و شەیدایی بۆ بەدواداچوونی ڕووداوەکان و دۆزینەوەی ڕازەکان، ویژدانی نائاگا، هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی ساڵانی 1900 لەم قۆناغەدا هاوکات و هاوچەرخن لەگەڵ زنجیرەیەک داهێنانی تەکنیکی بێ وێنە... بەڵام «ڕۆژێ مارتین دوگار» ساڵی 1914 بۆ هاورێیەکەی دەنووسێت: "سووسیالیزم هەموو ڕۆژێک، بەتایبەتی لە دوو ساڵ لەمەو بەر ئەم وڵاتەی داگیر کردوو کە کەسانی بە ئەمەگ و شۆرشگێران بیریان نەدەکردەوە کە ئەمە وا بەئاسایی و بەزوویی بەدەست بێنن. ئەمە خۆی ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە."

هەڵبژاردنەکانی یاسادانان لە بەهاری 1914 بە سەرکەوتنی بەرەی چەپەکان کۆتایی پێهات.



«ژان ژۆرێس 1859-1914»

سەبارەت بە «ژان ژورس **Jean Jaurès**» ئەو سووسیالیستە حەقیقی و مرۆڤدۆست و دژ بە شەڕی بێ وێنەیە دەبێ بڵێین؛ ئەو ساڵی 1914 لە لایەن سووسیالیستێکی زەین کوێرەوە تەقەی لێدەکرێ و خۆشەویستییەکەی – تەنانەت لای دژبەرەکانیشی- بە ڕادەیەکە کە رەقیبی هەمیشەیی، موریس باریس، بەیانی دوای ئەو شەوە نەحسە سەردانی دەکات و دەنووسێت: " لە بەرانبەر ژورس کڕنۆش دەبەم ..پیاوێکی بێ وێنەیە، بەڵام لە روانگەی منەوە ئەو پیاوێکی مەزنە! ماڵاوا ژورس.

بەڵام ئەم قارەمانی سووسیالیزم و ئاشتییە- وەک هەر قارەمانێکیتر- خۆش باوەڕە، چونکە پێی وایە؛ سووسیال دیموکراسی ئاڵمانیا دەتوانێت پێش بەم شەڕە بگرێت، لە کاتێکدا ئەم حیزبە لەوکاتەدا بە جیددی تووشی لێکترازان هاتبوو و بەسەر دوو لایەن دابەش ببوو. تا ئەو جێیەی لایەنی راست «رۆژا

لوکزامبورگ» کە سەر بە لایەنی چەپە دەکوژێت و تەنیا کەسی ئاشتیخوازیش هەر ئەم ژنەیە کە ئەویش – بەپێچەوانەی ژورس- یەکجار شۆرشگێرە،» هەڵبەت کوژرانی دوای شەڕ روو دەدات».

شەڕ بەرەبەرە نزیک دەبێتەوە، چونکە هەر دوو وڵاتی ئاڵمانیا و فەڕەنسا هەرکام ئەویتر بە خەتاکار و دوژمنی خۆی دەزانێت، هەموو سووسیالیستەکانی ئەم دوو وڵاتە «تەنانەت رووناکبیران» لە پڕدا دەبنە ناسیوونالیستی شەڕخواز. سووسیالیستەکانی فەڕەنسا و سووسیالیستەکانی ئاڵمانیا هەر دوو لا دەنگ بە بوودجەی شەڕ دەدەن، [لنین کە دژوارترین مەسەلەکان بە نیتکێک چارەسەر دەکات، کاری سووسیال دیموکراتەکانی ئاڵمانیا بە «خیانەتی رێبەران» ناو دەبات، بە بێ ئەوەی بۆ هەڵچوونی هەست و سۆزەکانی هەر دوو لایەن- کە بێ شک کارەسات خوڵقێنەرە- پاساو بێنێتەوە.]

# L’impact de la révolution d’octobre sur les intellectuels français

# کاریگەری شۆرشی رووسیا لە سەر رووناکبیرانی فەرەنسا

شۆرشی رووسیا وەک ئەستێرەیەکی نوێ دەدرەوشایەوە، لە ماوەی ئەو شەست ساڵ درەوشانەوەیەدا رۆژاوای تەلیسم کردبوو. بۆچی؟ بۆ ئەمە وەڵامێکی روون لەبەر دەستدا نییە و شرۆڤەکردنیشی کارێکی ئاسان نییە. لە بەرانبەردا بەرەی شۆرشگێری ژولین بێندا، نووسەری کتێبی بەناوبانگی (خیانەتی رووناکبیران)، «ئەوین و ئایدیالبوون» پێشنیار دەکات وەک چەمکێکی «لەسەرووی زەوی»و دەنووسێت: "نە نەتەوە و نە چینەکان کە هی ئەم جیهانەن". ئەو لەزەتی مەعنەوی پێشنیار دەکات و دەنووسێت: "مەلەکووتی – جیهانی غەیب- من ئەم دونیایە نییە" بەڵام دوای ماوەیەک لە ناسیونالیزم نزیک دەبێتەوە ودەنووسێت:" بە باوەڕی من لە پاڵ خەڵکانی دژەمەزهەب «سکولارەکان» دەبێ مەزهەبییەکانیش بوونیان هەبێت کە ئایدیال لە مانای رەهای ئەو دا، لە دەرەوەی گەندەڵییەکاندا کە ناچار بە تێپەڕبوون بۆ قۆناغی راستییەکانن و دەکەونە سەر رێیان و دەبێ بیانپاریزن."

بێ شک دەبێ دادوەرانێک هەبن دادپەروەرییەکی رێژەیی بەرێوە ببەن. هەروها بوونی دیوانێکی خاوێن کە دوور لە ململانێ و کێشە و خەساروەرگرەکانی کۆمەڵگەی شاری، پارێزگاری لە یاساکانی دادپەروەری نەمر بکات و هەوڵی بۆ بدات.

میشێل وینوک دەنووسێت: "ژولین بێندا بە شێوەی ویشک و دەرهەستکاری و بڕینەر، تیئۆری دوو هێزی زەوینی و مەعنەوی کە لە ئەندێشەکانی سان سیمۆن، ئاگۆست کۆنت و هاوچەرخەکەی ئالەن بوونیان هەبوو، دەخاتە بەر چاو و پێی وایە لە هەر کۆمەڵگەیەک دەبێ لەبەرانبەر خاوەنانی دەسەلات، دەسەڵاتێکی مەعنەوی و رووناکبیری، بوونی هەبێت کە وەبەبیرهێنەرەوەری بنەما و ئەو پرەنسیپە نەمرانە بێت کە کۆمەڵگە لەسەری دامەزراوە.




«دیمەنێک لە شۆرشی رووسیا 1917»

ئەو بە تەواوی ئاگایی بەسەر ئەوەدا هەیە کە کە دەسەڵاتداریی فەیلەسووفەکان ناتوانێ سەر بگرێت مەگەر ئەوەی کە پرسە مرۆییەکان بۆ پرسە خواییەکان گۆڕانیان بەسەردا بێت. ئەو تەنیا دەخوازێت کە "مەزهەبی Clerc" تێگەیشتن و فام بکرێت، تا ئەوەی هیچ کەسێک نەتوانێ بەبێ ناخۆشییەکانی ویژدان تەسلیمی مەیل و هەوا و هەوەسەکانی مرۆیی بێت.

ئەوە رێک هەر ئەو شتەیە کە بە باوەڕی ئەو رێبەرانی مەعنەوییەتی رۆژاوا خۆیان پێوە سەرقاڵ نەکردووە، کەمکارییان کردووە و خیانەتیان بە رێبازی خۆیان کردووە تا بە خەڵکی بڵێن: "بۆ زەوی وەفادار بمێنن".

بەم پێیە کتێبی (خیانەتی رووناکبیران) بە مانای دوو وشەی شێوە پێغمبەرایەتی و پێشگۆیی خۆی دەردەخات. لە لایەک هۆشمەندی و ئەندێشەخوازی کە بۆ هەوسارپچراوی هەستیاری تاکەکەسی و شەخسی پاساوی زانستی و ئەدەبی دێنێتەوە، مەحکووم دەکات و لە لایەکیتر

رایدەگەیەنێت؛ "چارەنووسی ئەو نەتەوانەی کە بە هەر شێوەیەک دەسەڵاتی مەعنەوی سەربەخۆ رەدبکەنەوە یان لە ناو ببەن، بە "رژیمە تووتالیتارەکان" ناویان دەبات."



«ئالبێر ماتی یز 1874-1932»

لە لایەک، شەیدایی بۆ کۆمۆنیزم رەها نییە، بەسەرهاتی «ئالبێر ماتی یز Albert-Xavier-Émile Mathiez» یش نموونەیەکی نوێ دەخاتە بەرچاو. ئەو یەکێک لە شەیدایانی شۆرشی رووسیا بوو کە لە ساڵانی 1922-1923 و تەنانەت پێش «بۆلشویکی کردن»ی وڵات یەکجار ناهومێد و تووشی شکست هاتبوون و لێی پاشگەزبوونەوە و هەواڵی مەترسییان بڵاوکردەوە، ئەوان هەستیان کرد کە موسکۆ ناوەندێکە کە لە ناوەوەیدا پارتە نەتەوەییەکانی وڵاتان دەبێ پەیرەوەی لە فەرمانەکانی یەکێتی سۆڤییەت بکەن.

ئەو رۆژەی کە فەڕەنسییەکان هەست بکەن کە لە باس و بیروڕاکانی کۆمۆنیست، لە گروپ و کۆنگرەکانیان ساختەکاری کراوە، دیکتاتۆرەکان لە زەوی وەدەر دەنێن.



«ئێمانوئل مونییە 1905-1950»

هەڵبەت دواتر فەڕەنسییەکان بەمەیان زانی، بەڵام توانای دەرکردنی دیکتاتۆرەکانیان لەزەوی نەبوو. «ئێمانۆئل مونییە» ساڵی 1932 گۆڤاری «ئێسپری» دادەمەزرێنێت و لە بزافی رووناکبیریی مەعنەوییەتخوازی و سیاسیی فەڕەنسادا لە نێوان دوو شەڕدا رۆڵی گرنگی هەبوو.

ئەو دژی ناسەقامگیری ئابووری و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی سەرمایەدارییە، لە هەمبەر تاکخوازیی بورژواییدا رێبازێک بە ناوی «پێرسۆنالیزم» دادەمەزرێنێت کە تێکەڵاوییەکە لە مەسیحییەت و سووسیالیزم.

ئەو زیاتر کردەوەی بەلاوە گرنگە تا باسە تیئۆریکەکان. هەروەها پابەندە بە دیموکراسی و دەنووسێت: " ئەوەی ئێمە لەگەڵی لەشەڕ داین بریتییە لە تاک. تاک بەواتاگشتییەکەی، بەرانبەری تاکەکانی بێلایەن و ئیمکانی ئاڵوگۆڕ پێکردن. هەروەها ئازادی بە مانای یەک ئامانج ویەک مەبەست، [مێژوو سەلماندی کە بەشی دوایی بۆچوونی مونییە هەڵەیەکی مەرگاوییە]؛ هەر وەها لیبرالیزمی سیاسی و ئابووری کە هەرخۆی، خۆی لە ناودەبات. [لیبرالیزمی سیاسی کەموکوڕی نییە، لیبرالیزمی ئابووریش جیهانی قووت داوە نەک خۆی]. هەروەها دژی خۆشبینی تێکەڵ بە شەیدایی و سەروەری نەتەوەیی و دژایەتیکردنی گشتی نێگەتیڤانە لەگەڵ سووسیالیزمیشین."

لە دەربڕینی پلە وپایەی «تاک» لە پێرسۆنالیزم [دەکرێ پێرسونالیزم بە گرنگییەوە بە «رەسەنایەتی تاک» مانا بکەینەوە] دەنووسێت: "ئەو تاکەی لیبرالەکان مەبەستیانە لە مانا گشتییەکەیدا مرۆڤێکی بێ چارەنووسە، مرۆڤێکی بێ پەیام، بەبێ هۆکارێکی بوونی و بوونەوەرێک کە وەک مرۆڤێک هیچ شتێک داوا ناکات. لەگەڵ ئەوەی کە "کەس" وەک "تاک" داماڵدراوێک و ئابستراکتێک نییە. بەڵکوو بوونەوەرێکی هەستپێکراو، خاوەنی جەستە، شوێندار و هیچ جێگرەوەیەکی نییە، لەهەمان کاتدا کەسەکە لەرێگەی بەرپرسایەتی هاوبەش لەگەڵ «کەسەکان»ی دیکە لە پەیوەندی دایە، تا پێکەوە کۆمەڵگە پێک بێنن. پەیامی تاک پەیامێکی گشتییە... ئێمە دژی فەلسەفەی «من» و لایەنگریی فەلسەفەی «ئێمە»ین. کەوابوو شۆرشی پێرسۆنالیزمیش دژی لیبرالیزمە کە مرۆڤ بۆ هێڵی زنجیری بەرهەمهێنان- بەکارهێنان دێنێتە خوارەوە و هاوکات دژی رژیمە توتالیتارەکانیشە.



«هانری دۆنان 1828-1910»

هاوکات لەگەڵ ئەم ڕەوتە، «هانری دۆنان**Henri Dunant** »ی سویس-فەڕەنسی لایەنگری سووسیالیزمێکی ڕەوشتییە، هەندێ گروپ ئەمە وەک دروشمی خۆیان " مەعنەوییەتی یەکەم" دەخەنە بەر باس و دواتر ئابووری و پاشان سیاسەت بۆ خزمەتکردنیان بەکارهێناوە کە بە دروشمی «هەم مەعنەوییەت و هەم ئابووری و هەم سیاسەت لەسەر بنەمای دیموکراسی» ئەمڕۆ نزیکە.

ژید کە نزیکایەتی زۆری لەگەڵ کۆمۆنیزم هەیە، هەوڵی زۆر دەدات کە چەند بەشێک لە کتێبی «سەرمایەی مارکس» کە ئاڵۆزییەکی کەمتری پێوە دیارە، بخوێنێتەوە و لە بابەتەکانی تێبگات. بەڵام بەهۆی عادەتی هەمیشەیی خۆی لەوپەڕێ ڕاستگۆیی و پاکیدا دان بەوە دادەنێت: "ئەوەی وا دەکات من

روو له کۆمۆنیزم بکەم مارکس نییە، بەڵکوو ئەنجیلە، ئەنجیل منی وا راهێناوە و پەروەردەی کردووم".



«بوریس سوارین 1895-1984»

ژید تەنانەت خۆی له خوێندنەوەی کتێبی «ئێستالین» له نووسینی «بۆریس سوارین **Boris Souvarine**» که ساڵی 1935 چاپکراوە، بەدوور رادەگرێت. ئەم کتێبە «یەکەمین لێکۆڵینەوەی جیدییە و لەهەمان کاتدا دیکۆمێنتێکە که هەوڵی ریسواکردنی رژیمی ئێستالین دەدات.» لەگەڵ هەموو ئەمانەدا شک و گۆمانێک له دەروونیدا دێت و دەچێت که له روانگەی هاورێیەکی وەک "مارتین دوگار" ناشاردرێتەوە.

بۆ کۆتایی هێنانی ئەم شک و گومانانە ژید هەوڵ دەدات یەکێتی سۆڤییەت بە چاوانی خۆی ببینێت، بەڵام ئەم سەفەرە بە خێرایی ناکات، "لەبەر ئەوەی لەلایەک تووشی هەڵامەت و پەسیو هاتووە و لە لایەک دەترسێت وەرگێڕەکانی یەکێتی سۆڤییەت گۆڕان لە وتەکانیدا بکەن و پێشکەشی گوێگران بکرێت." بەڵام رووسەکان زۆر پێداگری لەسەر ئەم سەفەرە دەکەن، مالرۆ ئەم کارە بە ئەرک دەزانێت؛ حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنساش پێی وایە کە ژید فوو لە هەمان شەیپوور دەکات کە باربۆس [نووسەری فەرەنسی کۆمۆنیست] پێشتر فووی تێکردبوو.

دواجار لە ساڵی 1936 ژید بەرەو یەکێتی سۆڤییەت بەرێ دەکەوێت، سەفەری ژید، نۆ حەوتوو دەخایەنێت. موسکۆ، لنینگراد، قەفقاز، دەریای رەش [پلاژش شوێنێکی ناسراو و سەرنجراکێشە]، بەرنامەیەکی کلاسیکی توریسمی شۆڕشگێڕانە؛ لە پێشدا داڕێژراو، رێکخراو، پاراستراو، نیشان بۆدانان، لەژێر چاودێری رێنمایەکی رەسمی و کچێکی وەرگێر، کە بە هیچ شێوەیەک رێگری ناکات کە ژید لە ماوەی ئەم سەفەرەدا چەند بیرەوەرییەکی ئەویندارى لەگەڵ ئەو کچەدا هەبێت، مەگەر ئەوەی کە ئەو رووداوانەش هەر لە لایەن «G.P.O» بەرنامەرێژی بۆ کرابێ و لەبەر دەم ئەو نووسەرە گەورەیە داندرابێ! لێرەدا پێویست ناکا هەموو ئەو شتانەی کە بۆ پێشوازی ئەو لە یەکێتی سۆڤییەت کرا بخەینە بەر باس، ژید دوای گەڕانەوە لە یەکێتی سۆڤییەت دەنووسێت: "لەبنەڕەتدا لەوێ شتێک بە ناوی کۆمۆنیزم بوونی نییە، هیچ شتێک بوونی نییە جگە لە ئێستالین". رەنگە هێشتا نەیزانیوە کە ئەم دوو شتە بە تەواوی ئاوێتەی یەکتری بوون.

لە کتێبی خۆیدا دەنووسیت: "لە سەفەر بۆ تفلیس کاتێک کە دەگاتە شوێنی لەدایکبوونی ئیستالین، دەقی ئەو تێلێگرامەی بۆ نوێبوونەوەی یادی ئەو ئامادەی کردبوو دەداتە وەرگێڕەکەی کە نووسیویەتی؛ " ئێستالینی

خۆشەویست؛ «ئێستا کە گەیشتوومەتە شوێنی لەدایکبوونی تۆ، بە پێویستم زانی بۆ ریزلێنان لە یاد و بیرەوەریت...» بەڵام دەبینێت کە وەرگێڕەکە ئەو دەست و ئەو دەست دەکا، لە هۆکارەکەی دەپرسێت و لە وەڵامدا وەرگێر پێی دەڵێت: وشەی ئێستالینی خۆشەویست وشەیەکی تەواو نییە، شتێک وەک "باوکی زەحمەتکێشانی جیهان" یان "بلیمەتی مەزن" دەبێ بەدوای ناوی ئێستالین دا بێت! [کەلێنێکی دیکە لە خزمەتی ژید بەرانبەر بە رژیمی کۆمۆنیزم.] لە گەڕانەوە بۆ پاریس بیر و باوەڕی ژید بە تەواوی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، هەوڵ دەدات ئەو ناخۆشی و ناحەزییانەی کە بینیویەتی بنووسێتەوە.




کتێبی «گەڕانەوە لە یەکێتی سۆڤییەت- ئاندرێ ژید»

کتێبی «گەڕانەوە لە یەکێتی سۆڤییەت» لە سێزدەی نۆڤامبەری 1936 چاپ و بڵادەکرێتەوە و برووسکەئاسا ئەم «بۆمب»ە تا سیپتەمبەری 1937 «لەماوەی هەشت مانگ»دا نۆ جار چاپ دەکرێتەوە. نزیکەی سەد و پەنجا هەزار نوسخەی لەم ماوەیەدا لێدەفرۆشترێت و بۆ سەر پازدە زمانی زیندووی دونیا وەردەگێردرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا نووسەری ناسراو، ئاگای لەبوونی ئوردوگای کاری زۆرەملی نییە، لە ئوردوگای چەپەکان تاقمێک ژید بە «دوژمن» و تاقمێکی دیکە بە «دۆستی نەزان» ناوی دەبەن. «رۆمێن رۆلانRomain Rolland » لە وتارێکدا بۆ «پراودا» دەنووسێت: "هەڤاڵانی بەرێز، من هەست بە تووڕیی ئێوە بەرانبەر بە کتێبەکەی «ئاندرێ ژید» دەکەم، ئەم کتێبە خراپە لە لایەک نووسینێکی مامناوەندییە، بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر هەژار، نزم و پووچ و مناڵانە و پڕ لە کەموکووڕییە. ئەو دەنگۆیەی کە هەیەتی بێ شک قەرزداری بایەخەکەی نییە، چونکە لە راستیدا کتێبێکی هیچ و بێ بایەخە، ئەو دەنگۆیەی کە هەیە لە دەوروبەری ناوی «ژید» دایە.



«رومێن رۆلان 1866-1944»

بزانین دیالکتیک لەو ناوەدا چ دەکات و بڕوا بەوەی کە «هەر شتێک دژی خۆی دەخوڵقێنی» چ موعجیزەیەک بەرهەم دێنێت.

«رۆحی ئۆرتۆدکسی» لەو پەیرەوانی ئەم باوەڕە «کۆمۆنیزم» بۆ پەیوەندی ئەنتەرناسیونال کۆمۆنیست» داناشکێت، بەڵکوو یارمەتیدەر بۆ پاساوهێنانەوەی دیالکتیکی خراپترین شێوەی خۆپێشاندانەکان. بەلێ لە روانگەی ئەمانەوە شارێیەکانی مێژوو لێواولێوە لە تەرم. بەلام رەتکردنەوەی رەتکردنەوەکان لە کۆمەڵگەیەکی بێ چین و توێژ سەرکەوتوو دەبێت و لە چاوەڕوانیی گەیشتنی ئەم کۆمەڵگە بێ چینە دەبێ قبوولی دیکتاتۆرییەت بکەین. نەبوونی هەر شێوە ئازادی لە یەکێتی سۆڤییەت بە نەزانم کاری دابنێن و بۆ سەقامگیری نابەرابەرییەکان و باوەڕی سەرۆکی مەزن چاوپۆشی بکەین، چونکە دواجار لە دڵی خراپە، چاکە سەر دەردێنێت!



«رومێن رۆلان و گاندی لە سویس1931»

«رۆمێن رۆلان» بێئاگا لە جیاوازی نێوان ئەو دوو کەسە، هەم شەیدای لنینە و سەوداسەری گاندی، ساڵی 1932 بە یەکجاری لە گاندی دادەبڕێت و لایەنگری یەکێتی سۆڤییەت دەبێت.

لەو نێوەدا بارودۆخی پییەر دریوولا رۆشێل« Pierre Drieu La Rochelle» تاڵ و پەندوەرگرە، لە لایەک نووسەرێکی بەتوانایە و بەم پێیە دەبێ کەسێکی ئازادیخواز بێت بەڵام کەسێکی فاشیستە. ئەو فاشیزم بە دژی کاپیتالیزم دەزانێت، بڕوای بە داسەپاندنی سەنتێزی چەپ و راستە بەسەر خەڵکدا و بۆ ئەم مەبەستەش بوونی کەسێک بەناوی «سەرۆک» پێویستە. ئەو کوڕی کابرایەکی ئاسنگەرە، خۆشی کرێکارێکی ئەم پیشەیە و سەربازێکی پێشووی ئازایە. بەڵام خوێندەوارە و زانکۆی دیوە، ماوەیەک هۆگری کۆمۆنیزم و دواتر بە تەواوی روو لە فاشیزم دەکات. بڕوای وایە کە قۆناغی باوەرمەندی تەنیا پەیوەندی بە «فەرەنسای پێشوو»یە. دەبێ پێ بخەیتە ناو مەیدانی «ناسیونالیزمی ئۆروپایی» و ئەوە کاری "هیتلێر"ە. ئەو نەفرەتی لە جوولەکەیەکان هەیە و سەرکەوتنی بریتانیا و فەرەنسا دەبێتە هۆی

"سەرکەوتنی یەکجاریی پیسی و چەپەڵی". بێریزی بە هەموو فاشیستەکانی فەڕەنسا دەکات و تەنانەت خۆشی بە مرۆڤێکی تیاچوو دەزانێت. لە لایەن ئاڵمانییەکانەوە بەرێوەبەریی گۆڤاری ناسراوی N.R.F و ناوەندی گەورەی چاپەمەنی «گالیمار و پلیماد» بەو دەسپێردرێت. خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە لەگەڵ کامۆ لە دوو ژووری تەنیشت بە یەک کار دەکەن.



دریوولا رۆشێل «1893- 1945»

کتێبی "بێگانە"ی کامۆساڵی 1942 لە لایەن ئەم ناوەندەوە چاپ دەکرێت. دریوو وەک هاورێی نزیکی مالرۆ دەمێنێتەوە، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا نزیکەی هەزار کتیب لە چاپ بێبەش دەبن. 2242 تەن کتێبی چاپکراو دەکرێتەوە کاغەز. ئەوەش بەشێکی دیکە لە بیروڕای دریوو و پێناسەی لە فاشیزمی فەڕەنسی: " لاوال «سەرۆک وەزیرانی حکومەتی ویشی» هیچی تیا نییە و ئەو مارشالە کەسێکی بێ مێشکە، هیتلێریش نەفامێکە وەک ناپلیۆن کە

نەیتوانی سووسیالیزم لە ئوروپا بەرەوپێشەوە ببات. لەگەڵ ئەوەی کە سووسیالیزم هۆشمەندانە و زانایانەیە، رەگ و ریشە کۆنەکانی فەڕەنسا، پێگەی بنەڕەتی ئەو دەبێ لە لایەنی راست دا بدۆزێتەوە."

لە دوایین ساتەکانی ژیانیدا دەنووسێت: "بە سەربەرزی بەرخۆدانی خۆتان وەفادار بمێنن، لەبەر ئەوەی من بە سەربەرزی هاوکاری[لەگەڵ دوژمن] وەفادارم. ساختەکاری مەکەن، وەک چۆن منیش بیرم لێ نەکردەوە، من بە ئیعدام مەحکووم بکەن، بەڵێ من خەیانەتکارم. بەڵێ من لەگەڵ دوژمن لەپەیوەندی دابووم، من هۆشمەندی فەڕەنسام بەرەو دوژمن پەلکێش کرد تاوانی من نییە ئەگەر ئەم دوژمنە هۆشمەند نەبووە.

روونە کە بیرێکی ئاڵۆز و پەرێشانی هەیە، سەبارەت بە هەموو کەسێک تەنانەت خۆشی بەدبینە، لە دروونیدا کەسایەتی نووسەرێک لەگەڵ مرۆڤێکی گەمژە لە شەڕ و ململانێ دایە. نووسەر دەیەوێ مرۆڤی فاشسیت بۆ پێشەوە ببات، جارێک هەوڵی خۆکووژی دەدات، بەڵام لەبەر ئەوەی هاوسەری نییە، خزمەتکارەکەی فریای دەکەوێت و لە مردن رزگاری دەکات. لە کاتی هاتنەناوەوەی هێزەکانی هاوپەیمان جارێکیتر پەنا بۆ خۆکووژی دەبات کە سەرکەوتوو دەبێت، لە لاپەرەیەکدا کە بۆ خزمەتکارەکەی دەنووسێت: "ئەمجار بهێڵە بمرم" .

لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1935 بەرەی چەپ سەردەکەوێت، ساڵی دواتر «لئۆن بلوم» سووسیالیستی ناسراو دەبێتە سەرۆک وەزیر. بەخێرانی «لێژنەی رووناکبیرانی دژ بە فاشیست» دادەمەزرێت و سەرکەوتنی گەورە تۆمار دەکەن. هەر لەو کاتەدا «کۆنگرەی نێونەتەوەیی نووسەران بۆ بەرگری لە کلتوور» بە سەرۆکایەتی مالرۆ پێک دەهێندرێت.



«ڤیکتۆر سێرژ 1890-1947»

بەسەرهاتی «ڤیکتۆر سێرژ Victor Serge» جێگەی ئاماژە پێکردنە، ئەو نووسەرێکی بەلژیکییە و بە زمانی فەرەنسی دەنووسێت کە هۆگری شۆرشی بلشویکی دەبێت و بەرەو موسکۆ دەڕوات. ساڵی 1928 دەیەوێ بۆ وڵاتەکەی بگەرێتەوە و داوای پاسپۆرت دەکات. ئەو داوایە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەرپرسانی یەکێتی سۆڤییەت لێی بەگومان بن، دوای ئازارێکی زۆر بە بێ هیچ دادگاییەک روانەی بەندیخانەیەک لەدەرەوەی موسکۆ دەکرێت. هەر چەند لە پشکنینی ناوماڵەکەیدا ئەو نووسینانەی وەدەست دەکەون کە لە دژی کۆنفۆرمیزم نووسیویەتی. ئەوان ئەو نووسینانە وەک بەڵگەی تاوان لەژمار نایەن.

بە هۆی دەستێوەردانی یەکێک لە ئەندامانی «کۆنگرەی نێونەتەوەیی نووسەران بۆ بەرگری لە کلتوور» کاریگەرییەکی ناسازگار سەرهەڵدەدات. بەڵام خۆتێهەڵقوتاندنی مالرۆ ئەم رووداوە بێدەنگە بۆ کێشەیەکی گەورە دەگورێت، بەتایبەتی کە یەکێتی سۆڤییەتییەکان نازانن چ وەڵامێک بدەنەوە. ژید کە هێشتا بە توندی لایەنگری یەکێتی سۆڤییەتە، دێتە مەیدان و نامەیەک راستەوخۆ بۆ ئێستالین دەنووسێت. لەم رووداوەدا یەکەمین شک وگومانەکان لای ژید لە دادپەروەرانەبوونی رژیمی یەکێتی سۆڤییەت دەست پێدەکات. بەم دەستێوەردانانە و بە دیداری رۆمێن رۆلان لەگەڵ ئێستالین، تاوانبار ئیزنی چوونەدەرەوەی لە یەکێتی سۆڤییەتی پێدەدرێت. لەمێژە داوا لە ژید دەکرێ بۆ یەکێتی سۆڤییەت سەفەرێک بکات و هەر ئەمرۆ و سبەی دەکات، ڤیکتۆر سێرژ پێداگری دەکات بۆ بینینی راستییەکان، ئەو داوایە قبووڵ بکات و ژید ئەمجارە قبووڵ دەکا و بەسەرهاتی سەردانەکەیمان لە پێشدا باس کرد.



«ئاندرێ مالرۆ 1901-1976»

له بەرانبەردا لە «ئاندرێ مالرۆ André Malraux» رستەیەکی سەرسوورهێنەر دەبیستین، ناوبراو لە میوانییەکدا بە ترۆتسکی دەڵێت: هەر وەک ئەنکیزیسیۆن Inquisition «لێپێچینەوە لەسەر بیر و باوەڕ» نەیتوانی زیان بە شکۆمەندی جێگرتووی مەسیحییەت بگەیەنێت، لێپێچینەوەکانی موسکۆش هیچ شتێک لە بایەخی جێگرتووی کۆمۆنیزم کەم ناکاتەوە". لەمەش سەرسوورهێنەرتر ئەوەیە کە مالرۆ نە مارکسیستە نە لنینیست، بەڵام وا پێدەچێ کە زیاتر لنینیست بێت تا مارکسیست!



«ژورژ بێرنانۆس 1888-1948»

«ژۆرژ بێرنانوس Georges Bernanos» کە لەسەرەتادا لەگەڵ "ئاکسیۆن فرانسێز" هاوکاری دەکات، بە زوویی نابوودبوونی رەوشتی چینی بورژووا ئاشکرا دەکات. لەگەڵ ئەوەی نووسەرێکی مەسیحییە بەڵام پەردە لەسەر هاوکاری نێوان کەنیسە و موارێس لادەدات.

ئەگەر ساڵانی 1936-1937 ساڵی دابڕانی ژید لە لایەنی چەپ بێت، هەر لەو ساڵانەدا بێرنانوس لە لایەنی ڕاست دادەبڕێت، کتێبی ئەو لەمبارەوە لەماوەی 15 ڕۆژدا دووجار چاپ دەکرێت.



«ڕۆژێ مارتین دوگار 1881-1958»

ساڵی 1937 خەڵاتی ئەدەبیی نوبێل دەبەخشرێتە «ڕۆژێ مارتین دوگار Roger Martin du Gard» ناوبراو نووسەری بنەماڵەی تیبوویە و لە ناوبانگی بێزارە، تا ئەو جێیەی کە ڕۆژنامەکانی پاریس وێنەی کوڕەمامەکەی لە جیاتی وێنەی ئەو بڵاودەکەنەوە. لایەنی ڕاست لە سەرکەوتنی ئەو توورە دەبێت. دوگار لە ئاخاوتنێکدا لە سوید دەڵێت: "من لە دوایین بەشی کتێبەکەی

خۆمدا هەوڵی ئەوەم داوە تا بێ جووڵەیی سەرسوورهێنەری چینەکانی جەماوەریی ئاشتیخواز لەهەمبەر نزیک بوونەوە لە کارەساتی مەزن [شەڕی جیهانیی یەکەم] کە هەموو لایەکی دەکردە قوربانی و لە پشت سەری خۆی نۆ میلیۆن کووژراو و دە میلیۆن کەمئەندام بەجێ دێڵیت بۆ خوێنەرەکانم ئاشکرا بکەم."

ناوبراو لە سەفەرێکدا بۆ بەرلین بۆ کچەکەی دەنووسێت: "ئاڵمانیا بە دەست مشتێک مرۆڤی زۆر بەهێزی شێت بەرێوە دەچێت، خەڵکانی شێتی یەکجار مەترسیدار. چونکە لەگەڵ هیچ دژکردەوەیەک بەرەوروو نابنەوە، ئاڵمانیا نەتەوەیەکی «تێرۆریزەکراو» بەڵام «رەزامەند دەربڕ»یشن. خەڵک قبووڵ دەکەن، هەموو شتێک قبووڵ دەکەن، تەنانەت تەیارکردنی گشتی یان قەتڵ و عامی بە کۆمەڵ! [برشت لە زاری سەربازەکانەوە دەنووسێت: "ئەی دایکەکان، بۆچی ئەو کاتەی شەمەندەفەرەکان ئێمە- مناڵانی ئێوە- یان بۆ کوشتارگاکان دەبرد، لەبەر دەمی ترێنەکان نەخەوتن؟] پروپاگەندەی رق و نەفرەت لەگەڵ زیرەکی و توندوتیژی بێشەرمانە چالاکە، لێرەدا ئیتر لێهاتووانی رووناکبیر بوونیان نییە، رۆژنامەکان و شانۆکان جگە لە پووچی و زیان هیچی دیکە بڵاوناکەنەوە، پێم وایە لەم یاری تەنیسی ئۆروپادا کە تیایدا دیموکراسییەکان بە تۆپی لاستیکی و رژیمە توتالیتارەکان بە نارنجۆک گەمە دەکەن، مەحاڵە ئێمە لە زاری خراپترین کارەساتەکان رۆنەچین."



«ژول رومێن 1885-1972»

بەڵام لە دونیای ئەدەبی فەڕەنسادا «بەرزەفڕتر –ئەگەر نەڵێین سەرکەوتووتر- لە بنەماڵەی تیبوو نییە، کتێبی بیست و حەوت بەرگی «ژول رۆمێن Jules Romains» بە ناوی "پیاوان لەگەڵ نییەتی پاکدا" کە باس لە گۆڕانی کۆمەڵگە پاش 1918 دەکات.

دەنگدانەوەی ڕێبازی رئالیزمی سووسیالیستی لە فەڕەنسا لەناو رۆمانەکانی «لویی ئاراگۆن Louis Aragon» و «پاول نیزان Paul Nizan» و یەک دووکەسی دیکە دەبیندرێت. بەڵام زەربەی گەورە وەک زەربەیەکی برووسکەئاسا هەجونامەکانی دیکە کۆن دەکات، یەکەمین رۆمانی «لویی فێردیناند سلین Louis-Ferdinand Céline» بە ناوی «سەفەر بۆ قووڵایی شەو» کە ساڵی 1932 خەڵاتی «رێنۆڤۆ» وەردەگرێت. سلین بە سەراوبنکردنی

هەموو کۆنفۆرمیسمەکان و ژێر و ژوورکردنی زمانی نووسین لەم ڕۆمانە وڕێنە و دزێو و قەبەیەدا، قارەمانی کتێبەکەی لە هەموو چینەکانی کۆمەڵگەی مودێرن، شەڕ، ئافریقای داگیرکراو، کارگەکانی ئەمریکا و دەورووبەری پیس و بۆگەنی پاریس دەگەڕێنێت. ڕەخنەی چەپ- جگە لە نیزان- نزیک بە زۆرینەی دەنگەکان لەم نووسینەدا سەرکووتکردنی تووندی دونیای سەرمایەداری دەبینن، بە بێ ئەوەی بیەوێ ئاماژە بکات کە ڕوانگەی ناهومێدکەر و زۆرخوازانەی نووسەر لەوانەیە ئەو بەرەو هەڵبژاردەیەکی سیاسی کە ڕێک لەئاستی سەرووی دژایەتی بەرەی چەپ دایە[فاشیزم] بەرەوپێشەوە ببات. کەوابوو لەگەڵ سلیندا هیچ شک و گومانێک نییە کە هەرچی هەیە قوڕ و چڵپاو و پیسایی و خوێنە.



«لویی فێردیناند سلێن 1894-1961»

بەڵام بارودۆخی دواتری ئەم نووسەرە؛

لە راستیدا ئەوەی کە بۆ سلین وەک نووسەرێکی لەرادەبەدەر پاسیڤیست بایەخ و گرنگی هەیە ئەوەیە کە خۆی بە مەحکوومکردنی ئەو رەوتەی کە لە ئۆروپا لەدژی هیتلێر لە حاڵی سەرهەڵدان و ئامادە دەکرا سەرقاڵ کردبوو، سلین هەر لەو کاتەدا لە پروپاگەندەی هیتلێری کە ئۆرگانەکەی بە ناوی «خزمەتگوزاریی جیهانی» کە ساڵی 1933 لە فەرەنسا چاپ دەکرا، بەشدار دەبێت، ئەم خزمەتگوزارییە یارمەتی ماددی پێشکەش بە بەشێک لە ناوەندەکانی دژبە جوولەکە لە فەرەنسا و بڵاوکراوەکانیان دەکات.

شەڕ نزیک دەبێتەوە، بەڵام لایەنی راستی فەرەنسا کە ماوەیەکی زۆر شەڕخواز بوو، ساڵی 1938 واتە یەکساڵ پێش دەسپێکی شەڕ، گۆڕانی بەسەردا دێت و ئاشتیخواز دەبێت. لە کاتێکدا هەموو شت ئاماژە بەوە دەکەن کە هیتلێر خوازیاری داگیرکردنی هەموو وڵاتانە و موراس لە رۆژنامەی خۆی روو بە فەرەنسییەکان دەنووسێت: "ئێوە گیوتینتان نییە، بەڵام رەنگە لە سووچی ماڵەوەتان دەمانچەیەکی ئۆتۆماتیک یان رولوێرێک یان چەقۆیەکی مەتبەختتان هەبێت! هەر چەکێک، هەر چییەک بێ دەبێ لە دژی بکووژانی ئاشتی بەکار بهێندرێت. ئەم چەکانە لە نێو جەماوەردا بڵاو بکەنەوە!... بڵاوبکەنەوە!

تەنانەت هەندێ کەس بە ناو و نیشان هەڕەشەی کوشتنیان لێدەکات، بە سێ مانگ بەندیخانە حوکم دەدرێت، بەڵام دیسان درێژە بەو قسانەی دەدات و ئەمجارەیان لەدژی «لئۆن بلوم» کە بە «چەپەڵی مرۆڤایەتی» ناوی دەبات و دەڵێت دەبێ گوللە باران بکرێت بەڵام لە پشتەوە، دیسان بە ناوی خوازراو درێژە «خەبات»ی خۆی دەدات.

هیتلێر بۆ ئەوەی بتوانێت بە خەیاڵیکی ئارام دیموکراسییەکانی رۆژاوا قووت بدات، لەگەڵ ئێستالین پەیماننامەی «نا بۆ دەستدرێژی» واژوو دەکات.

ئاراگۆن ناونیشانی سەروتاری رۆژنامەکەی خۆی بەمشێوەیە دەنووسێت: "راگەیاندنی پەیمانی نابۆ دەستدرێژی شەڕ بۆ دواوە دەگەڕێنێتەوە"!



«پۆل نیزان 1905-1940»

بەشێکی دیکە لە رێبەرانی حیزنی کۆمۆنیستی فەرەنسا کێشەی ویژدانیان نییە: هەمیشە ئێستالین قسەی راست دەکات، تەنانەت ئەگەر لەمە بەدوا ئێستالین وەک دوژمنی فەرەنساش بناسرێت. راگەیەندنەکانی کۆمۆنیست لە فەرەنسا مافی چاپ و بڵاوکردنەوەیان لێ قەدەغە دەکرێت. «پۆل نیزان Paul Nizan» رووناکبیر و نووسەری لێهاتوو کە توانای دیتنی هیتلێر و ئێستالینی پێکەوە نییە کە دەستیان لەناو دەستی یەکدایە، لە ئەندامیەتی حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسا دەکشێتەوە و لە لایەن هاورێیانی پێشووی خۆی وەک «دوژمن» و «سیخور» و «بەکرێگیراوی پۆلیس» دەناسرێت. شانسی ئەوەی هەیە کە لە شەڕدا دەکوژرێت، دەنا دیار نییە لە ژیاندا چەندە دەبوایە بە تاوانی

گوێگرتن لەهاواری ویژدان و ڕۆشنبینی ئازار بچێژێت. هەڵبەت دواتر سارتر بە نووسینی کتێبێک یادی ئەو بەرز ڕادەگرێت، [لە نێو ئەو کەسانەی کە نیزان بە سیخور ناو دەبەن، جیا لە توریز «منالّی گەل» ناوی ئاراگۆن نووسەر و شاعیری ناسراویش بەچاو دەکەویت!]

ژۆرژ فریدمان ڕووناکبیرێکی دیکەی کۆمۆنیستیش لە «هەڵسوکەوتی گاڵتەجاڕانە و ترسانەری ئێستالین و ڕاویژکارەکانی» وەک نیزان ئازاری ڕۆحی دەچێژێت و دەبینێت؛ هەر شێوە ئۆمانیزم و مرۆڤخوازی یەکشەوە لە مارکسیزم دەکشێتەوە [ قسە لە ئۆمانیزمی ناو کۆمۆنیزم بە هیچ شێوەیەک لە ئارادا نییە، بەڵام مارکس لە کتێبی «دەستنووسەکان»دا ئەوەی خستۆتە بەرباس کە دواتر لەگەڵ کۆمۆنیزم تێکەڵ دەبێت. لنین بە گشتی لەگەڵ چەمکی ئۆمانیزم هەست بە نامۆیی دەکات.

دەزانین کە دوای شکستی فەڕەنسا لە ئاڵمانیا لە ساڵی 1940 بەشێک لەو وڵاتە تا ماوەیەک داگیر ناکرێت و لەوێدا ڕژیمێکی دەست نیشانکراو- بە سەرۆکایەتی «مارشال پیتێن **Maréchal Pétain**» سەرکەتووی شەڕی وردۆن- Bataille de Verdun 1916 – ڕادەگەیەندرێت کە ناوەندەکەی «ویشی» یە. بەڵام ئەوەی جێی سەرسووڕمانە ئەوەیە کە موریاک و مونترلان لایەنگری لە پیتێن دەکەن و برنانوس دژی ئەوە. لەویش سەرسووڕهێنەرتر ئەوەیە کە مارتین دوگار کە بەهۆی قایمکاری یادداشتەکانی ڕۆژانەی خۆی دەسووتێنێت، بەرەو ویشی بەرێدەکەوێت تا بەرفرمانییەک بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەربگرێت، شتێکی سرووشتیە کە داواکەی ڕەتدەکرێتەوە.

ئەوەی کە ئاشکرایە لەو سەردەمەدا لە نێوان ڕووناکبیران پرسی بنەڕەتی «دەبێ چ بکرێ؟» دەخرێتە بەر باس. ئەم پرسیار سێ وەڵامی بۆ

دەدۆزریتەوە، هەندێ پێیان وایە کە دەبێ پشتیوانی لە دوگول بکەن کە لە بەریتانیا حکومەتی"فەرەنسای شۆرشگێری" پێکهێناوە و درێژە بە خەباتی سیاسی بدەن. کەسایەتی دیاری ئەو گروپە ریمون ئارۆنە. هەندێ کەسی دیکە وەک مالرۆ پێیان وایە دەبێ لە چاوەڕوانی دەرفەتێکی باشدا بن. گروپی سێهەم کە ناودارترینیان "مونییە"یە، لەسەر ئەو باوەڕەن کە دەبێ لە رێگەی کولتووری و بەرەوپێشبردنی ئەندێشە خەبات بکەن. هەڵبەت کاری کولتووری و بەرەوپێشبردنی ئەندێشە خەبات زۆر گرنگە، بەڵام لە تێڕوانینی مونییەدا هەندێ کەموکوڕی دەبیندرێ کە هەندێکی پێشتر باسکرا و هەندێکی دیکەی دەخەینە روو؛

دەوڵەتی ویشی لە هاوینی 1940 لە روانگەی مونییە سیستەمێکی توتالیتاری تەواو نییە، بەڵکوو سیستەمێکی دیکتاتۆرییە«توتالیتار»[گەمەی وشەکان] کە تیایدا هێشتا دەکرێت «شوێنێک بۆ ئازادی بدۆزنەوە». مونییە بە بێ ئەوەی بە روونی تێکەڵ بە بەرنامەی "شۆرشی نەتەوەیی" بێت، هەوڵ دەدات تا بیروڕاکانی خۆی لەمبارەوە بخاتە روو و بەو ئیمکاناتە کەمەی کە لەبەر دەستێتی لەو بنەمایانەی کە هەمیشە بەرگری لێکردوون، بەرگری بکات. بەڵام ئاخۆ ئەمە ئیمکانی هەیە؟

هەڵبەت تاکە رێگەیە بۆ درێژەدانی ئەم کارە بەدەوامبوونی گۆڤاری «ئێسپری»یە، بەڵام ئەم ئەم گۆڤارە لەراستیدا ئەو گۆڤارەی پێشوو نییە و ناشتوانێت ببێت. ناچار دوای کۆتاییهاتنی شەر «هەڵسەنگاندنی سەخت»ی بۆ دەکرێت.

وینۆک لە «سەدەی رووناکبیران»دا دەنووسێت؛ "دەکرێ دوو قۆناغ لە ژیانی مونییە دەست نیشان بکەین، پێش و پاش شەڕ. سەبارەت بە ساڵانی دەیەی سی، مەیلە دژە فاشیستییەکانی مونییە لە دەسپێکی ژمارەکانی

گۆڤارەکەی ئاشکرا دەبێت. بەڵام ئەو ئانتی فاشیزمە لەگەڵ رەخنەی درێژخایەن و دووپاتەبووی لیبرالیزمیش هاورێیە." لەمبارەوە مونییە رەخنە لە مارکسیزم دەگرێت و دەڵێت: "دیموکراسی سیاسی لەمە بەدوا جگە لە دەمامکێک لەسەر روخساری ئەلیگارشی ئابووری هیچی دیکە نییە"[ئەم قسەیە پێویستی بە رەخنە و شرۆڤەی زۆر هەیە] بەڵام مونییە مارکسیست نییە، دەکرێ ئەو زیاتر وەک سوسیالیستێکی خۆبەرێوەبەر لەقەڵەم بدەین کە بایەخ بە ئەندێشەکانی پەروەردە دەکات. [دژایەتی لەگەڵ کاپیتالیزم و سیستەمی پەرلەمانیش کە یەکێکی دیکە لە هەڵەکانی مونییە لە ئەژمار دێت.] بەڵام فاشیستەکانیش خۆیان بە دژی کاپیتالیزم و هەم دژی حکومەتی پەرلەمانی دەزانی. ئەوانیش دەیانویست «مرۆڤی بورژوا» لە مەیدان وەدەرنێن. فاشیستەکانیش خوازیاری شۆرشن، بەڵام شۆرشێک لەدەرەوەی شۆرشی مارکسیستی.

هەر بەم هۆیە مونییە بەشێوەیەک تەحەمول دەکەن، بەڵام مونییە هەرگیز کەسێکی فاشیست نەبووە و بەم هۆیە بەردەوام دەبێت لە چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکەی خۆی کە پێی وابوو فاشیزم بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەردەوام دەبێت، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا پێش بە دەرچوونی گۆڤارەکەی گیرا و خۆشی خرایە بەندیخانە، شایەنی باسە مونییە بەم هەموو گوتارە سیاسییەی کە هەیبوو،"بەردەوام دووپاتی دەکردەوە کە وەک مرۆڤێکی سیاسی خۆی لە باسەکان هەڵناقورتێنێت."

لەو سەردەمەدا تیراژی رۆژنامەی ئۆرگانی یارمەتیدەران لەگەڵ ئاڵمانیا گەیشتە سێسەد هەزار نوسخە و رۆژنامەی موراسیش خوێنەری زۆری هەبوو.



«ژنێراڵ شارل دوگول 1890-1970»

ساڵی 1942 ئاڵمانیا سەرانسەری فەڕەنسا داگیر دەکات، ئاکسیۆن فراسیز «ژنێرال شارل دوگول Charles de Gaulle» بە خائین ناودەبات. هەڵبەت رژیمی ویشی 1940 بەبێ ئامادەبوونی ژنێرال سزای لەسێدارەدانی بۆ دەردەکات.

«بزاڤی بەرخۆدان» لە ناوخۆی فەڕەنسا سەر هەڵدەدات و هەر رۆژ گیانێکی تازە دەگرێت، کاتولیکە لیبراڵەکانیش بەم بزاڤە پەیوەست دەبن، حکومەتی ویشی ساڵی 1943 "میلیس" دادەمەزرێنێت تا لەگەڵ پۆلیسی ئاڵمانیا بۆ راوکردنی "دوژمن" هاوکاری بکات. هێدی هێدی دەوروبەری موراس چۆڵ دەکرێت، کلۆدروا کە لە لاپەڕەی ئەدەبی ئاکسیۆن فرانسیز کار دەکات لەم گۆڤارە دەکشێتەوە و تێکەڵ بە حیزنی کۆمۆنیست دەبێت. ئەو دواتر دەبێتە چەپێکی سەربەخۆ و لەگەڵ گۆڤاری بەناوبانگی "نۆڤێل ئابسێرواتۆر" هاوکاری دەکات.

نووسەرە دژە فاشیستەکان لە پەناگاکان کاری خۆیان دەست پێدەکەن، چاپەمەنی «نیوە شەو» بیست و پێنج کتێب لە نووسەرانی ئەندام لە بزاڤی بەرخۆدان چاپ و بڵاو دەکاتەوە کە یەکێک لەو بەرهەمانە ناوی «کووژانەوەی دەریا» ساڵی 1942 بە هێمای بەرخۆدانی نەتەوەیی دەناسرێت و ناوبانگی جیهانی وەردەگرێت.

بێرنانوس لە وڵاتی برزیل کتێبێک چاپ دەکات بە ناوی «بەهیوای بەرەبەیانێکیتر» و تیایدا جگە لە دادگاییکردنی بورژوازی رەخنە لە «کەنیسەی بورژوازگرتوو» دەگرێت و دەنووسێت: "ئێمە هەر ئەو چاوەڕوانییەمان لە کەنیسە هەیە کە خوا هەیەتی، کە مرۆڤی بە تەواومانا ئازاد پەروەردە بکات، شێوەیەک لە مرۆڤی تایبەتیی شارەزا و لێزان، چونکە ئازادی بۆ مرۆڤەکان تەنیا مافێک نییە، بەڵکوو ئەرکێکە کە بەرانبەر خوا بە جێی دێنێت."

فەرەنسا لە ئازادی نزیک دەبێتەوە، لە ئێستاوە دوو دەنگی بەرز لەم وڵاتە دەبیسترێن، یەکەمیان؛ دەنگی موریاک لە رۆژنامەی (فیگارۆ)، دووهەمیان؛ دەنگی کامۆ لە رۆژنامەی (نەبەرد).



«برازییاک 1909-1945»

موراس لە پێداچوونەوەی دادگادا لە بەندیخانە دێتە دەرەوە، بەڵام سەبارەت بە برازییاک Robert Brasillach «بەرپرسی رۆژنامەی ئۆرگانی یارمەتیدەرانی فاشیزم» لە لایەن 56 نووسەرەوە نامەیەک ئاراستەی دوگول دەکرێت کە ئەم نووسەرە لەگەڵ هەموو تاوانەکان نابێ لەسێدارە بدرێت، بەڵام دوگول داواکەیان رەتدەکاتەوە.

گۆڤاری سارتر بە ناوی «قۆناغی نوێ» لە ئۆکتۆبەری 1945 دەست بە وەشان دەکات، کامۆ لە رۆژنامەکەی خۆی، دەربارەی پێناسەی «شۆرشی رێژەیی» کە ئەو ناوی دەبات، بابەت بڵاودەکاتەوە.

یەکەمین پێناسەی ئەو لەو شۆرشە داوای «ئاشتی نێوان دادپەروەری و ئازادی» دەکات و لە باسی دادپەروەریش لەسەرەتادا دادپەروەری کۆمەڵایەتی

مەبەستە کە هەر تاکێک لە سەرەتای جووڵانەوەیدا، لە وڵاتێکدا کە لەبەر دەستی کەمایەتییەکی لێهاتوو نەبێت، هەموو شانس و ئیمکانەکانی لەبەر دەستدا بێت. مەبەستی ئەو لە ئازادی "بوونی هەرێمێکی سیاسییە کە تیایدا تاک وەک مرۆڤ بەوشیوەی کە هەیە و لەوەی کە دەریدەبڕێت، خاوەنی ڕێز بێت." [رستەی کۆتایی مەبەستی کۆمۆنیستەکانە کە پێیان وایە مرۆڤی ئەمڕۆ دەبێ گیانفیدای مرۆڤی سبەی بێت] هەموو دژوارییەکان بۆ دۆزینەوەی هاوسەنگی و یەکسانی نێوان ئەو ئەسڵەیە. پێناسەی دووهەم تەئکید لە سروشتی ئەو شۆرشە دەکاتەوە کە بە شێوەی ڕێژەیی بەرهەم هاتووە، یەکێتی و پەیوەندی «ئابوورییەکی هاوبەشخواز» لەگەڵ «سیاسەتێکی لیبرال».

لێرەدا وشەی «هاوبەش» بە هیچ شێوەیەک بە مانای بلشویکی نایەت، بەڵکوو بە مانای ئاینێک دێت کە لەسەر سووسیالیزمی ناحکومی و ناناوەندی دامەزراوە.

[ئەم ئەندێشەیەی کامۆ] بە واتایەکیتر پێناسەی ئایدئۆلۆژی «ڕێگای سێهەم» یان «چەپی نوێ» دێت کە هاوکات و لەیەک ڕاستادا بە ڕێیەکدا دەڕوات کە دژی هاوبەشخوازی بڕیاردەرانە و دیکتاتۆری کۆمۆنیستەکان و لیبرالیزمی ئابوورییە، هەر ئەو چەمکەی کە دروشمی چەپیی فەڕەنسای ناکۆمۆنیست بۆ چل ساڵی داهاتوو بەکاری دێنێت.

لەم هاوسەنگیی نەگۆر و گوشراوە دایە کە نە خۆشبەختی و بەختەوەری مرۆیی —کە بابەتێکی دیکەیە- بەڵکوو بارودۆخی پێویست و بێ کەم و زیاد بەو مەبەستەی کە هەر تاکێک بتوانێ خۆی بەرپرسی بەختەوەری و چارەنووسی خۆی بێت، پێک دێنێت. بە گشتی ئێمە دەمانەوێ دیموکراسییەکی جەماوەری حەقیقی پێک بێنین، بەڵام ئەم شۆرشە مومکین نییە بە شیوەیەکی نادیار بچێتە پێش. بۆ پێشەوەچوونی مەزناهییەک و داوێن پاکییەکی ڕووناکبیریی و

ڕەوشتیی هەمیشەیی و هەموو کاتی بە پێویست دەزاندرێت کە تەنیا بەو مانایە دەتوانێت ڕۆشنبینی پێویست دابین بکات. ئێمە برومان بە ریالیزمی سووسیالیستی «کۆمۆنیزم» نییە، درۆ تەنانەت لە شێوەی تێکەڵ بە بەرژەوەندی و هاوڕا بە نییەتی چاکە مرۆڤەکان لێک جیا دەکاتەوە و دواجار ئەوان پەلکێشی گێژاوی بێهوودەترین گۆشەگیری دەکات. بە پێچەوانە ئێمە پێمان وایە کە مرۆڤەکان تەنیا و گۆشەگیر نین و لەهەمبەر بارودۆخێکی دوژمنکارانە هاودەنگی یەکگرتووییان تەواو و بێ کەموکوڕییە.

کامۆ سەبارەت بە دیموکراسی بابەتی زۆری نووسیوە، لە وتاری «دیموکراسی پرۆڤەی خۆنەگرییە» دەنووسێت: " دیموکراسی باشترینی ڕژیمەکان نییە بەڵام کەمتر لە هەموو ڕژیمەکانی دیکە «خراپە». ئێمە کە لە هەموو ڕژیمەکانمان شتێکمان چێشتووە، ئێستا ئەم ڕاستییە دەزانین، بەڵام ئەم ڕژیمە لە تەنیا لەلایەن ئەو مرۆڤانەوە دەخوڵقێت و دەپاریزرێت کە بزانن هەموو شتێک نازانن کە بارودۆخی پرۆلیتاری قبووڵ ناکەن و هەرگیز خەم لە چارەرەشی خەڵکیتر ناخۆن. بەلام ڕێک لە ڕەشکردنی ئەم چارەرەشییەدا بەناوی تیئۆرییەک یان مەسیحیخوازییەکی نابینا خۆیان بەدوور دەگرن و ئەو ڕەتدەکەنەوە."

وەڵامێکی بنەڕەتی «لە نووسەری کتێبی بۆ فەلسەفەی کامۆ» کە بووە هۆی خراپ تێگەیشتنێکی زۆر؛ کامۆ لە پووچییەوە دەستی پێکردبوو، بەڵام ئینکاری بەختەوەری نەدەکرد، بەڵکوو ستایشی دەکرد و لەهەمان کاتدا وەبیری دەهێنایەوە کە دەبێ بەسەر سنوور و چوارچێوەکانماندا ئاگایی تەواومان هەبێت. نووسەر هەمیشە خۆی لە بەردەم لێک تێنەگەیشتن دادەنێت.



«موریس مێرلۆپۆنتی 1908-1961»

«موریس مێرلۆپۆنتیMaurice Merleau-Ponty » فەیلەسووفی ناسراو کە لەسەرەتادا هاوکاری سارترە لە بەڕێوەبردنی گۆڤاری «قۆناغی نوێ»، بەڵام لە نێوان ئەو دووکەسە و کامۆدا هەر لەسەرەتاوە جیایی هەیە، چونکە سارتر ومێرلۆپۆنتی لە لایەنگرانی ڕێژەیی یەکێتی سۆڤییەتین. "کاتێ مێرلۆپۆنتی لە باسە تایبەتەییەکاندا پاساو بۆ دادگاییەکانی مۆسکۆ دێنێتەوە، سارتر بەرگری لێدەکات بەڵام کامۆ ئەو پاساوهێنانەوەیە قبووڵ ناکات."

بۆ ئاگاداری ئەو کەسانەی کە هێزی دین بە کەم دەبینن؛ سارتر و کامۆ لەگەڵ بوونی بەناوبانگییەکی زۆر لە بەراورد لەگەڵ دوو هێزی مەزنی مەعنەوی و ئیدئۆلۆژیکی کە یەکێکیان دونیا کاتۆلیکی و ئەوەیتریان جووڵەی پەیوەند بە کۆمۆنیستییە، جگە لە دزەکردنی پاراوێز هیچیتر لەسەر کۆمەڵگە دانانێت. ئەم دوو هێزە هەرکامیان دژی ئەویتر کێشە و ململانێی فەڕەنسایەکی

دوو لایەنە نوێژەن دەکاتەوە. فەڕەنسایەکی دژەمەزهەبی«لائیک» و فەڕەنسایەکی مەسیحی.

هەڵبەت تاقمێک لەوناوەدا دەیانەوێ ئاشتی لە نێوان ئیمانی مەسیحی و کۆمۆنیزم پێک بێنن.[کەوابوو کەنیسە زۆر بەرچاو نییە، مەعنەوییەت بەرچاوە و ئەوەی پێچەوانەی بیرکردنەوەی ئەو کەسانەیە کە هەموو رۆژاوا لە نەبوونی مەعنەوییەتدا دەبینن.]

حیزنی کۆمۆنیست لە هەڵبژاردنی یەکەمی مەجلیسی دامەزرێنەران لە ساڵی 1945 بە بەدەستهێنانی 26% دەنگەکان «پێنج میلیۆن دەنگ» و بەدەستهێانی 151 کورسی لەبەرانبەر 150 کورسی دیموکرات مەسیحییەکان لە ریزی یەکەم جێدەگرێت و حیزبی سووسیالیست لە ریزی سێهەمدا دێت. لە ئاکامدا دوگول حکومەتێک پێک دێنیت کە تیایدا هەم دیموکرات مەسیحییەکان بەشدارن وهەم کۆمۆنیستەکان، چونکە ئیتر حیزبی کۆمۆنیست بە فەرمانی مۆسکۆ حیزبێکی شۆرشگێر نییە. ئێستالین دەخوازێت دوگول هێزی وەستان لەهەمبەر ئامریکای هەبێت کە هەر دواتر بە فەرمانی توریز «سوپای هاوتەریب» هەڵدەوەشێنیت و حیزبی کۆمۆنیست بەپێچەوانەی فەرمانی لنین- بەمەبەستی پشتیوانی لە شەڕی ناوخۆیی لەدژی بورژوازی- دێتە ناو شەڕێک بۆ «بووژانەوەی ژیان»ی فەڕەنسا.

لەگەڵ ئەوەی سارتر لە کۆمۆنیستەکان نزیکە، حیزب هێرشی دەکاتە سەر. لەم ساڵانەدا با ئاڵای حیزبی کۆمۆنیست دەشەکێنێتەوە. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەیە کە کۆمۆنیستەکان ئێستا بەرژەوەندی لە ستایشی کۆماری و دیموکراسی و خۆشەویستی نیشتیمان دەزانن. موریاک یەکێک لەو نووسەرە ناسراو و دەگمەنانەیە کە جیاوازیی ئەم بیروڕایانە بە ستایشی رژیمی یەکێتی سۆڤییەت نیشان دەدات.

هەر لەم ساڵانەدا نەوەیەکی نوێ کە هەر نەوەی «ئێمانوئێل مونییە»[بەرپرسی گۆڤاری ئێسپری]یە، تەنانەت لە مەبەستی کۆتایی دیموکرات مەسیحییەکان کە ئاشتکردنەوەی کاتۆلیکەکان لەگەڵ سیستەمی دیموکراسی پەرلەمانی و لائیکە، هەنگاوی گەورەتر هەڵداوێت و گۆڤاری ئێسپری وەک **«گۆڤارێکی شۆڕشگێڕی»** رادەگەیەنێت.

ئەوە خوایە، ئێسپری بۆ ئەوێ رێنوێنی دەکات، کە کۆمۆنیستەکان نە بەچاوی دوژمنان بەڵکوو وەک هاوپەیمانەکانی خۆی سەیر بکەن، گرنگی ئەم گۆڤارە بەتایبەتی لە روانگەی ئەو کارتێکردنەی لەسەر چینی کاتۆلیکی کە خەریکی بووژانەوەن، لەبەر چاو نەگرین.

یەکێک لە هاوکارانی گۆڤارەکە دەنووسێت: "ئێمە شۆڕشەکەمان تەنیا لە رێگەی کۆمۆنیستەکانەوە دەکەین." لەساڵی 1945 تەئکید دەکاتەوە رواڵەتی ئێستای حیزبی کۆمۆنیست شانسێکی تایبەت و ناوازە بە نەتەوەی فەرەنسا دەبەخشێت و رەتکردنەوەی ئەو شانسە کردەوەیەکی جینایەتکارانە دەبێت. "لە ئێستادا" کۆمۆنیستەکان قبووڵی ئەوە دەکەن کە سەقامگیری نەتەوەیی بپارێزن و لە شوێن و پێگەی تایبەتی خۆیان لە هەوڵی گشتیدا بۆ سەرکەوتن و نوێژەنکردنەوەی بینای فەرەنسا بەشداری بکەن.

[یەکێک لە هۆکارەکانی خۆشەویستی کۆمۆنیستەکان ئەوەیە کە ئەم حیزبە لە بژاڤی بەرخۆدان بەشداری چالاکانەی هەیە و بەرادەیەک کووژراوی دەبێت کە ناوی دەنێن «حیزبی تیربارانکراوەکان.»]

بێرنانوس «گومانی وەهماوی و خەیاڵە پووچەکان» ی ئێسپری وەبیر دەخاتەوە، ئەو نەوەی پینەچییەک و کوڕی مافوورچنێکە و کەسێکی پێشرەو و سوننەتخواز و مەسیحیخوازە و «هەڵدان و پێشەوەچوونی –بە پێچەوانەی مونییە- قبووڵ نییە»، مونییە لەگەڵ ئەوەی کەسێکی "شۆڕشگێڕە" لەسەر ئەو

بڕوایەیە کە مەسیحییەکان دەبێ بە «پتەوی» بە چەکی وەڵامدانەوەی نیچە و مارکس تەیار بکرێن.

کۆتایی 1947 دەسپێکی "شەڕی سارد"ە لە نێوان ئامریکا و یەکێتی سۆڤییەت. لە 1948 وڵاتی چیکوسلواکی لەرێگەی تەزویر دەخرێتە سەر ئیمپراتوری یەکێتی سۆڤییەت.

گەمارۆدانی بەرلین دەست پێدەکات، لیسنکۆ بیرمەندی دەسکردی یەکێتی سۆڤییەت هات و هاوار دروست دەکات. دەیانەوێت زانست بەسەر زانستی پرۆلیتاری و زانستی بورژوازی دابەش بکەن، یاخیبونی تیتو لە هەمبەر ئێستالیندا ئیمپراتۆری یەکێتی سۆڤییەت هەڵدەوەشێنێتەوە.

ریمون ئارۆن لە دەسپێکی شەڕی ساردا کتێبێک دەنووسێت بە ناوی «جیابونەوەی مەزن» کە ناوێکی پڕنێوەرۆکە. لە کۆنفرانسێکدا ئێستالین بە حیزبە کۆمۆنیستەکانی وڵاتانیتر فەرمان دەدات کە پەیوەندی خۆیان لەگەڵ حیزبە بورژاواییەکان لەوانە سوسیال دیموکراتەکان بپچڕێنن. لەم کۆنفرانسەدا «کۆمینفێرم» لەدایک دەبێت تا هێزی «باوکی زەحمەتکێشان» لەسەرانسەری جیهان بڵاوبکاتەوە.

ئەو رۆڵەی کە دەخرایە سەرشانی ئەو حیزبە کۆمۆنیستیيانە [لە وڵاتانی ناکۆمۆنیست] ئەوە بوو کە پشێوی و ئاژاوە لەو وڵاتانەی لێی دەژین، بەشێوەی بەردەوام لە جۆش و خرۆش دابێت تا دەستەکانی ئێستالین لەوبەری «پەردەی ئاسنین» کە چوارچێوەی نوێی ئیمپراتوری یەکێتی سۆڤییەت دیاری دەکات، کراوە بێت.

کەوابوو حیزبی کۆمۆنیست لە پروپاگەندەی بەربڵاودا لەدژی هاوپەیمانەکانی چەندساڵ لەمەوبەری خۆی رادەپەڕێت و رایدەگەیەنێت کە

دوژمن تەنیا لەو بەری ئوقیانووسی ئەتڵەسەوە نییە، بەڵکوو لەناوەوەی ماڵەوەشدا هەیە؛ کەوابوو شەڕی ئایدۆلۆژیک دەبێ هەم لەدژی «گلیسم» و هەم لە دژی «هێزی سێهەم» بەکار بێت. هێزی سێهەم پشت ئەستووره بە یەکێتی سووسیالیستەکان و کۆماریخوازەکانی جەماوەرییە.

[بە فەرمانی توریز، رۆژێ گاروودی لە نامیلکەیەدا] دەمامک لەسەر رووخساری سارترەکان و موریاکەکان و مالرۆکان و کوستلەرەکان و نووسەرانیتر کە بەهۆی کۆنەپەرەستی لەرێگای ئامانجە سیاسییەکانی«دوژمن» دەردەکەوتن، لادەدات.



«سارتر و دۆبووڤار 1954»

لێکترازانی تیتوو لە باڵکان و رۆژاوا کاریگەری دادەنێت، سارتر لە 1950 لەگەڵ دوو سێ کەسیتر، حیزبێکی بچووک بە ناوی «کۆمەڵگەی دیموکراتیکی شۆڕشگێر» دادەمەزرێنن. ئەو گرووپە بڵاوکراوەیەک دەردەکەن بەناوی "ئێبسرواتۆر" کەدوای گۆڕانکاری ئەمڕۆکە بەناوی "نۆڤێل ئێبسرواتۆر"

«ئێبسرواتۆری نوێ» لە گۆڤارە بەناوبانگەکانی فەرەنسایە، کە هەڵگری بیری چەپی میانەرەوە. بەڵام گروپی سیاسی سارتر زۆر درێژە ناکێشێت.

ئارۆن کە یەکێک لە یەکێک لەو رووناکبیرانەیە کە لەفەرەنسا – بەرادەیەکی کەمتر لە سارتر-پێگەیەکی تایبەتی هەیە، سەردەمێک نووسەری وتارەکانی رۆژنامەی "نەبەرد"ی کامۆ بوو و دەیتوانی وەک زۆر کەسی دیکە تایبەتمەندییە باشە ئەخلاقییەکان و کەموکوورپییەکان دوو ئوردووگای لێکدژ هەڵبسەنگێنێت و وەک مامۆستای ئەخلاق هەڵبژاردەیەکی میانەرەوی بۆ خۆی هەبێت. بەڵام ئەو بەپێچەوانەوە، یەکێ لەسەرەتاییترینی ئەو فەرەنسییانە بوو کە بێ هیچ شاراوەییەک، توانی راستییەکان و زانیارییەکانی شەڕی سارد فورمولە بکات و پێویستییەکی زۆرەملی بۆ هەڵبژاردنی یەکێک لە ئوردووگاکان دەخاتە بەردەم رووناکبیران.




«سارتر و ئارۆن 1979»

لە راستیدا خراپی کارەکە لەوەدایە کە ئارۆن زۆر بەرەو لای راست دەسوورێت و سارتر زۆر بۆ لای چەپ، وەک بڵێی سارتر میانەرەوتر بێت.

ئەوەی لەوناوەدا جێی ڕەخنەگرتنە «پێویستی داسەپاوی هەڵبژاردن» لە نێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤییەت دایە. ئاوەهایە کە ئەم ڕووناکبیرە بلیمەتە ساڵی 1947 دەبێتە وتارنووسی ڕۆژنامەی فیگارۆ، زمانحاڵی لایەنی ڕاستی فەڕەنسا. هەڵبەت- لایەنی سیاسی لەیەک ڕوانگەوە- مافەکە بە ئارۆن دەبەخشێت.

هێزی ئیمپریالیزمی یەکێتی سۆڤییەت کەمتر بە ڕادەی سەربازییەکەی- کەزۆر ترسانەرە- بەستراوەتەوە تاکوو کارتێکردن و دەستێوەردانی هێزی پروپاگەندەکەی. بوونی پارتە مەزنەکان لە ئوروپای ڕۆژاوا ڕێک وەک "ستوونی پێنجەمی" یەکێتی سۆڤییەت لەم وڵاتانەدا دێت. بێ شک بە میلیۆنان دەنگدەر کە متمانە بە پارتە کۆمۆنیستەکانی ڕۆژاوایی دەکەن، هیوادارییەکی بەشەرەفانەیان هەیە، بەڵام ئەو خاڵە نابێ ئەو ڕاستییەمان لەبیر بباتەوە چونکە ئەم ڕێبەران و ناوەندەکانی سەر بەم پارتانە، سیاسەتی یەکێتی سۆڤییەت لەچوارچێوەی نەتەوەیی ئەو وڵاتانەی لێی دەژین، بەڕێوە دەبات و قەدەغەکردنی ئەو پارتانەش بۆ پێشگرتن لە برەوپێدانیان بەس نییە.

وینوک دەنووسێت؛ ئارۆن لە هاوڕێیانی پێشووی خۆی قسەی ناشیرینی زۆر بیستووە، بەڵام بۆچوونێکی سەبارەت بە دیاریکردنی ڕاستییەکانی سەردەم دەربڕیوە کە ساڵانی دواتر بایەخ و گرنگییەکەی ئاشکرا دەکەن، ئەو وانەیەک لە ئازایەتی و بوێریی ڕووناکبیریی گوتۆتەوە کە لە مێژووی ڕووناکبیرانی جیهانە بێ وێنە دەمێنێتەوە.

لە بەرەی بەرانبەردا کەسێکی وەک سارتر و سیمۆن دۆبووڤار دەبیندرێن، کتێبی «ڕەگەزی دووهەم»ی دۆبووڤار بەگرنگترین و ڕاشکاوانەترین کتێبی سەردەمی خۆی سەبارەت بە ژنان لەقەڵەم دەدرێت و «سەرکەوتنی برووسکەئاسا» بەخۆوە دەبینێت. بەڵام ڕۆژنامەکانی کۆمۆنیست

دەنووسن ئەو کتێبە «کرێکاران وەپێکەنین دەخات». موریاک دەنووسێت: "ئێمە بە کردەوە گەیشتووینەتە سنووری ناپاکی". لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەو کتێبە خێرا بۆ سەر زمانە جۆراوجۆرەکان وەردەگێردرێت.

لە ساڵی 1948 یەکێتی سوڤییەتەکان لە وڵاتی پۆلۆنیا (لەهێستان) «کۆنگرەی نێونەتەوەیی رووناکبیران بۆ رەوتی ئازادی داهێنانەکان و دۆزینەوەکان» ساز دەدەن کە ناو و ناوەرۆکی کۆنگرەکە هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نییە و وەک هەمیشە تەنیا بۆ مەبەستی پروپاگەندەی سیاسی بەکار دەهێندرێت.



«ئیرێن ژولیئو کۆری 1897-1956»

لەو کۆنگرەیەدا دەکرێ پێشبینی سەرگەردانی و حەپەساوی لاف لێدەرانی فەڕەنسی و وڵاتانی دیکەی رۆژاوا بکەین، کاتێک لە ناکاو گوێبیستی قسەی هێرشبەرانەی یەکێک لە لایەنگرانی «دانف» دەبن کە لە وتەکانی خۆیدا

"پەستبوونی ڕۆژاوا" دەداتە بەر ڕەخنە و سارتر بە «کەمتیاری ماشین نووس و چەقەڵی خۆنووس» دەشووبهێنێت.[تا دەگاتە ئەو ئاستەی] هەواڵنێرێک ڕادەسپێرن کە «ئیرێن ژولیئۆ کۆری Irène Joliot-Curie» ڕازی بکات کە هۆڵی کۆنگرەکە جێنەهێڵێ و نەگەڕێتەوە پاریس. هەندێ لە بەشداربووان بەتووڕەیی ئامێری دەنگ بیستن لە گوێی خۆیان دەردەهێنن بۆ ئەوەی گوێیان لە دەنگی قسەکەر نەبێت.

ساڵی 1949 ڕاجک وەزیری هەنگاریا (مەجارستان) دەیەوێ وەک تیتو وڵاتەکەی لە چنگ ئێستالین ڕزگار بکات بەڵام ئەمە ئاشکرا دەبێت. کۆمۆنیستەکانی فەڕەنسا بۆ سەلماندنی فاشیست و خایین بوونی ڕاجک لێژنەیەک پێک دێنن. ژولین بێندا بە زەرەری ڕاجک هەڵوێست دەگرێت، بەڵام مونییە لە گۆڤاری خۆیدا بە پشتبەستن بە بەڵگەی سەلمێندراو دەنووسێت: دادگاییکردنی ڕاجک جگە لە شانۆسازی شتێکی دیکە نییە و دانپێدانەکان لەژێر ئەشکەنجە وەرگیراون، وەک ئەوەی ڕاجک لەو دادگاییەدا یەک وشەشی نەگوتبێت. کەمێک دواتر ڕووداوێکی لەم چەشنە لە وڵاتی بولگاریا (بولغارستان) ڕوویدا، کۆمۆنیستەکان ساڵی 1950 شانۆیەکیتر بە ناوی «کۆنگرەی نێونەتەوەیی لایەنگرانی ئاشتی» بە سەرۆکایەتی «ژۆلیئۆ کۆری» بەڕێوە دەبەن، سارتر و سیمۆن دۆبووڤار خۆیان لە واژۆکردنی بەیاننامەی کۆنگرەکە بەدوور ڕادەگرن.

کۆمۆنیستەکان بەبەردەوامی کاریگەری تەلیسماوی خۆیان لەسەر دڵە پاکەکان دەپارێزن، بەڵام کەسێک بەناوی "**کراوچینکۆ**" خەڵکی یەکێتی سۆڤییەت کە ساڵی 1944 داوای مافی پەنابەری لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کردبوو لە کتێبێکدا بە ناوی «من ئازادیم هەڵبژاردووە» ڕازە شاراوەکان ئاشکرا دەکات. چونکە لەم کتێبەدا هەندێ بابەت سەبارەت بە ئاراگۆنیش بڵاودەبێتەوە، ئاراگۆن ساڵی 1949 لە دادگایەکی پاریس سکاڵا لەسەر

کراوچینکۆ تۆمار دەکات، تاوانبار کە یەک وشە فەرەنسی نازانێت دەچێتە پاریس، یەکێک لە شاهیدانی ناو دادگاکە ژنێکە، مێردەکەی ئەندامی پێشووی«پولیت بورۆی» حیزبی کۆمۆنیستی ئاڵمانیە و لە یەکێتی سۆڤییەت «بێسەروشوێن» بووە، ئەوە شایەتی ئەوە دەدات لە ئۆردوگاکانی یەکێتی سۆڤییەت ئەخلاق بە تەواوی دابەزیوە کە «ژنانی پیاوێک، دوو یان سێ پیاویتر بۆ خۆیان دەست نیشان دەکەن»، هەروەها کاریکی تاقەت پرووکێن، ناردن بۆ بەشی سزادان بۆ ئەو بەندییانەی نارەزایی دەردەبڕن، برسییەتی بەردەوام، رەوشی نالەباری تەندروستی و خانووبەرە، چاودێری بەردەوامی نیگابانان، هەڵبەت شاهیدانی رازی و نارازی زۆرن و پارێزەران سکاڵاکەر و نارازی بەڵام بەتوانا و لێهاتوون. بەڵام ئەنجامی دادگاییەکە بە قازانجی کراوچینکۆ رادەگەیەندرێت. "لەمە بەدوا شک و گومان سەبارەت بە بوونی گرتووخانە و ئوردوگاکانی کاری زۆرەملی لە یەکێتی سۆڤییەت بۆ هەر کەسێک کە نییەتی چاکەی هەبێت، مەحاڵ و نامومکین دەبێت".

لە ئاکامدا فەرەنسییەکان لێژنەیەک بۆ «پشکنینی گرتووخانەکان» پێک دێنن، هەڵبەت ئیزنی هاتنە ناوەوە بۆ یەکێتی سۆڤییەتیان پێ نادرێت.




کتێبی کۆمەڵە دورگەکانی گولاگ 1974

«کۆمەڵە دورگەکانی گولاگ **L'Archipel du Goulag**» ساڵی 1974 لە فەڕەنسا چاپ دەکرێت و وەک بومبێک دەتەقێتەوە. ئەو کتێبە کۆی لێکۆلینەوە هونەری و مێژووییەکانی «ئەلکساندر سۆلژنیتسین»ە کە باسی رژیمی سەرەڕۆی یەکێتی سۆڤییەت لە نێوان ساڵانی 1918 تا 1956 دەکات بەڵام ئەو دەنگدانەوەیە بۆ لەو ساڵەدا دێتە ئاراوە؟

وینوک دەنووسێت؛ لەلایەن داوید «رۆسە» [لە هاوکارانی سارتر بۆ پێکهێنانی گروپە سیاسییە ناسەرکەوتووەکەی] **چارەگە سەدەیەک پێش** لە «سۆلژ نیتسین» بەکارهێندراوە، بەڵام لە 1950 ململانێ نمایشییەکان و بەکەم گرتن و لەبەرچاونەگرتنی راستییەکان، سیستەمی خەیاڵی و وێناکراوی کۆمەڵگەی دروستکراو لە لایەن «ئێنتلی گنتسیا» [رووناکبیران] ببووە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگە ئەو راستییانەی کە لە ئوردوگای کاری زۆرەملیی یەکێتی

سۆڤییەت ئاشکرا کرابوون، بەبێ بایەخی لێی بڕوانێت و تەنانەت ئینکاریان بکات.

لەم دەستەواژەیەدا قووڵایی بابەتەکە باسی لێوە نەکراوە؛ «لەبەرچاونەگرتنی راستییەکان» و بڕواهێنان بە «سیستەمی خەیاڵی و وێناکراوی کۆمەڵگە» سەرەتا لەلایەن مارکسەوە پێشوازی لێکرا و دواتر بە بیری دیکتاتۆرانە و بە زەینی داخراوی کەسێکی وەک لنین بەردەوام دەبێت. بەم پێیە تاوانی رووناکبیرانی کۆمۆنیست ئەوەیە کە لە بەرانبەر وەها بیرکردنەوەیەکدا کوێر دەبن کە شرۆڤەکردنی پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە.

ئەوان ئەوەی هەبوونەبوو خستیانە ئەستۆی «ئێنتلی گنتسیا»، ئەویش بە شێوەیەکی ئازاد وسەربەستانە کە لە جەغزی باسێکی بێلایەنانە دووره.[کەوابوو کوێری رووناکبیر بەتایبەتی پروپاگەندە و پەرەپێدانی تاوانێکی بچووک نییە].

بەڵام تاوانی سارتر و مێرلۆپۆنتی چییە؟

گۆڤاری «سەردەمی نوێ» ساڵی 1950 وتارێک بە واژۆی هاوبەشی سارتر و مێرلۆپۆنتی بڵاو دەکاتەوە، نووسەرانی ئەم وتارە سیستەمی ئۆردووگایی لە یەکێتی سۆڤییەت قبووڵ دەکەن، تەنیا نایانەوێ لەنێوان قوربانیاندا خۆیان بە «هەڵبژاردن» سەرقاڵ بکەن. پێیان وایە لە یۆنانیش ئۆردووگای لەم چەشنە و لە وڵاتانی ژێردەسەڵاتی فەرەنساش کۆمەڵکوژی ئەنجامدراوە،[لە دژایەتیکردن لەگەڵ داوید رۆسە بابەت دەنووسن] سرووشتی یەکێتی سۆڤییەت هەرچییەک بێت دیسان بەشێوەیەکی گشتی لە پاڵ ئەو هێزانە دایە کە دژی شێوە جۆراوجۆرەکانی داگیرکاری شەڕ دەکات. نزمبوونی کۆمۆنیزمی رووس بە مانای ئەوە نییە کە شەڕی چین و توێژەکانی ئەفسانەیەک بێت، دەمانەوێ بڵێین نابێ لەگەڵ دوژمنانی کۆمۆنیزم هاوپەیمانی

هەبێت، تەنیا سیاسەتی دروست و تەندروستی سیاسییە کە بە وێنەی یەکێتی سۆڤییەت ئامانجی خۆی [دژایەتی] بۆ چەوساندنەوە و ستەمکاری داناوە. هەر شێوە سیاسەتێک کە ئامانجی خۆی تەنیا لە دژایەتیکردنی یەکێتی سۆڤییەت پێناسە دەکات، لە «حوکمی بێزاری» دەچێت کە پێشکەش بە دونیای سەرمایەداری دەکرێت.

خوێندنەوە بۆ کەموکوورییەکانی ئەم دەستەواژەیە «هەڵبەت دوای تێپەرینی پەنجا ساڵ!» پێویست بە بیرکردنەوەی زۆر ناکات.

یەکەم؛ کەسێک کە سەبارەت بە زوڵم و ستەمەکانی یەکێتی سۆڤییەت دەنووسێت، ناچار نییە دەربارەی زوڵم و ستەمی فەرەنسییەکان لە وڵاتانی ژێردەسەڵاتیان بنووسێت. ئەمە کارێکی جیاوازە کە کەسیتر ئەنجامی داوە یان دەبێ ئەنجامی بدات.

دووهەم؛ یەکێتی سۆڤییەت لە چ کاتێک و لەکوێ دا لە پاڵ  هێزە نەتەوەییەکان راوەستاوە«جگە لە شێوەی دەگمەندا».

سێهەم؛ شەڕی چین و توێژەکان کە هەڵبەت ئەفسانە نییە و تاکە هێزی جووڵێنەری مێژووش نایەتە ئەژمار.

چوارەم؛ ئەوەی کە ئاشکراکردنی زوڵم و ستەمەکانی کۆمۆنیستی بە «هیچ شێوەیەک» هاوپەیمانی لەگەڵ دوژمنانی کۆمۆنیزم نییە. سارتر خۆی دواتر رایگەیاند: "من رەخنە لە یەکێتی سۆڤییەت دەگرم چونکە هاورێی ئەو وڵاتەم".

پێنجەم؛ وای دابنێین  ئامانجی یەکێتی سۆڤییەت دژایەتی لەگەڵ چەوساندنەوە بوو-کە سەلمێندرا وانەبوو- دژایەتی لەگەڵ ستەمی تەنانەت دادپەروەرترینی کەسەکان، ئەرکی سەرشانی هەر کەسێکە.

شەشەم؛ بەو هۆکارانەی باسکرا، قسە کردن لە دژی یەکێتی سۆڤییەت ، وەک «حوکمی بێزاری» لە سەرمایەداری نییە. هەم گوتنی ئەو پێویستە و هەم لەبەرچاوگرتنی ستەمەکانی سەرمایەداری.

کەوابوو راستی لای وینوکە کە دەڵێت: ئەم روانگەیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە رووناکبیرانی ئەم بەرەیە نەتوانن رەگ و ریشەی ئەو زەرەر و زیانەی کە رژیمی یەکێتی سۆڤییەت لە بناغەوە هەیەتی و لەگەڵ خوودی رژیمەکەدا بوونەتە یەک، ببینن. دواتر وینوک لە زاری سارتر و مێرلۆپۆنتی دەنووسێت: "یەکێتی سۆڤییەت، ئامانجی خۆی بینای کۆمەڵگەیەکی بەراستی مرۆیی، بێ هیچ چینێک، بەبێ قوربانی و بێ جەللادێک بونیاد ناوە" [هەڵبەت مەبەستی خەیاڵی خوودی مارکس ئەوە بووە، کەچی هەر ئەم سارتر و سیمۆن دۆبووڤارە گوتوویانە؛ گەیشتن بە ئامانجی باش بە بێ ئیمکاناتی باش نامومکین و مەحاڵە.]




«کتێبی ئۆمانیزم وتیرۆر- مێرلۆپۆنتی 1947»

مێرلۆپۆنتی Maurice Merleau-Ponty له کتێبی «ئۆمانیزم وتیرۆر Humanisme et terreur» له درێژەی بابەته دووپاتەکانی خۆیدا دەنووسێت: "مەحکوومکردنی سوقرات به مەرگ و رووداوای دریفوس، ناوبانگی ئۆمانیستی ئاتن و فەرەنسای دەست لێنەدراو و قایم بەجێگەیاندووە، چ هۆکارێک دیکه هەیه که چارەنووسێکی دیکه بۆ یەکێتی سۆڤییەت دەست نیشان بکەین و پێوەرەکانی دیکەی لەسەر تاقی بکەینەوە؟"

سالی 1950 سالی هێرشی کۆریای باکوور «حکومەتی داندراوی یەکێتی سۆڤییەت» بۆ سەر خاکی کۆریای باشووره «که له لایەن ئەمریکاوه پشتیوانی لێدەکرێ»، به دەستێوەردانی ئەمریکا شەڕێکی سێ ساڵه دەست پێدەکات. له

لایەن کۆمۆنیستەکانی فەرەنسا «بزووتنەوەی شۆرشگێرانی رێگای ئاشتی» پێک دەهێندرێت. تابلۆی «کۆتری ئاشتی» پیکاسۆ پەیوەندی بەو سەردەمەوە هەیە، ئەمریکا جروجانەوەری هەڵگری باکتێریای لە نێو هێزەکانی نەیاردا بڵاو دەکاتەوە، ساڵی 1951 ساڵی مردنی ژید و هەروەها بەهێزبوونی لایەنی راستی فەرەنسایە، لەو نێوەدا ریمۆن ئارۆن بەهیچ شێوەیەک شەری نێوان رۆژاوا و کۆمۆنیزم بە شەری «فریشتەی رووناکی» لەگەڵ «شەیتانی تاریکییەکان» ناشووبهێنێت، ئەو کەموکوورپییەکانی سیستەمی سەرمایەداری و ناتەواوییەکانی «شارستانییەتی لیبرال»ی قبووڵە و هەوڵی بەرگریکردنی لە «کۆی جۆرەکانی شارستانییەتی ئەمریکایی» نییە.

بەڵام راستییەکانی یەکێتی سۆڤییەت و ئێستالینیزم کە وەک رژیمێکی ئازادی پرولتاریایی خۆی دەردەخات، بە فریوێکی گەورە ناو دەزانێت کە دڵەراوکێی ئازادی لە کۆمەڵگە دەشارێتەوە، هەروەها ئیمپریالیزمێکی شۆرشگێرە کە لە هەموو وڵاتانی جیهان شەریک و هاودەستی هەیە و لە درێژخایەندا لە داگیرکردنی سەرانسەری ئەم گۆی زەوییەدا بەرپرسیارە.

ئەم لێکدانەوەیە دروستە، تەنیا ئەوە نەبێت کە خستنە بەرباسی وشەی «کەموکوری» سەبارەت بە سیستەمی سەرمایەداری بەجێ نییە، ستەم و داگیرکاری لە زاتی ئەو رژیمە دایە و جیهانی ئەو سەردەمە بە دەست دوو شەیتانەوە پێوە بووە کە هەرکامیان هەڵگری روخسارێکی تایبەت بە خۆیەتی.

ساڵی 1961 سارتر ئەم رستە سەیر و هەڵەیە دێنێتە بەرباس؛ "نەیارانی کۆمۆنیست سەگن". هەر ئەو سارترەی کە زۆرجاران رەخنەی لە کۆمۆنیست دەگرت دەنووسێت:

1) پرۆلتاریا تاکە هۆکاری مێژووییە کە لە دەروونی خۆیدا، هەڵگری کۆتایی چەوساندنەوە و کۆمەڵگەیەکی نوێیە.

2) توێژی کرێکاری خۆدەرخەر بوونی نییە و تەنیا لە ڕێگەی حیزبی کۆمۆنیست ئەم توێژە بە پرۆلتاریا «قۆناغی خۆئاگایی» دەگۆڕدرێت.

3) بەم پێیە دەبێ حیزبی کۆمۆنیست و پرۆلتاریا وەک یەک دابنێین و سیاسەتی ئەو حیزبە وەک تاکە سیاسەتی مومکین پەیرەوی لێ بکرێت و هەروەها بەدواداچوونی بۆ بکرێت.

بەم پێیە سارتر لنینیستێکی نائیستالینیستە، بەڵام هەڵوێستی ئارۆن لەمبارەوە بزانین؛

سارتر ئەرکی گۆڕین و ڕووتێکردنی کۆمەڵگە، بە بێبەشترین توێژی ئەم کۆمەڵگەیە دەبەخشێت، بە بێ ئەوەی لەبەرچاوی بێت ئەم مەیل و ڕووتێکردنانە تەنیا لە فەلسەفەیەکی مەسیحیدا مانا وەردەگرێت، ئەو جنێوی لەسەر زارە و ڕق و قینی لە دڵدایە، خۆی وەک پەیرەوی ئایدیالێکی مرۆیی پێناسە دەکات و بەو مەبەستەی کە بێزێزی بە مرۆڤانی زیندوو بکات و خۆی لە «هیچ خوازی» دا ڕزگار بکات، جگە لە ڕێگای گرێدراوی بە پرۆلتاریایەکی ئۆستوورەیی و باوەر بە شۆرشێکی سەرنەگرتوو، کاری دیکە ناکات.




«کتێبی مرۆڤی یاخی- کامۆ 1951»

کامۆ ساڵی 1951 دوای کتێبی «ئەفسانەی سیزیف Le Mythe de Sisyphe» دووهەمین کتێبی فەلسەفی خۆی بە ناوی «**مرۆڤی یاخی L'Homme révolté**» بڵاو دەکاتەوە، ئەم کتێبە کە لە روانگەیەک دژی بیروبۆچوونی شۆرشگێرانە و بە راشکاوی دژی مارکسە، «یاخی و هەڵچوون» لە هەمبەر شۆرشدا دەخاتە بەر باس و ئەم مەسەلەیە دەست بەجێ لایەنگری و دژبەری لە باسەکاندا بۆ دروست دەبێت، لە گۆڤاری «سەردەمی نوێ»ی سارتر یەکێک لە ئەندامانی دەستەی نووسەران بە ناوی «فرانسیس ژانسۆن» ناچار دەکرێت وەڵامی کامۆ بداتەوە، ژانسۆن لە رەخنەی خۆیدا لەگەڵ ئەوەی کە ستایشی هونەری کامۆ دەکات بەڵام [لەبەر ئەوەی خۆی لایەنگری زۆر لە شۆرش دەکات] بە زمانێکی توند و زبر ئەوەی کە بە «ناسەقامگیری ئەندێشە»ی کامۆ ناوی دەبات [کە تێروانینێکی نادروستە] دەخاتە ژێر پرسیار و هەڵچوون و یاخی ئەو بە شۆرشێکی بان سرووشت «مێتافیزیک» [کە لە

ڕوانگەی مارکسیستەکانەوە نافەلسەفییە] شرۆڤە دەکات کە لە توانای تێپەڕبوون بە قۆناغی "یاخی مێژوویی" ئەنجام بدات و بە گاڵتە بەو ئەنجامە دەگات کە بە گشتی کامۆ کەسێکی «دڵپاکە» و تەواو!

لەبەرانبەردا کامۆ سەرسووڕماو و دڵرەنجاو لەگەڵ ئەوەی کە لە هەڵوێستی هاورێی خۆی واتە سارتر تووڕەیە، چونکە بەرلەوەی فەیلەسووف بەمانای تایبەتی وشە بێت، خاوەنی هونەر و هەستە، بەو گومانەی کە ئەو بابەتە سارتر بە گوێی نووسەری داداوە، لە وەڵامی خۆیدا بە بێ ئەوەی ناوێک لە ژانسۆن «نووسەری رەخنە» بێنێت، روو بە "بەریز بەرێوەبەر" دەینووسێت کە مەبەستی سارترە، بە نۆرەی خۆی و بە زمانێکی پوخت و زبر لە حاڵێکدا کە سارتر دەپێکێت و لە ریزی رووناکبیرانی بورژوا ناوی دێنێت، [کامۆ کە خۆی لە توێژی خوارەوەی کۆمەڵگەیە و لە کتێبی **«مرۆڤی یاخی»** مارکسیش بە رووناکبیرێکی بورژوا دەزانێت کە لەم خاڵەدا بە تەواوی حەق بەوە، بەڵام هیچ کەس ناتوانێت ئەوە وەڵام بداتەوە کە پەیامی پرۆلتاریا چۆن لە مێشکی رووناکبیرێکی بورژوادا وێنا دەکرێت.]

کامۆ باس لەم رووناکبیرانی بورژاوایە دەکات کە مەبەستیان بووە لە پێگە و بنەما کۆمەڵایەتییەکەی خۆیان، تەنانەت خراپییەکانی جیاوازی و دەستدرێژی، تۆبە لە هۆشمەندی خۆیان بکەن. سارتر لە وەڵامدا نموونەیەک لە ئاکاری قین لەدڵی خۆی بەرانبەر بە دۆست و رەقیبی پێشووی بەمشیوەیە دەردەبڕیت: "پێمان بڵێن، کامۆ، چ شتێکی شاراوە لە ئارادا هەیە کە ناکرێ سەبارەت بە بەرهەمەکانی ئێوە قسە بکەین بە بێ ئەوەی تاقی ئاسمان بکەوێتە خوارەوە و مرۆڤایەتی بە هەر شێوە وهۆکارێک درێژەپێدانی ژیانی خۆی لە دەست بدات؟"

سارتر لەسەرووی کێشە شەخسییەکان، جیاوازی روانگە سیاسییەکانیش دەپێکێت و دەنووسێت کە ئەو واتە «سارتر» لە ناو «**مێژوو**» دایە، لە کاتێکدا کە رەقیب خۆی تەنیا ئەژنۆی لەرزۆکی دەخاتە ناو ئاو، تا هەست بە رووبەری ئاوەکە بکات؛ "ئەگەر بڕیار بێت ئەو بنەمایانەی کە ئێوە بانگەشەی بۆ دەکەن لە لایەن ڤییەتنامییەکان پەیرەوی لێ بکەن لەبەر ئەوەی کۆمۆنیستن، دواجار زۆردار و ستەمکارن".

سارتر لە خستنە بەر باسی بابەتی گرتووخانەکانی یەکێتی سۆڤییەت خۆی لانادا، تەنانەت ئەوان تاوانباریش دەکات، بەڵام دەستبەجێ سەبارەت بە کەڵک وەرگرتنی هەموو رۆژەی راگەیاندنە بورژواییەکان هۆشداری لەم بابەتە دەدات. سارتر وەک زۆر کەسی دیکە و بە پێچەوانەی کامۆ تێناگات، یان نایەوێ تێبگات کە لە چ لایەنێکەوە گولاک پەسەندکردن و رەواییدان بە شۆرشی یەکێتی سۆڤییەت لە رەگ و ریشەوە دەخاتە ژێر پرسیار، سارتر بە هیچ شێوەیەک خۆی بە ئێستالینیزمەوە پەیوەند نادات بەڵام سەرزەنشی کامۆ دەکات کە لە رێگەی رەخنەی یەکلایەنەی خۆی، هەموو هیوا و هومێدێکی سووسیالیزم بەرەو فەنابوون دەبات. بەڵام ئەگەر بمانەوێ باش ئەوە باس بکەین ، دەبێ بڵێین؛ کامۆ هەرگیز لە سووسیالیزم هەڵنەگەڕاوەتەوە، کامۆ بە گشتی پەیوەندی خۆی لەگەڵ لایەنی مێژوویی مارکسیست-لنینیست دەپچڕێنێت، لە کاتێکدا سارتر خۆی بۆ هاوفیکری لەگەڵ پرۆلیتاریای کۆمۆنیست ئامادە دەکرد.

[دەبینین کە بەشی یەکەمی وەڵامی سارتر بەتەواوی بێلایەن نییە و تەنانەت ئاوێتەی سەفسەتە و یەرت گۆیی دەکات. لە بەشی کۆتایی سارتر ئاماژە بەوە ناکات کە کامۆ لە نووسینەکانی پێشوویدا رەخنەی زۆری ئاراستەی سەرمایەداری کردووە. کەوابوو رەخنەگرتنەکەی یەکلایەنە نییە، لەگەڵ ئەوەشدا لە وەڵامی وینۆکدا دەبێ بڵێین لە رووداوی ئاشکراکردنی حەقیقەتی

گولاک، گرنگتر لە «پەسەندکردن و رەواییدان بە یەکێتی سۆڤییەت» پرسی حەقیقەتە کە ئاوڕدانەوە لەو بابەتە بە سەرەکیترین مەسەلەکانی رووناکبیریی لەقەڵەم دەدرێت. لەگەڵ ئەوەشدا کامۆ یەکەم کەسە کە «ئەخلاق یان رەوشت»ی ناکەنیسەیی دەخاتە بەرباس، شتێک کە ئەمڕۆ زەین و سەرنجی هەموو رەخنەگرانی شارستانییەتی ماشێنی بۆ لای خۆی راکێشاوە.

وینۆک لە درێژەی ئەو گۆتارەدا دەنووسێت: ئەو دوو پیاوە هەرگیز پێکەوە قسە ناکەن. دوای مەرگی کامۆ [کە بەهۆی پێکدادانی ئۆتۆمبێل روو دەدات و گیان لەدەستدانی ئەو پیاوە بلیمەتە کە لە کاتی مردندا تەنیا 47 ساڵی تەمەنە بۆ دونیای رووناکبیریی فەرەنسا و تەنانەت هەموو جیهان خەسارێکی گەورەیە] رەقیبی پێشووی «سارتر» وتەکانی سەردەمی هاورێیەتی بۆ رەقیبی لەدەستچووو بەکار دێنێتەوە و دەنووسێت: " کامۆ لەو سەدەیەدا و بە پێچەوانەی مێژوو، میراتگری ئێستای رێبازی دووروودرێژی رەوشتخوازانێک بوو کە بەرهەمەکانیان رەنگە رەسەنترین کاری ئەدەبی فەرەنسا بێت. لەودا ئۆمانیزمی سەرسەخت و تەنگ و پاڵاوتوو، خەکەڕا و هەستیار، لە شەڕێکی جێی گومان لە دژی رووداوە بێ ناوەڕۆک و لە نێو یەک ئاخێندراوەکانی سەردەمی ئێمەدا بوو. بەڵام لە لایەنی پێچەوانەکەی، بە کەڵک وەرگرتن لە کەلەرەقی و پێداگری لە رەتکردنەوەکاندا، لە دڵی سەردەمی ئێمەدا، لە دژی ماکیاوێلەکان و لەدژی گوێلکی زێڕینی ریالیزم لەسەر بەشداری و بوونی حەقیقەتی ئەخلاقی تەئکیدی دەکردەوە".

مێرلۆپۆنتی ساڵی 1955 لە بیروڕادەربڕین سەبارەت بە مارکسیزم کتێبێکی بە ناوی «**رووداوەکانی دیالکتیک**» بڵاودەکاتەوە، نیوەی ئەو لێکۆڵینەوەیە کە بە ناونیشانی «سارتر و ئۆلترا بۆلشویزم» ە و تایبەتە بە هاوکاری پێشووی لە گۆڤاری «سەردەمی نوێ»دا و ناوەڕۆکەکەی لێکدانەوەیەکی رەخنەگرانەیە لە روانگەکانی سارتر سەبارەت بە کۆمۆنیزم و

پرۆلیتاریا و «کۆتایی مارکسیزمی فەلسەفی» ، «شیرینییەکی تێکەڵ بە خەیاڵ» و «کەلەرەقی چارەسەرنەکراو» و «تووند و تیژی شاراوە» و هەڵویستی تاقەت پروکێنی سارتر کە بڕیاری لەشکست نەهاتووی کۆمۆنیزم دەدات بە بێ ئەوەی تێکەڵی بێت، ئەو نووسراوەکەی خۆی بەمشێوەیە درێژە پێدەدات؛

سارتر لە دەرەوەدا نارەزایی دەردەبڕێت بەڵام هەمیشە سەلماندوویەتی کە وەک کەسێکی وەفادار لە دوورەوە وەستاوە، لە مافی ئەو رەخنەیەی کە بۆ خۆی پاراستوویەتی، هیچ کات کەڵک وەرناگرێت، لەترسی ئەوەی کە زێدەرۆیی تێدا بکات.

[چاپ و بڵاوبوونەوەی کتێبی **«دستە گڵاوەکان»** ساڵی 1948 و نارەزایی دەربڕینی توندی سارتر بۆ هێرشی سەر یەکێتی سۆڤییەت، ساڵێک پاش بڵاوبوونەوەی کتێبی مێرلۆپۆنتی و هێرش بۆسەر ئەم وڵاتەش لە ساڵی 1968دا پێچەوانەی ئەو نووسینانە دەردەخات و هەروەها دەبێ ئەوەش بڵێین کە کۆتایی بەشی هەرە زۆری «مارکسیزمی فەلسەفی» پەیوەندی بە لنینەوە هەیە کە سارتر بەدوای ئەو رەوتەدا دەچێت.] مێرلۆپۆنتی درێژەی پێدەدات؛ ئێمە دەتوانین لە خۆمان بپرسین کە بەرپرسایەتی وەک چەمکێک کە سارتر بەکاری هێناوە، پەیوەندی و نەریتە بەکردەوەکان بۆ پەیوەندی و نەریتەکانی بینەربوون، گۆڕان بەسەر فۆرم و شێوەیاندا ناهێنێت.

بەڵام هەڵویست گرتنی مێرلۆپۆنتی لەهەمبەر کۆمۆنیزم چۆن بوو؟

ناوبراو ئەو بابەتە لە دەستەواژەی «A-Commisme»دا کورت دەکاتەوە کە لە «ئەنجامێکی نەناسراو» دا خۆی دەردەخات و لە قۆناغی یەکەمدا سپاردنی ئەو بەڵێنییەیە کە بەبێ شەیدایی و بەبێ خراپەگۆیی، ئەوەی کە دەکرێ سەبارەت بە یەکێتی سۆڤییەت بزاندرێت، دەبێ بخرێتە ژێر لێکۆلینەوە و خوێندنەوەی بۆ بکرێت. هەر لێرەدا مێرلۆپۆنتی ئەوەمان وەبیر

دێنێتەوە کە؛ «گۆڤاری سەردەمی نوێ» لە دەسپێکی کارەکەیدا داوای لە دامەزرێنەرانی خۆی کردبوو کە سەر بە هیچ حیزب و هیچ کەنیسەیەک نەبن، چونکە ئەگەر لەوە پێش لە تێگەیشتن و هەڵێنجانی هەموو شتێک بەرپرسایەتیان نوواندبێ، ئیتر ناتوانن هەموو شتێک بخەنەوە بەر دەم بیرکردنەوە و ئەندێشە و هزری سەرلەنوێ.

"سارتر وەڵام ناداتەوە. سیمۆن دۆبووڤار بە تەواوی ئەوە لەبەر چاو دەگرێت کە مێرلۆپۆنتی لە ریزی سەگە نیگابانەکان دابنێت."

سارتر ساڵی 1954 لە گەڕانەوەی سەفەری یەکێتی سۆڤییەتدا «کەتیایدا پێشوازی بێ وێنەی لێکراوە»، شەش چاوپێکەوتن لەگەڵ رۆژنامەیەک سەبارەت بە ناواخنی کۆمۆنیست ئەنجام دەدات کە بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر «کەسێکی دژی گەڕانەوە ژید لە یەکێتی سۆڤییەتە» و زێدەرۆیی نییەت پاکی سارتر وەک «هاورێیەکی رێگا»ی حیزبی کۆمۆنیست بە شێوە و رووخسارییەوە دەبیندرێ.

سارتر دەنووسێت؛ "ئازادی رەخنەگرتن لە یەکێتی سۆڤییەت بێ عەیب و تەواوە، پەیوەندی بە خەڵکەوە لەهەر ئاستێکدا بێت، بەربڵاو، ئاسان و رێگەپێدراو و مومکینە. لە نێوان 1960 تا 1965 ئەگەر فەرەنسا هەر وا لە جێی خۆیدا ماوەتەوە، ئاستی مامناوەندی ژیان لە یەکێتی سۆڤییەت لە سەدا سی تا چل لە سەرووی ئێمە دەبێت. تەنیا پەیوەندی مەنتقی بۆ فەرەنسا بۆ هەموو مرۆڤەکان، پەیوەندی دۆستایەتی و یەکدڵی و ڕووراستییە."

راپۆرتی خرۆشچۆف و راپەرینی هەنگاریا (مەجارستان)، چاوانی ئەو هاوپەیمانە و «هاورێیانی رێگای سەرفرازی» دەکاتەوە و لە ئاستێکی گشتیدا کەلێنێکی قوڵ لە نێوان ریزی کۆمۆنیستەکان و «هاورێیانی رێگا» دروست دەکات.



سارتر 1956 لە ژووری کارەکەیدا

سالی 1956 سالێکی پڕ ڕووداوە، لە هەڵبژاردنەکانی فەرەنسا لایەنی چەپ سەرکەوتن بەدەست دێنێت، لە شەڕی ئەلجەزایر سالێک تێپەڕیوە و ئاسۆ تاریکە. ڕۆژنامەی بەناوبانگی «لۆمۆند» ڕاپۆرتی خرۆشچۆف لەسەر بنەمای جینایەتەکانی ئێستالین بڵاو دەکاتەوە و سارتر لە وتارێکدا ڕایدەگەیەنێت کە ئێمە ئامادەین لە «ئێستالین سڕینەوە»دا هاوکاری حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسا بکەین، ئەم ڕاپۆرتە شۆرشگێرانی حیزبی تووشی سەرسووڕمان دەکات. دەبابەکانی یەکێتی سۆڤییەت ڕاپەرینی جەماوەری هەنگاریا (مەجارستان) تێکدەشکێنن. «سارتر هاوکات لەگەڵ مەحکوومکردنی ئەو هێرشە، گۆڤارێکی سێ ژمارەیی تایبەت لەسەر ئەم ڕاپەرینە دەردەکات».

جەمال عەبدولناسر درگەی سۆئێز لەسەر کەشتییەکانی ئیسرائیل دادەخات، دوای ئەوەی ئەمریکا ئامادە نەبوو هاوکاری ناسر بکا لە دروستکردنی بەنداوی ئەسوان، میسر داوای هاوکاری لە یەکێتی سۆڤییەت

دەکات. ئیسرائیل دێتە ناو سینا و بەریتانیا و ئەمریکا هێرش دەکەنە سەر میسر، یەکێتی سۆڤییەت ئۆلتیماتۆم «دواپین پێشنیاز» رادەگەیەنێت. دوو وڵات بە ئاماژەی ئەمریکا شەڕ دەوەستێنن و ئەوە بە واتای شکست دێت. مەسەلەی «هاورێیانی رێگا» بە کردەوە کۆتایی پێدێت. حیزبی سووسیالیستێکی نوێ لە پاڵ حیزبی کۆن پێک دەهێندرێت کە هەڵبەت حیزبێکی بچووکە و بەڵام یەک دوو سیاسەتمەداری لێهاتوو پێشکەشی هەموو ئەم لایەنە دەکات.

ساڵی 1957 دوابەدوای بەردەوامبوونی شەڕ لە ئەلجەزایر، هەندێ نائارامی و پشێوی لە فەڕەنسا دێتە ئاراوە، بە ناچاری روو لە «پیاوی بەهێز» – دوگول- دەکەن کە دواتر دەبێتە سەرۆک وەزیران و مالرۆ دەبێتە جێگرەکەی. کۆماری چوارەم ئیتر توانای درێژەپێدانی ژیانی نەماوە، دوگول پێشنیاری یاسایەکی بنەڕەتی نوێ دەکات کە ساڵی 1958 لە هەڵبژاردنێکدا بە رەزامەندی لە سەدا هەشتای دەنگدەران، ریفراندۆم پەسەند دەکرێت. دوگول دەبێتەوە سەرۆککۆمار و هیچ چارەیەکی دیکە جگە لە بەخشینی سەربەخۆیی بە ئەلجەزایر نییە، بەڵام بەشێک لە هێزە چەکدارەکانی فەڕەنسا لەهەمبەر ئەو بڕیارەدا ساڵی 1960 بە ئاشکرا و بە رەسمی نارەزایی دەردەبڕن و شۆرش وەرێدەخەن. «فرانسیس ژانسۆن» دێتە ناو چالاکییە ژێرزەمینییەکانی لایەنگریی سەربەخۆیی ئەلجەزایر. سەد و بیست و یەک کەس لە رووناکبیرانی فەڕەنسا لە بەیاننامەیەکدا داوا لە سەربازانی فەڕەنسی دەکەن فەرمانە سەبازییەکان بەجێ نەهێنن و سەپێچی بکەن. بۆ ئاگاداربوون لە رەوشی کامۆ پێویستە چەند ساڵێک بۆ دواوە بگەڕێینەوە، ناوبراو ساڵی 1957 خەڵاتی ئەدەبی نۆبێل وەردەگرێت و لە ستۆکهۆڵم سەبارەت بە هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە ئەلجەزایر رادەگەیەنێت: " من ساڵێک و هەشت مانگە بێدەنگیم کردووە، بەڵام ئەو بێدەنگییە بەو مانایە نایەت کە من لە کردەوە دەستم کێشابێتەوە، من هەمیشە لایەنگری ئەلجەزایرێکی دادپەوەر بووم کە لە پانتایی ئەو وڵاتەدا دوو نەتەوە دەبێ بەردەوام لە ئاشتی و بەرابەریدا ژیان پێکەوە

بکەن، من هەمیشە گوتوومە و دووپاتم کردۆتەوە کە دەبێ لەگەڵ خەڵکی ئەلجەزایر بەمشێوەی کە شایەنی ئەوانە هەڵسوکەوت بکرێت و رژیمێکی دیموکراتیکی پێ ببەخشرێت تا ئەوەی کە ئیتر رووناکبیرێک کە بیروڕا و بۆچوونەکانی لەوانەیە مەترسی زیادبوونی ترس و تیرۆری بەدواوە بێت، ئیزنی دەستێوەردان بە خۆی نەدات. بە باوەڕی من وا باشترە چاوەڕوان بین تا کاتی گونجاو بۆ هاوپەیمانییەک لە جیاتی جیاکردنەوەیەک دەگات. من هەمیشە تیرۆرم [لە لایەنی فەرەنساوە] مەحکووم کردووە، من هەروەها دەبێ ئەو تیرۆریزمەی کە کوێرانە لە کۆڵانەکانی ئەلجەزایر روودەدات و لەوانەیە رۆژێک ئامانجی دایکی من یان بنەماڵەی منیش بێت مەحکووم بکەم. من بڕوام بە دادپەروەری هەیە بەڵام بەر لە دادپەروەری دەبێ بیر لە دایکم بکەمەوە."

هەڵبەت ئەم گوتارە دژکردەوەیەکی پێویست نییە، چونکە کامۆ لە نێوان «جووڵانەوەی بێرەحمانەی مێژوو» و «شایەتیدانی دڵ بۆ دادپەروەری»، دووهەمیان هەڵدەبژێرێت. تەنانەت ئارۆن گوتەکانی کامۆ بە «تێڕوانینی داگیرکەرێک کە نییەتی چاکە»ی هەیە شرۆڤە دەکات بەلام وینوک خوێندنەوەیەکی باشی بۆ کامۆ هەیە؛

کامۆ لە سەردەمێکدا دەمرێت کە بنەماڵە رووناکبیرییەکەی ئەویان لەبیر کردبوو و لە دابڕگەیان دانابوو و لە کەلەرەقی و پێداگریی کامۆ کە ببوو بە وێنا و بیری ئەو، خۆش نەببوون.



«فرانتس فانوون 1925-1961»

سالّی 1961 کتێبی «دۆزەخیانی سەر زەوی Les Damnés de la Terre» بەرهەمی «فرانتس فانوون Frantz Fanon» بە پێشەکی سارتر چاپ و بڵاودەکرێتەوە. ساڵی 1962 ئەلجەزایر سەربەخۆیی رادەگەیەنێت و شەڕ کۆتایی پێدێت. لە 1962 تا تەقینەوەی 1968 فەڕەنسا شاهیدی چەند رووداوێکی گرنگی کۆمەڵایەتییە؛ تەواوبوونی کۆمەڵگەی بەکارهێنەر، تەلەڤزیۆن بوو بە راگەیەندنێکی گشتی، پەرەسەندنی پێکەوە ژیانی ئاشتییانە، شەڕ و ململانێی دوگول لەگەڵ دوو زلهێز و لە بواری فەلسەفەدا سەرکەوتنی ئێستروکتورالیزم دەبیندرێت.

ئێستروکتورالیزم «بیرۆکەی رەسەنایەتی داڕشتن یان پێکهاتە» لەسەر ئەو باوەڕەیە دەبێ لە سەردەمی ئایدئۆلۆژییەکان کە کەم و زۆر بڕوبیانوو و

تۆمەتی مەزهەبییان لەسەرە، کۆتاییان پێ بێت و [ لەهەمبەر رەسەنایەتی مرۆڤ] روو لە زانستخوازی بکرێت. ئەوەی کە گرنگی و بایەخی هەیە هەڵوەستەکردن لەسەر هۆکاری دیاردەکان نییە، بەڵکوو بۆ شیاوی تێگەیشتن کردەوەی پەیوەندییەکانی بەرانبەر بە یەک لە نێوان توخمە پێکهێنەرەکانی دیاردەکان و پێکهاتە و دارشتنی ناوەوەی رێکخراوی دروستکراوی «پێکهاتە Structure» ئەوانە. ئەم سیستەمە بە گوێرەی بنەما و شێوازی وەرگرتنی خۆی، شێوازێکی دیکە لە وێڵکردنی مێژوویە، بەو مانایە کە ئیتر لە مێژوو ناخوازن کە ناوی رەمزی ناسین و ئاگایی هەبێت. بنەما و دیسپلینەکانی مێژوو خۆی لە ژێر کاریگەری ئێستروکتورالیزم، ناونیشانی «مێژووی نوێ» بە خۆوە دەگرن.



«کلۆد لۆی ئێسترۆس 1908-2009»

لەم بوارەدا «کلۆد لۆی ئێستڕۆس Claude Lévi-Strauss»، ئێستراکتۆرالیستێکە لە بواری مرۆڤناسیدا. فۆکۆ —لە سەرەتای کارەکەیدا- لە بواری فەلسەفەدا، لاکان لە بواری دەروونناسیدا و ئالتۆسێر لە بواری مارکسیزمدا «کە لە ناوەندی مائۆئیزم جێدەگرێت».

ساڵی 1964 کتێبی «وشەکان»ی سارتر جارێکیتر ناوی ئەو دەخاتەوە سەر زاری جەماوەر. دەزگای چاپەمەنی «ماسپرۆ» دادەمەزرێت، کە بە بەرهەمەکانی چیگوارا و کاسترۆ و فانوون و کەسانی دیکە بە ئاشکرا حەز و مەیلی «جیهانی سێهەم»یان هەیە. ئەو چاپەمەنییە کتێبفرۆشییەکی دوو نهۆمی لە گەڕەکێکی زانکۆیی هەبوو، بەپێچەوانەی کتێبفرۆشییەکانی دیکە دەکرێ لەوێ بە خوێندنەوەی کتێبەوە خۆت سەرقاڵ بکەی، ژێرزەمینە گەورەکەی چاودێرێکی تێدا نییە، هەر لەبەر ئەوەش گەلێک کتێبی بەنرخ لەلایەن ئەو کەسانەی کە سەردانی ئەو شوێنە دەکەن دەدزرێت، بەرپرسی چاپەمەنییەکە ناچار دەبێت لە ڕێگای ڕۆژنامەکانەوە داوا لە خەڵک بکات کە ئەگەر بەمشێوەیە بەردەوام بن لە دزینی کتێب ئەوە هیچی بۆ نامێنێتەوە و تێدادەچێت. دواتر لەگەڵ چاپەمەنییەکی دیکە و بە ناوێکیتر شەریک دەبێت.

ساڵی 1967 ساڵی «شەڕی شەش ڕۆژەی ئیسرائیل و عەرەبەکانە». ساڵێک بەر لەوە دادگایی سارتر- ڕاسل بۆ پێداچوونەوە بە جینایەتەکانی ئەمریکا لە ڤییەتنام دەست بەکار دەبێت. [وەرگێڕانی داخوازنامەی سارتر بە ناونیشانی «کوشتاری بە کۆمەڵ» یان «ژینۆساید» بەناوی سارتر لە گۆڤاری «سەردەمی نوێ» بڵاودەکرێتەوە کە دواتر هەر بەم ناوە وەک کتێبێکی سەربەخۆ چاپ دەکرێت.

«گەمژەی بنەماڵە» لە نووسینی سارتر سەبارەت بە فلوبێر لە ساڵی 1967 بڵاودەکرێتەوە، بەڵام ساڵی 1968 بەتووندی فەڕەنسا دەهەژێنێت.

وینوک لەمبارەوە دەنووسێت: "رۆژانی پڕ لە بێ ئوقرەیی مانگەکانی مەی-ژۆئەنی 1968 لە فەرەنسا هێشتاش بەشێک مەتەڵی خۆیان پاراستووە و تەنانەت روون نییە لەگەڵ بوونی ئەو وروووژێنەرە زۆرەی کە لێی بەرهەم هاتووە، کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر لەسەر کۆمەڵگە و ناوەندەکانی فەرەنسا دانابێت. لەوانەیە ئەم رووداوانە، ناراستەوخۆ هۆکاری دەست لەکارکێشانەوەی ژنێرال دوگول لە پۆستی سەرۆککۆماری دوای ریفراندۆمی سەرنەکەوتووی 1969 و پێکهێنانی چاکسازییەک لە سیستەمی زانکۆیی فەرەنسا بووبێت.



«ژان ژنێ 1910-1986»

بەڵام بێشک رووداوەکانی مەی 1968 کاریگەری لەسەر نەوەی گەنجی فەرەنسا هەبوو و فەرەنسا هاتە ناو قۆناغێکی نوێی پەیوەندییەکان. تاکوو ئێستاش پلانی ئەم رووداوە بە تەواوی دانەرێژراوە، ئارۆن ئەم بزووتنەوەیە بە

«شەڕیکی خاچ ئاسا بەڵام بە بێ خاچ یان بە شەڕێکی بێ مەبەست و بێ ئاکام» ناو دەبات، لەبەرانبەردا سارتر بەتەواوی لەگەڵی هاوڕایە، ئەم بزووتنەوەیە هەشت تا نۆ میلیۆن مانگرتوو دێنێتە ناو ریزەکانی خۆی، خوێندکاران تەنیا داوا لە دوو کەس دەکەن بۆ پێشکەشکردنی وتارەکانیان، ئەوانیش بریتین لە «سارتر» و «ژان ژنێ».

پرسیارێکی زۆر رووبەرووی سارتر دەکرێتەوە و سارتر لە کۆتایی قسەکانیدا دەڵێت: ئەم بزووتنەوەیە بۆ پەیوەندی نێوان سووسیالیزم و ئازادییە. جێگای ئاماژە پێکردنە کە خوێندکاران لە گروپە جۆراوجۆرەکان پێکدەهاتن کە رۆژ و شەو پێکەوە- لەویش گرنگتر- لەگەڵ خەڵک لە پەیوەندی دابوون و بیر و ڕایان دەگۆڕییەوە، بەڵام گرنگترینی ئەو گروپانە حەز و مەیلی کۆمۆنیستییان هەبوو «بەبێ ئەوەی سەر بە حیزبی کۆمۆنیست بن» و هەروەها «ئانارشیزمەکان بە حەز و مەیلی نوێ».

ململانێ و ناکۆکی سەرشەقام دەگوازرێتەوە ناو گۆڤار و رۆژنامەکان بە تایبەتی ململانێی نێوان سارتر و ئارۆن کە باسێکی زۆر هەڵدەگرێت و خوێندنەوەی زۆری بۆ دەکرێت. لە رووداوە گرنگەکانی ئەو ساڵە داژایەتیکردنی ئاراگۆنە لەسەر هێرشی یەکێتی سۆڤییەت بۆسەر چیکوسلواکی کە ئاکامەکەی رێگری کرا لە هاتنەناوەوەی هەفتەنامەکەی ئەو بۆ ناو خاکی یەکێتی سۆڤییەت، کە زەرەرێکی زۆریشی بەم بڵاوکراوەیە گەیاند.



«موریس کلاوێل 1920-1979»

لەومیانەیەدا نووسەرێکی فەڕەنسی –موریس کلاوێل- خوودی مارکسیزم دەکاتە ئامانج و ئەو «لە روانگەی مێژووییەوە بە باسێکی کۆن و سووتاو» ناوی دەبات کە «شانسی مێژووییەکەی تێپەریوە».

دوگول دوای ریفراندۆمە سەرنەکەوتووەکەی 1968 دەست لەپۆستەکەی هەڵدەگرێت و واز دەهێنێت، سۆلژ نیتسین ساڵی 1970 خەڵاتی ئەدەبی نوبێل وەردەگرێت، بەلام بە تاوانی ئاشکراکردنی نهێنییەکان ساڵی 1974 لە یەکێتی سۆڤییەت دەردەکرێت، سەرکەوتنی وەرگێرانی کتێبەکەی «کۆمەڵە دورگەکانی گولاگ» لە فەڕەنسا بەمشێوەی وینوک باسی لێوە دەکات، هەرا دەنێتەوە و لەماوەی چەند حەوتوویەکدا 700 هەزار نوسخە لەو کتێبە دەفرۆشرێت، شەڕ و ململانێیەکی دژوار لە نێوان رووناکبیران دروست دەبێت و چەپ «جگە لە سووسیالیستەکان» بەسەر دوو بەرەدا دابەش دەبن. ئەمجارە چەپی دژی تووتالیتاریزم بەراستی لە فەڕەنسا دێتە مەیدان، لەو میانەدا هەفتەنامە پلە یەکەکانی وەک «نۆڤێل ئۆبسێرواتۆر **Le Nouvel Observateur**» و «ئێکسپرێس **L’Express**» رۆلی گرنگیان هەیە.

ساڵی 1979 یەکێتی سۆڤییەت پەلاماری ئەفغانستان دەدات کە ئاکامەکەی دەزانین. دوای سەرکەوتنی کۆمۆنیستەکان لە ڤییەتنام هەندێ کەس بە بەلەمە بچووکەکان لەم وڵاتە هەڵدێن و بەبێ ئەوەی شوێنێک هەبێت رووی تێبکەن، لە دەریادا سەرگەردان دەمێننەوە. ئەم گروپە بە «بەلەم نشینان» دەناسرێن. بیرمەندێکی خێرخوازیی فەرەنسی، «سارتر و ئارۆن»- ئەم دوو دژیاری ساڵیانی دوور و درێژ- بۆ کۆشکی ئالیزە دەبات تا رێگاچارەیەک بۆ سەرگەدانەکانی ناو دەریا بدۆزنەوە.



«ژان فرانسوا لیوتار 1924-1998»

سارتر ساڵی 1980 دەمرێت و ئارۆن لە 1983 دا. بە مەرگی ئەم دوو نووسەرە قۆناغێکی رووناکبیریی کۆتایی دێت. بۆ نموونە «ژان فرانسوا لیوتاری Jean-François Lyotard» فەیلەسووف دەنووسێت: "«جیهانی بیرکردنەوە و خۆت وەک جیهانی وێناکردن» سەردەمی بەسەرچووە و رێک

هەر ئەم یەکێتی کۆمەڵگە و هەر ئەم جیهانیبوونەیە کە لانیکەم لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا لە مەیدانی هزر و ئەندێشە بزرە".

" من ناڵێم کە دەبێ بە چارەنووسی کەسێکی بێبەش «کە سارتر بۆ ڕێگەدۆزینەوە لە پێچ و خەمی دالانی هەزار  پێچ و پەنای نادادپەروەرییەکان ئەوەی کردۆتە کەرەستە و بە گشتی "یەکە"یەکی پێشەیی و ئەزموونی نییە» گرنگی و بایەخی پێنەدا! نا بە پێچەوانەوە، دەبێت لە ڕێگای بەرپرسایەتی ئەخلاقی و مەدەنی ئاوڕ لە ڕەوشی ئەو بدرێتەوە. بەڵام ئەو مەبەست و بایەخ پێدانە تەنیا دەستێوەردانی بەرگریکارانە و هەڵوێستانە بە مەجاز و ڕێگەپێدراو دەزانێت. لەسەرووی ئەمە لەوانەیە سەرشێواوی دروست بکات، هەر وەک چۆن سەرگەردانی لای سارتر دروست بووە.

[لەم ڕوانگەیەوە کەمترین سەرگەردانی لای سارتر بەم هۆیە بوو کە گومانی دەکرد لە نێوان لنین و ئێستالین جیاوازی «بنەڕەتی» هەبێت. لەکاتێکدا ئەم جیاوازییانە تەنیا لە داهێنانەکاندا بوو.]

شایەنی باسە دوای ڕووداوەکانی مانگی مەی «ئوستوورەی چینی» لە لایەن تاقمێکی زۆرەوە «بە گوتەی میشێل وینوک» وەک جێگرەوەی "ئوستوورەی یەکێتی سۆڤییەت" هەڵبژێردرا. [بە گوتەی کاسیرێر، هەڵاتن لە چنگی ئوستوورە کارێکی زۆر بچووک و ئاسان نییە].



«ئاندرێ گۆرز 1923-2007»

«ئاندرێ گۆرز **André Gorz**» زووتر لە زۆربەی چەپەکان ماڵاوایی لە پرۆلیتاریا کرد، «فرانسوا فۆرێ **François Faure**» مێژوونووس و بیرمەندی ناسراو ساڵی 1982 «ناوەندی سان سیمۆن **La fondation Saint-Simon** » دادەمەزرێنێت.

«پییەر بۆردیو Pierre Bourdieu» ئاماژە بە مەترسی «تەلەڤزیۆنبوونیی رووناکبیران» دەکات، چونکە لەراستیدا تەلەڤزیۆن کەمتر بایەخ بە ناوەرۆکی گوتارەکان دەدات تا خوودی کەس یان کەسانێک کە خاوەنی ئەو گوتارانەن. «پەردەی بچووک» کەرەستەی سەرکەوتن لە پێگەی کۆمەڵایەتییە و رووناکبیریی تەلەڤزیۆنی، دوایین گۆڕانی شێوەیە لە کۆی ئینتلی گنتسیای زەماندا.

رووخانی دیواری بەرلین 1989 و لەناوچوونی یەکێتی سۆڤییەت لە 1991 دا، مێژووخوازیی چەپ [کە پۆپێر پێش لە 50 ساڵ ئاماژەی بە پووچەڵکردنەوەی کردبوو] تێک دەشکێنێت.

هەندێ لەسەر ئەو باوەڕەن کە رووناکبیریی رەسەن و حەقیقی ئێستا ئیمکانی ئەوەی هەیە تا لە پاکی و یەکدڵی سەرەتایی خۆی زایینێکی نوێ بەخۆوە ببینێت. ئەوە باوەڕی «ژاک ژولیارە **Jacques Julliard**» کە لە 1986دا دەنووسێت: لە ئێستادا لەم وڵاتە، لە پەراوێزی سیاسەتدا کۆمەڵگەیەکی رووناکبیریی خەریکی خۆڕێکخستنە، کە خاوەنی یاسا و سیستەمە بایەخییەکانی تایبەت بە خۆیە و ئیتر پاشماوەیەکی سادە و ساکاری حیزبەکان نییە.

میشێل وینوک لە کۆتایی کتێبەکەی خۆیدا «بە شێوەیەک بەئەنجام گەیشتن»وە خەریک دەبێت، لە رووداوی دریفوسدا لە ئاوابوونی مەسیحییەتێک کە هەڵویستی بەرەنگاربوونەوەی بەخووە بینیبوو، رووناکبیران بایەخێکی ئەخلاقی وەدەست دێنن کە دەبێتە هۆی پێشەوەچوونیی کۆمارییەت و فێرکارییە گشتییەکان و پەرسەندنی راگەیاندنی بەدواوە دەبێت.

دەکرێ بە سانایی ئەم پێناسەی سارتر وەربگرین کە دەڵێت: لە بنەما و ریشەوە، کۆی رووناکبیران بە وێنەی چینێکی جۆراوجۆر لە کەسانی ناو کۆمەڵگە خۆدەردەخەن کە لە رێگەی ئەو کردەوانەی کە لە خاڵی دەسپێکی هۆشمەندییەوە سەرچاوەی گرتووە،«زانستی پوخت کە لایەنی تیئۆری هەیە، زانستی بەراوردکاری، پزیشکی و ئەدەبیات و هتد» ناوبانگیان بەدەست هێاوە و لەو ناوبانگییە بۆ چوونەدەرەوە لە چوارچێوەی خۆیدا بۆ رەخنەگرتن لە کۆمەڵگە و ئەو هێزانەی کە بە ناوی تێگەیشتنی گشتی و دوگمخوازانە «شاراوە یان ئاشکرا، رەوشتخواز یان مارکسیست» لە مرۆڤدا، لە پلە و پایەی خۆیاندا جێگیر بوون، بۆ سەرووتر دەڕۆن.

«ژولین بێندا **Julien Benda**» ساڵی 1927 خۆی بە پەیامی رووناکبیرییەوە سەرقاڵ دەکات، بێندا ئەو رووناکبیرانەی کە دەستەوداوێنی

سیاسەت دەبن و کاریگەری ئاخاوتە و  بەشکۆیی خۆیان لە مەسەلە تایبەتییەکانی وەک رەگەز، چین و توێژ یان نەتەوە بەرپرسیار دەزانن و دەیانخاتە بەردەم رەخنە و هۆشدارییان پێدەدات. رووناکبیر نموونەی مرۆڤێکی دوور لە بەرژەوەندخوازییە «کە هەوڵ و چالاکییەکانی ئەو بۆ گەیشتن بە هیچ ئاکامێکی کردەوەیی نییە» و ئەگەر خۆی تێکەڵ بە رووداوە سیاسییەکان دەکات، ئەو خۆتێوەردانە بە ناوی «مرۆڤایەتی» و بەناوی «دادپەروەری» و بە شێوەی کورتکراو «بەناوی بنەمایەکی ئەبستراک یان دەرهەست»، زۆرباش و راستەوخۆ لەسەر رێی دژایەتیکردنی حەز و خولیا سیاسییەکان ئەنجام دەدات.

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە رووناکبیران بە «شۆرشگێریی رۆحانی ئەم جیهانە» دەگۆڕدرێن، بێندا پەیامی رووناکبیر بەو پێناسەیە دەست نیشان دەکات: "رووناکبیر ویژدانی خەتاکاری جیهانی «دژەمەزهەبی «لائیک»و کردەوەخواز» و دابینکەر یان شایەتی شارستانییەت بە واتای «راسپاردنی ئەولەوییەتی ئەخلاقی بە رێبازی رۆحانی و هەستیاری ئەم جیهانبینییە» دێت.

لە دەیەی سی دا بەشێک لە رووناکبیران- جگە لە مارکسیستەکان- بروایان بە «شۆرشێک» هەیە کە لە پلەی یەکەمدا دەبێت **«رۆحی و مەعنەوی»** بێت و ئەو ئەرکانە بە دەرهەست نازانن و بڕوایان وایە کە دەبێ مرۆڤ و داهاتووەکەی لە پەرەسەندنی بەشدارییە کۆمەڵایەتییەکان و مێژووەکەیدا ببینین، دواتر نۆرە دەگاتە فاشیزم و دژایەتیکردنی ئەو چەمکە.

لە روانگەیەکی دوورەوە بۆ شەڕی سارد دەکرێ ئەم قۆناغە بە شێوەیەک لەناوچوونی هزریی رووناکبیریی ناو بنێین کە هاوکاتە لەگەڵ وازهێنان و چاوپۆشی لە سەربەخۆیی ئەندێشە – بەقازانجی مەنتقی حیزبی- یان لە پەروایزی هاوتەریب لەگەڵ کۆمۆنیزم بە قازانجی ئوستوورەناسییەکی شۆرشگێری کە ئەمرۆ لەبەردەم شک و گومان دایە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا

ناکرێ ئەوە لەیاد بکەین کە لەم قۆناغەدا لە بەرپرسایەتی تامەزرۆیانە و بەگوڕوتین، زۆربەی رووناکبیران رۆڵیکی تایبەت و سەربەخۆ دەگرنە پێش و بەر لەهەر شتێک لە بواری شەڕی دژ بە داگیرکاریدا، دوای شەڕی جیهانیی دووهەم، داگیرکردن و بارودۆخی داگیرکاری بەرلەوەی لەلایەن حیزبە چەپەکانەوە بایەخی پێ بدرێت، لەلایەن گروپێک لە رووناکبیران مەحکووم دەکرێت کە لە گۆڤاری «**سەردەمی نوێ**» بۆ «**ئێسپری**» یان لە «**ئێسپری**» بۆ «**نوڤێل ئێبسرواتۆر**» دەچن و بیرو ڕای خۆیان دەردەبڕن.



«ئاگوست کۆنت 1798-1857»

بەرگری لە وڵاتانی داگیرکراو و مەحکوومکردنی داگیرکەر باشتر لە هەر ئارمانجێکی دیکە بەرپرسایەتی رووناکبیران لە سیاسەتی فەرەنسای ئەو سەردەمدا دیاری دەکات.

دواتر وینۆک بە رستەیەک کێشەی کۆن و نوێ دەخاتە بەرباس [لەهەمبەر هێزی نامەعنەوی کەنیسەدا]، سان سیمۆن، ئاگۆست کۆنت و ئالەن بە نۆرە هاوسەنگی پێویستی هێز و دەسەڵات لەلایەن رۆحانییەت و مەعنەوییەت فورمول بەندییان کردووە.

هێزی ماددی کە تەنیا بیر لە مەنتق و قازانج و بەرژەوەندی خۆی دەکاتەوە، لەو مەترسیەدا خۆی دەبینێتەوە کە بناغە و بنەمای ئەخلاقی کۆمەڵگەی سیاسی لەبەرچاو دوور بخاتەوە. لەو روانگەیەوە، رووناکبیران سەرەتا پەیامێکی رەخنەگرانەیان هەیە کە لە «بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ» باسی لێوەکراوە.

## سەرچاوەکان؛

**مێژووی ڕووناکبیریی فەڕەنسی لەسەدەی بیستەمدا** – ڕامین جیهانبەگلوو- وەرگێڕانی جەمال نەجاری

**بنەما فەلسەفییەکانی ڕووناکبیریی فەڕەنسا لەسەدەی بیستەمدا** – ڕامین جیهانبەگلوو- وەرگێڕانی؛ جەمال نەجاری

**ڕووناکبیرانی فەڕەنسا** – یوهان ئانگێرمولێر –وەرگێڕان بۆ فارسی؛ مهرداد امامی- وەرگێڕان بۆ کوردی؛ جەمال نەجاری

**سەدەی ڕووناکبیران «1898 تا 1998» لە فەڕەنسا** – دوکتور مستەفا ڕەحیمی- وەرگێڕانی؛ جەمال نەجاری

### سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی؛

- John Murray, Christopher, «2004», Encyclopedia of Modern French Thought, New York, London: Fitzroy Dearborn: Entry of Intellectuals
- **« Alfred Dreyfus**» http://fr.wikipedia.org/wiki/Alfred_Dreyfus
- « **Dreyfus réhabilité»** http ://www.assemblee-nationale.fr/histoire/dreyfus/dreyfus-chrono.asp

## پێڕست


پێشەکیی وەرگێڕ؛ 6

وشەی رووناکبیر لە چییەوە هاتووە؟ 9

رووناکبیرانی فەڕەنسا 12

ژیان و بەسەرهات و بیروڕای چەند نووسەری بەناوبانگی فەڕەنسا لەسەر رووناکبیر 29

ژیان و بەسەرهاتی ئالفرێد دریفوس 51

دریفوس «خاڵی دەسپێکی رۆشنبیری لە رۆژاوا» 58

مێژووی رووناکبیریی فەرەنسی لەسەدەی بیستەمدا 63

بنەما فەلسەفییەکانی رووناکبیریی فەڕەنسا 98

سەدەی رووناکبیران «1898 تا 1998» لە فەڕەنسا 112

کاریگەری شۆرشی رووسیا لە سەر رووناکبیرانی فەڕەنسا 127

سەرچاوەکان 198

# L'Histoire intellectuel de la France

Jamal NAJARI